# حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بەغدا رێککەوتوون لەبارەی بەشداری هەولێر لە کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکان

ئەندامێکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ڕایگەیاند، هەر لە زووەوە داواکاریی کورد ئەوە بووە، کە پێویستە هەرێمی کوردستان نوێنەری لە شاندە عێراقییەکاندا بۆ دەرەوە هەبێت، ئێستاش حکوومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان لەبارەی پەیوەندییەکانی دەرەوە ڕێککەوتوون. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**


تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5813) یەک شەممە 25ی ئاب 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار


## ئەنجوومەنی وەزیران و سەرۆکایەتیی پەرلەمان لێژنەیەکی باڵا پێکدەهێنن

سەرۆکی لێژنەی دەستپاکیی پەرلەمانی کوردستان باس لەوە دەکات، کە سەرۆکایەتیی حکوومەت و پەرلەمان لە گفتوگۆدان بۆ تێپەڕاندنی پرۆژەیاسایەکی گرنگ کە دواجار سوود بە هەموو خەڵکی کوردستان دەگەیەنێت. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**



### سەرۆکی هەرێمی کوردستان:

## لە پێشخستنی ئازادییە ئایینییەکان بەردەوام دەبین

نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە توێتێکدا ڕایگەیاند، بەردەوام دەبین لە پێشخستنی ئازادییەکانی ئایینی. بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی یادکردنەوەی قوربانیانی دەستی توندوتیژی لەسەر بنەمای ئایین و باوەڕ، سەرۆکی هەرێمی کوردستان توێتێکی بڵاو کردەوە. لە توێتەکەدا نێچیرڤان بارزانی ڕایدەگەیەنێ کە "هەرێمی کوردستان وەک بەهەشتێکی ئارام دەمێنێتەوە بۆ ئەو کەسانەی لە دەستی ستەم هەڵاتوون" و جەخت لەوە دەکاتەوە بەردەوام دەبن لە بەرگریکردن و پێشخستنی ئازادی ئایینی لە کوردستان.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەشڵێت: لە ڕۆژی جیهانی قوربانیانی دەستی توندوتیژی لەسەر بنەمای ئایین و باوەڕ، جەخت لەوە دەکەینەوە کە هەرێمی کوردستان وەک بەهەشتێکی ئارام دەمێنێتەوە بۆ ئەو کەسانەی لە دەستی ستەم هەڵاتوون و هەروەها بەردەوام دەبین لە بەرگریکردن و پێشخستنی ئازادی ئایینی لە کوردستان.



### مەحمەدی حاجی مەحمود:

## کێشەی نێوان هەرێم و بەغدا بەرەو ئاڕاستەی چارەسەرکردن هەنگاو دەنێت

ڕایگەیاند: گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ شاری کەرکووک پەیوەندی بەڕێککەوتنی هەرێم و بەغداوە هەیە، بەڵام پێم وانییە لەم دۆخەی ئێستادا ئاسان بێت پێشمەرگە بگەڕێتەوە کەرکووک، چونکە بەشەڕ دەرکراوین و بەدەست ماچکردن ناتوانین بگەڕێنەوە کەرکووک. گوتیشی: بەغدا و هەرێم لەسەر پرسی نەوت و ناردنی موچەی فەرمانبەرانی سکرتێری حزبی سۆسیالیست دێموکراتی کوردستان ڕایگەیاند کە گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ ناو شاری کەرکووک قورسە و ئاسان نییە، چونکە بەشەڕ دەرکراوین و بەدەست ماچ کردن ناتوانین بچینەوە کەرکووک.

محەمەدی حاجی مەحمود، سکرتێری حزبی سۆسیالیست دێموکراتی کوردستان، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا هەرێمی کوردستان ڕێککەوتن، بێگومان ئەو کێشانە بەرەو چارەسەرکردن دەچێت.

محەمەدی حاجی مەحمود، لە وەڵامی پرسیاری پەیامنێری باسنیوز ڕایگەیاند: هەوڵی ئەوە دەدرێت لەنێوان ئەم چوار ساڵەدا پەیوەندی نێوان هەرێم و بەغدا ئارام بێت، هەروەها ئێستا کێشەی نێوان هەرێم و بەغدۆ بەرەو ئاڕاستەی چارەسەرکردن هەنگاو دەنێت.

## دەزگای خێرخوازی بارزانی کلێنکی یاسایی لە کەرکووک دەکاتەوە

بەمەبەستی چارەسەر کردنی کێشە و گرفتەکانی ئافرەتان لە کەرکووک دەزگای خێرخوازی بارزانی کلێنکی یاسایی دەکاتەوە بۆ ئەوەی لە ڕێگای دادگاوە کێشە و گرفتی ئافرەتانی بێوەژنی سنووری شارەکە چارەسەر بکات، بە تایبەتی ئەو ئافرەتانەی کە شوویان کردووەو گرێبەستی هاوسەرگیریان نییەو ئێستا خاوەنی منداڵن و پیاوەکانیشیان مردوون . **(زیاتر لە ل7 بخوێنەوە)**



## زنجیرەیەک کۆبوونەوە دەربارەی ئاساییکردنەوەی ڕەوشی کەرکووک بەڕێوە دەچن

بڕیارە لە ڕۆژانی داهاتوو زنجیرەیەک کۆبونەوە لە هەولێر و بەغدا پەیوەست بە ئاساییکردنەوەی ڕەوشی کەرکووک بەڕێوە بچن و بەرپرسێکی پارتییش پێی وایە، کۆبوونەوەی ئەنجومەنی پارێزگا و گەڕانەوەی ئاوارەکان مەرجی ئاساییکردنەوەی ڕەوشی کەرکووکە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**



## عێراق.. ئامادەکاری بۆ دارشتنی پرۆژە بوودجەی 2020 دەکرێت

وەزارەتی دارایی عێراق سەرقاڵی دارشتن و ئامادەکردنی پرۆژە بوودجەی سااڵی 2020ی عێراق، ڕاپۆرت و زانیارییە سەرەتاییەکانی بەردەستی وەزارەت ئەمانی نیگەرانکردووە، بەتایبەت پاش بوونی مەترسی لە بەرزبوونەوەی ئاستی کورتهێنانی بوودجەکە بۆ نزیکەی 70 تریلیۆن دینار بەهۆی زیادکردنی زیاتر لە 30 هەزار ئەندامی حەشدی شەعبی وەکو مووچەخۆر و چەند هۆکارێکی دیکەش. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

## بەرپرسێکی ئەمەریکی: لەوانەیە ئیسرائیل هێرشی کردبێتە سەر بارەگاکانی حەشدی شەعبی

بە گوێرەی لێدوانی بەرپرسێکی ئەمەریکی کە بۆ کەناڵی سی ئێن ئێن قسەی کردووە، لەوانەیە ئیسرائیل تێوەگلابێت لە ئەو هێرشانەی مانگی ڕابردوو لەباکووری بەغدا ڕوویدا، وەک ئاماژەیەک بۆ ئەو هێرشانەی بارەگاو کۆگاکانی چەک و تەقەمەنی حەشدی شەعبیی لەعێراق کردە ئامانج. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**




## کەمال کلچدارئۆغلّو: دووخستنەوەی سەرۆک شارەوانییەکان کودەتایە بەسەر سندوقی دەنگدان و ئیرادەی گەل

سەرۆکی گشتیی کەمال کلچدارئۆغلّو ڕایگەیاند، ئەگەر بێت و باسی کولتوور، هونەر، مرۆڤایەتیی، ئازادی بیروڕا بکەین، پێویستە سەرەتا باسی دیموکراسی بکەین. کەمال کلچدارئۆغلّو لە شارۆچکەی بورهانییەی سەربە باڵکێسیر لە میانی گوتارێکدا، جەختی لەوەکردەوە کە دیموکراسیی پێویستیی هەموو کەسێکە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

### سەفین دزەیی:

## ڕادەستکردنی نەوتی کوردستان بە بەغدا لایەنە هونەرییەکەی ماوە

بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئاشکرای کرد، ڕادەستکردنی نەوتی کوردستان بە بەغدا لەڕووی سیاسییەوە بڕیاری لەسەر دراوە، بەڵام لە ڕووی هونەرییەوە کاری پێویستە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**



دارستانی ئەمازۆن کە سەرچاوەیەکی گەورەی ئۆکسجینە بۆ جیهان، چەند ڕۆژێکە ئاگری گرتووە و ئێستاش نەکوژاوەتەوە

## بڕوسکەی سەرەخۆشیی سەرۆک بارزانی بۆ وەزیری پێشمەرگە

**بۆ بەڕێز کاک شۆڕش ئیسماعیل وەزیری پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان**

بە داخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی دایکی بەڕێزتانمان پێ گەیشت.

بەم بۆنە خەمناکەوە سەرەخۆشی لە ئێوە و خانەوادە و کەسوکار و ئاشنایانتان دەکەین و خۆمان بە هاوبەشی خەمتان دەزانین. لە خودای گەورە داواکارین خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرین شاد بکات و سەبر و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت.

**انا لله و انا اليه راجعون**

**مسعود بارزانی**
**2019/8/23**



## مەسرور بارزانی سەرەخۆشی لە وەزیری پێشمەرگە دەکات

مەسرور بارزانی، سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان، لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا، بەبۆنەی کۆچی دوایی دایکی شۆڕش ئیسماعیل، سەرەخۆشی لە وەزیری پێشمەرگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکات.

سەرۆکی حکوومەت لەو پەیوەندییە تەلەفۆنییەدا، هاوخەمی خۆی بۆ شۆڕش ئیسماعیل دەربڕی و هیوای خواست، خوای مەزن کۆچکردوو بە بەهەشتی بەرین شادبکات و ئارامی و دڵنەواییش بە بنەماڵەکەیان ببەخشێت.

عائیشە حەسەن، دایکی شۆڕش ئیسماعیل، وەزیری پێشمەرگەی حکوومەتی هەرێمی، نیوەڕۆی ڕۆژی هەینی 23ی ئابی2019 لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کرد.

### زنجیرەیەک کۆبوونەوە دەربارەی ئاساییکردنەوەی ڕەوشی کەرکووک بەڕێوە دەچن

# دیاری حوسێن: پێویستە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک بڕیار لەبارەی ڕەوشی کەرکووکەوە بدات نەک خەڵکی دیکە




بڕیارە لە ڕۆژانی داهاتوو زنجیرەیەک کۆبوونەوە لە هەولێر و بەغدا پەیوەست بە ئاساییکردنەوەی ڕەوشی کەرکووک بەڕێوە بچن و بەڕپرسێکی پارتییش پێی وایە، کۆبوونەوەی ئەنجومەنی پارێزگا و گەڕانەوەی ئاوارەکان مەرجی ئاساییکردنەوەی ڕەوشی کەرکووکە. دیاری حوسێن، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک و گەرمیانی پارتی، بە مااڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: دوای جەژن دانوستانەکانی نێوان هەرێم و بەغدا لەبارەی پرسی کەرکووکەوە دەستیان پێ کردووتەوە و بڕیارە لە هەرێمی کوردستان و بەغدا و تەنانەت کەرکووکیش چەند کۆبوونەوە دەربارەی ئاساییکردنەوەی ڕەوشی کەرکووک و دانانی پارێزگاری نوێ بەڕێوەبچن، کە ڕۆژانی داهاتوو دەست بەو زنجیرە کۆبوونەوانە دەکرێت. پەیوەست بەوەی حکوومەتی عێراق لەگەڵ دانانی کاندیدی پارتی و یەکێتی بۆ پۆستی پارێزگاری کەرکووک نییە، بەرپرسەکەی پارتی دەڵێت: هێشتا ڕوون نییە، ئەو پرسە و کۆبوونەوەکان دەستیان پێ نەکردووتەوە تا هەڵوێستێکی وەها لە حکوومەتی عێراق ببیستین.

دیاری حوسێن ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە: حکوومەتی بەغداش گەیشتووەتە ئەو باوەڕەی ڕەوشی ئێستای کەرکووک پێویستی بە ئاساییکردنەوە هەیە. ئەمڕۆ ئەنجومەنی پارێزگا کۆ ببێتەوە دەتوانێت پارێزگارێک بۆ کەرکووک هەڵبژێرێت، ئێمە دەڵێین پێویستە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک بڕیار لەبارەی ڕەوشی کەرکووکەوە بدات، نەک خەڵکی دیکە. بەڵای ئێمەوە ئاساییکردنەوەی ڕەوشی کەرکووک بەندە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی پارێزگا و گەڕانەوەی ئاوارەکان و، مەبەست لە ئاساییکردنەوە ئەوەیە.

### دەبێت ماف و شایستە داراییەکانی کۆمپانیا نەوتییەکان ڕەچاو بکرێت

# سەفین دزەیی: ڕادەستکردنی نەوتی کوردستان بە بەغدا لایەنە هونەرییەکەی ماوە

بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئاشکرای کرد، ڕادەستکردنی نەوتی کوردستان بە بەغدا لەڕووی سیاسییەوە بڕیاری لەسەر دراوە، بەڵام لە ڕووی هونەرییەوە کاری پێویستە.

بەگوێرەی باسنیوز، سەفین دزەیی، بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاندووە: ئەو ئامادەکارییەی کراوە بۆ ڕادەستکردنی نەوت وەک پێویست نەبووە، دیارە لە ڕووی سیاسییەوە بڕیارەکە دراوە، بەڵام لە ڕووی هونەرییەوە ماوەتی.

ڕوونیشی کردەوە، کۆمپانیا بیانییەکان هەن کە وەبەرهێنان دەکەن لە کەرتی نەوتی هەرێمی کوردستان، کاتێکیش بڕیار بدرێت ئەو ناوچە ڕادەست بکرێت، دەبێ ماف و شایستە داراییەکانی ئەو کۆمپانیایانە ڕەچاو بکرێت. لەبارەی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، دزەیی باسی لەوەکرد کە چەندان لێژنەی تایبەت بە سەردانی مەسروور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا، پەیوەندییەکان زۆر باش بوون، دواتریش شاندی پەیوەندیداری بەغدا هاتوونە کوردستان و لیژنەی تایبەتیش پێکهاتوون لەسەر دۆسیەکانی نەوت و ئەمنی و بودجە.

لەبارەی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمیشەوە، سەفین دزەیی گوتی: مووچە و بودجە ساڵانەیە کە ساڵی 2019 لە پەرلەمانی عێراق بڕیار لەسەر بودجەی هەرێمی کوردستان دراوە، ئەوە تا کۆتایی ئەمساڵ بەردەوام دەبێت. ئاماژەی بەوەش کرد، بۆ ساڵی 2020 قسە لەسەر ئەوە دەکرێتەوە کە جارێکی دیکە پێدانی مووچە و بودجە بە هەرێمی کوردستان چۆن دەبێت.







### ڕوونکردنەوەیەک لە گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە:

## ڕەتکردنەوەی هەواڵێک لە بارەی وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

لە هەفتەنامەیەکدا، کە لە پارێزگای سلێمانی دەردەچێت، هەواڵێک لە بارەی بەڕێز خاتوو کۆیستان محەمەد، وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی کراوەتە مانشێتی سەرەکی. لێرەدا ڕوونی دەکەینەوە کە ئەم هەواڵە ناڕاست و بێ بنەمایە.

پێویستە دەزگاکانی ڕاگەیاندن خۆیان لە هەواڵی دروستکراو و بێ بنەما بە دوور بگرن و بۆ پشتڕاستکردنەوەی هەواڵەکان و وەدەستخستنی زانیاری پەیوەندی بە گوتەبێژی حکوومەت و فەرمانگەی میدیا و زانیاری بکەن.

**گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان**

## ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکایەتیی پەرلەمان لێژنەیەکی باڵا پێکدەهێنن



سەرۆکی لێژنەی دەستپاکیی پەرلەمانی کوردستان باس لەوە دەکات، کە سەرۆکایەتیی حکوومەت و پەرلەمان لە گفتوگۆدان بۆ تێپەڕاندنی پرۆژەیاسایەکی گرنگ کە دواجار سوود بە هەموو خەڵکی کوردستان دەگەیەنێت. سەعید مستەفا تەتەرخان، بە مااڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: هەر پرۆژەیاسایەک کە لە بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان بێت و پەیوەندیی بە خەڵکی کوردستانەوە هەبێت، پەرلەمان و حکوومەت هەماهەنگیی باش دەکەن بۆ ئەوەی بە یەکەوە هەنگاو بۆ پرۆژەکان بنێن. بۆ نموونە، لە پرۆژەی چاکسازیی مووچەی پلەباڵاکان کە ئێستا لە ئەنجومەنی وەزیرانە بڕیار دراوە لێژنەیەکی باڵا لە نێوان هەردوولا پێکبێت و ئەو خاڵانەی لە پرۆژەکەدا هەن و لاوازن لادەبرێن و خاڵە بەهێزەکان دەکرێنە بنەمای پرۆژەکە. گوتیشی: بڕیارە لە ئەنجومەنی وەزیران دانیشتنێک بکرێت بۆ ئەو پرۆژەیە و دواتر دەهێنرێتە پەرلەمان تا دەنگی لەسەر بدرێت. سەعید مستەفا تەتەرخان ڕایشیگەیاند: لە ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمان لێژنەیەک بۆ پێداچوونەوە بە پرۆژەی چاکسازی پێکهێنراوە و لەلایەن حکوومەتەوە ئەو وەزیرانەی پەیوەندیدارن بە پرسەکەوە ئەندامن، وەک وەزیری داد، وەزیری دارایی و دەستەی نەزاهە. لە پەرلەمانیش سەرۆکی فراکسیۆنەکان ئەندامن.

# کەمال کلچدارئۆغلۆ: دووخستنەوەی سەرۆک شارەوانییەکان کودەتایە بەسەر سندوقی دەنگدان و ئیرادەی گەل




سەرۆکی گشتیی کەمال کلچدارئۆغلۆ ڕایگەیاند، ئەگەر بێت و باسی کولتوور، هونەر، مرۆڤایەتیی، ئازادی بیروڕا بکەین، پێویستە سەرەتا باسی دیموکراسی بکەین. کەمال کلچدارئۆغلۆ لە شارۆچکەی بورهانییەی سەربە باڵکەسیر لە میانی گوتارێکدا، جەختی لەوەکردەوە کە دیموکراسیی پێویستیی هەموو کەسێکە.

کلچدارئۆغلۆ پێناسەی دیموکراسیی کرد و ڕایگەیاند: ئەگەر بێت و باسی کولتوور، هونەر، مرۆڤایەتیی، ئازادی بیروڕا بکەین، پێویستە سەرەتا باسی دیموکراسی بکەین. دیموکراسی چەمکێکە کە بەردەوام لە گۆڕاندایە. بەتەنها هەڵبژاردنی کەسێک و هێنانی ئەو کەسە بۆ شوێنی ئەرکەکەی، دیموکراسیی نییە. کەسێک هەڵدەبژێریت و بەڵام هیچ هێزێک، یاسایەک، ڕێسایەک و دادپەروەرییەک نازانێت. دواتر دەڵێن 'ئێمە هەڵمانبژارد و دیموکراسیی هەیە .'نەخێر، دیموکراسیی لەوجۆرە لە جیهاندا نییە. دیموکراسی واتە کۆنترۆلکردنی هێزی ئەو کەسەی کە هێزمان داوەتێ. هێز و دەسەاڵتی دەدەنێ بەڵام دەبێت لە چوارچێوەی یاسادا بەکاربهێنێت. ئەگەر بێت و هێز و دەسەاڵت لەچوارچێوەی یاسادا بەکاربهێنێت، ئەوا ئەو کاتە دیموکراسیی هەیە.

کلچدارئۆغلۆ ئاماژەی بەوەکرد هەرکەسێک کە ئەستۆپاکیی لە دادگاکان لە چوارچێوەی سەروەریی یاسادا وەرگرتبێت، مافی ئەوەی هەیە کە بە ئازادیی بەشداریی لە هەڵبژاردنەکاندا بکات و مافی هەڵبژێردرانی هەیە. تیشکی خستەسەر ئەوەش کە لەکارلادانی کاربەدەستە خۆجێییەکان پێشێلکردنی یاسا و دیموکراسییە و ڕایگەیاند: بە سەرۆکی شارەوانی هەڵبژێردران و دەستتان بە کارەکەتان کرد. دواتر وەزیری ناوخۆ هات و گوتی 'ببووە من تۆ لە ئەرکەکەت دوورەدخەمەوە.' بۆچی و بە چ هۆکارێک لە کارەکەی دوورەدخاتەوە؟ ئەگەر باسی 'دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ 'دەکەن، چۆن کەسێک کە بە هەڵبژاردن هاتووە، لەکارەکەی دووری دەخەنەوە؟.

# عێراق.. ئامادەکاری بۆ دارشتنی پڕۆژە بوودجەی 2020 دەکرێت

## ئەحمەد سەفار: عێراق نرخی هەر بەرمیلێک نەوتی فرۆشراو لە پڕۆژە بوودجەی ساڵی ئایندە لەنێوان 50 بۆ 56 دۆلار دەخەملێنێت

وەزارەتی دارایی عێراق سەرقاڵی دارشتن و ئامادەکردنی پڕۆژە بوودجەی ساڵی 2020ی عێراق، راپۆرت و زانیارییە سەرەتاییەکانی بەردەستی وەزارەت ئەمانی نیگەرانکردووە، بەتایبەت پاش بوونی مەترسی لە بەرزبوونەوەی ئاستی کورتهێنانی بوودجەکە بۆ نزیکەی 70 تریلیۆن دینار بەهۆی زیادکردنی زیاتر لە 30 هەزار ئەندامی حەشدی شەعبی وەکو مووچەخۆر و چەند هۆکارێکی دیکەش.

پڕۆژە بوودجەی 2020ی عێراق رەنگە یەکێکی دیکە بێت لەو پرسانەی حکوومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی بشڵەژێنێت و لەنێو پەرلەماندا زۆرترین مشتومڕ لەسەر بڕگەکانی دروست ببێت، بەتایبەت لە بوونی ئەو کورتهێنانە زۆرەی چاوەڕوانی دەکرێت.

بڕیارەدەری لێژنەی دارایی و ئابووری لە پەرلەمانی عێراق دکتۆر ئەحمەد سەفار لە لێدوانێکدا دەڵێت: بۆ ئامادەکردن و ڕێکخستنی پڕۆژە بوودجەی ساڵی 2020ی عێراق، وەزارەتی دارایی لێژنەیەکی پێنج کەسیی پێکهێناوە کە ئەندامی لێژنەی دارایی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقیشی تێدایە، هەروەها ئەوەشی گوت کە بڕیارە تا ناوەڕاستی مانگی ئەیلوولی داهاتوو ئەو لێژنەیە کارەکانی کۆتایی بکات و پڕۆژەکە ڕەوانەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بکات.

سەفار لە قسەکانیدا باسی لە دیمەنە گشتییەکەی پڕۆژە بوودجەی ساڵی 2020ی عێراقیش کرد و دەڵێت بەپێی ئەوەی عێراق دەیەوێت ئەو پڕۆژەیە پتر بەشی زیاتری بۆ بوودجەی وەبەرهێنان دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئاشکرای کرد: عێراق بڕیاری هەیە کە پڕۆژەکەی بەپێی بڕگە و بەرنامەی ئەدای فەرمانگەکان بێت نەوەک بوودجەی وەزارەتەکان، واتە بەپێی پڕۆژەکان و ئاستی جێبەجێکردنییان پارە بۆ پڕۆژەکان تەرخان بکرێت، ئەمەش لە بوودجەی ساڵی داهاتوو و ساڵی 2012ش ڕەنگ دەداتەوە.

بڕیارەدەری لێژنەی دارایی عێراق لە درێژەدا ڕایگەیاند کە "عێراق دەیەوێت ئەو کورتهێنانە زۆرەی لە بوودجەدا هەموو ساڵێک هەیەتی لە ساڵی ئایندە کەمی بکاتەوە کە بۆ ئەمساڵی 27تریلیۆن دینارە، بەتایبەت کە بەشێکی زۆری بوودجەی عێراق بۆ مووچە دەچێت بە نموونە لە ئەمساڵدا نزیک بە 46تریلیۆن دیناری بۆ ئەم بابەتە دەچێت.

سەبارەت بە نرخی نەوتیش لە پڕۆژە بوودجەی ساڵی 2020ی عێراقەوە دکتۆر ئەحمەد سەفار دەڵێت: بەپێی ئەوەی کە هەیە عێراق نرخی هەر بەرمیلێک نەوتی فرۆشراوی لە پڕۆژە بوودجەی ساڵی ئایندە بە بڕی لەنێوان 50 بۆ 56 دۆلار دەخەملێنێت. گوتیشی: عێراق بەنیازە گۆڕانکاریی لە پەیکەربەندیی پڕۆژە بوودجەی 2020 دا بەگشتی بکات و زیاتر پشت بە بوودجەی بەرنامە و ئەدای وەزارەتەکان دەبەستێت نەوەک بە دیاریکردنی بوودجە بەشێوەی وەزارەت وەزارەت.

بەپێی زانیارییەکان چاوەڕوان دەکرێت بوودجەی ساڵی ئایندەی عێراق کورتهێنانی زیاتر بێت و وەزارەتی دارایی عێراق بۆ ئەم مەبەستە ڕاپۆرتێکی لەسەر بوودجە ئامادەکردووەو بۆی دەرکەوتووە بەهۆی بوونی فەرمانبەر و مووچەخۆری بن دیواری زۆر، جێگیر نەبوونی نرخی نەوت، گەندەڵی و بەهەدەردان کورتهێنانی بوودجەکە بۆ نزیکەی 70 تریلیۆن دیناری عێراق زیاد دەکات، بۆ ئەو مەبەستەش پێشنیازی کەمکردنەوەی مووچەخۆران و فرۆشتنی مووڵک و زەویی گرانبەهای دەوڵەت.


جێی باسە بوودجەی ساڵی 2019ی عێراق بڕیتی بوو لە 111 ملیار و 500 ملیۆن دۆلار، کورتهێنانی بوودجەکەشی بڕیتی بوو لە 23 ملیار دۆلار، داهاتەکانی عێراق لەم ساڵەدا بەپێی یاسای بوودجە 88ملیار دۆلار دەبێت و نرخێک بەرمیلی نەوتی فرۆشراویش بە بڕی 56 دۆلار خەملێندرا و بەو پێیەی عێراق لە ڕۆژێکدا سێ ملیۆن و 880هەزار بەرمیل هەناردە بکات، کە لە نێویدا 250 هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانەی هەرێمی کوردستان هەیە و تا ئەم ساتەش سەرەڕای دەربڕینی ئامادەیی بەڵام بە هۆی ناکۆکی نێوانیان، هەرێم یەک بەرمیلیشی لێ ڕادەست و هەناردە نەکردووە بەو پێیەی داهاتەکانی بۆ گەنجینەی عێراق بگەڕێتەوە.

عێراق بەنیازە لە پڕۆژە بوودجەی ساڵی ئایندە 2020 پشت بە پرسیپێکی نوێ ببەستێت ئەویش بە "بوودجەی بەرنامە و ئەداکان" دەناسرێت و بەندە لەسەر تەرخانکردنی بڕە پارە بۆ پڕۆژە و ئەو بەرنامە وەزارییانەی کە لە کۆتاییدا پێویستە بزانرێت بەرهەمی ئەو پڕۆژە و بەرنامانە چیێن و ئەو پارانەشی کە بۆی تەرخانکراوە.

ئەندامی لێژنەی دارایی و ئابووری لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق شیروان میرزا بۆ ئاژانسی ئانادۆلو ڕایدەگەیەنێت بەپێی یاسای "ئیدارەی دارایی" دەبێت پێش سەرەتای مانگی تشرینی یەکەم پڕۆژە بوودجەی عێراق بگاتە ئەنجوومەنی نوێنەران و دواتر پەرلەمان بۆ وتوێژکردن لەسەری کۆببێتەوە. ئەو گوتیشی، ئێستا وەزارەتی دارایی عێراق دەستی کردووە بە ئامادەکاری بۆ ئامادەکردنی پڕۆژە بوودجەی ساڵی 2020ی عێراق، ڕوونیشی دەکاتەوە: لەو باوەڕەدانیم کە گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ لە پڕۆژە بوودجەی ساڵی 2020ی عێراقدا ڕووبدات، بەڵکو بەشی هەرە زۆری وەکو ساڵانی دیکە دەمێنێتەوە، ئەوەش لەبەر ئەوەی بەشێکی باشی بوودجەکە بۆ مووچە دەچێت، هەروەها نرخی نەوتیش جێگیر نییە.

ئەو ئەندامەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لەدرێژەی قسەکانیدا ڕوونیشی دەکاتەوە کە بەپێی پڕۆژە بوودجەی ساڵی 2020ی عێراق ئەم وڵاتە بۆی نییە هیچ قەرزێک بکات وەکو ئەوەی لەساڵانی ڕابردوو بەتایبەت بۆ پڕکردنەوەی بڕی کورتهێنانی لە بوودجەدا دەیکرد، بەڵام لە ساڵی ئایندە ئەمە نامێنێت، چونکە عێراق قەرزێکی زۆری کردووە و جگە لەوەش عێراق خاوەنی یەدەگێکی زۆرە دەتوانێت لەو یەدەگە بەشێک لە کێشە دارایەکانی چارەسەر بکات.

عێراق یەکێک لە وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت کە ڕێژەی 90 لەسەدی بوودجەکەی پشت بە فرۆشتن و هەناردەکردنی نەوت دەبەستێت و سااڵنە ملیارەها دۆلاری بۆ مووچەخۆران دەچێت کە نزیک بە چوار ملیۆن کەس دەبن لە کۆی 38 ملیۆن عێراقی، سەرباری ئەوەش دەیان ملیار دۆلاری لەکرینی پێویستییە سەرەتاییەکان دەڕوات ئەوەش بەهۆی پشت نەبەستن بەکەرتی کشتوکاڵی و پیشەسازی و فەراهەم کردنی ئەم دوو کەرتە سەرباری تەرخانکردنی دەیان ملیار دۆلار بۆی لەچەند ساڵی ڕابردوو، بەردەوامی شەڕیش لە 2003ەوە و گەندەڵی وایکردووە هێشتا عێراق بۆ سادەترین پێویستییەکانی پشت بە وڵاتانی دیکە بەتایبەت دراوسێ ببەستێت.



## حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بەغدا ڕێککەوتوون لەبارەی بەشداری هەولێر لە کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکان

ئەندامێکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ڕایگەیاند، هەر لە زووەوە داواکاریی کورد ئەوە بووە، کە پێویستە هەرێمی کوردستان نوێنەری لە شاندە عێراقییەکاندا بۆ دەرەوە هەبێت، ئێستاش حکوومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان لەبارەی پەیوەندییەکانی دەرەوە ڕێککەوتوون. دانا جەزا، ئەندامی لێژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی گوتووە: زۆر جار حکوومەتی عێراق دەڕۆیشتە کۆبوونەوەکان لەسەر هەر ئاستێک بووایە بە بێ نوێنەری هەرێمی کوردستان، بۆیە ئێمەش داوامان کرد هەرێمی کوردستان نوێنەری هەبێت. ماڵپەڕی "بەغداد ئەلیەوم"، ڕۆژی 23ی 8ی 2019بڵاوی کردووەتەوە، حکوومەتی عێراق و حکوومەتی هەرێم لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکوومەتی هەرێم، لەمەودوا لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی عێراق، لە هەموو کۆنگرە و کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکاندا ئەندامی لە شاندی فەرمیدا دەبێت. جەزا ڕاشیگەیاند: دەمانەوێست ئەو پەیوەندییانەی دەرەوە بیروبووچوونی کوردیش بزانن دەربارەی هەموو شتێک لە هەر بۆنە و کۆبوونەوەیەکی نێودەوڵەتیدا، بۆ ئەوەی پەیوەندییەکی قووڵمان لەگەڵ وڵاتاندا هەبێت بە تایبەت لە ڕووی سیاسی و ئابووریەوە. ناوبراو گوتیشی: پشکداریکردنی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکوومەتی عێراق لە کۆنگرە و بۆنە نێودەوڵەتییەکاندا، هەنگاوێکی گرنگە.




## گوتەبێژی هەدەپە:
# دەسەڵات دەیەوێت هەدەپە لە تاوانەوە بگلێنێت و لەچالاکیی بخات

گوتەبێژی هەدەپە گونای کوبیلای، لەبارەی دانانی قەیووم بۆ سێ شارەوانییەکەی هەدەپە ڕایگەیاند، "ئێمە وەک هەدەپە، بانگەواز لە دەسەڵات دەکەین لەم بڕیارە پاشگەز ببێتەوە و سەرۆک شارەوانییەکان بگەڕێنێتەوە بۆ سەر ئەرکەکانیان و ئەم لەکەیەی داوایانە لە نێوچاوانی وڵاتەکەمان بیسڕنەوە".

کوبیلای لە ناوەندی گشتیی پارتەکەی لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا دانانی قەیووم بۆ گەورە شارەوانییەکانی دیاربەکر، وان و ماردین هەڵسەنگاند. ناوبراو ئاماژەی بەوەدا کە جگە لە سەرۆکی گشتیی ئاکپارتی، مەهەپە و پارتی وەتەن لەگەڵ ناوچەی پەرینچەکی ڕۆژهەڵات، گشت چین و توێژەکانی تورکیا کاردانەوەیان دژی دانانی قەیوم بۆ شارەوانییەکانی هەدەپە نیشاندداوە و بانگەشەی ئەوەی کرد، دەسەڵات کە شکستی 31ی ئازاری پێ هەزم نەکراوە، پەلاماری ئیرادەی گەلی داوە و دەیەوێت بەو جۆرە تۆڵە بکاتەوە.

کوبیلای بانگەشەی ئەوەشی کرد، دەسەڵات لەقەیرانی شەرعیەتدایە و گوتی: دەسەڵات کە توانای بەرەنگاربوونەوە و ڕووبەڕووبوونەوەی نییە لە زەمینەی سیاسەتی دیموکراسیدا لەگەڵ هەدەپە، لەڕێ لایداوە و دەیەوێت هەدەپە لە تاوانەوە بگلێنێت و لەچالاکیی بخات.

ناوبراو ڕایگەیاند، پێویستە وەزیری ناوخۆ سولەیمان سۆیلو بە بەڵگەوە ڕوونکردنەوەیەک لەبارەی دوورخستنەوەی سەرۆک شارەوانییەکان بدات و گوتی: ئێمە وەک هەدەپە، بانگەواز لە دەسەڵات دەکەین لەم بڕیارە پاشگەز ببێتەوە و سەرۆک شارەوانییەکان بگەڕێنێتەوە بۆ سەر ئەرکەکانیان و ئەم لەکەیەی داوایانە لە نێوچاوانی وڵاتەکەمان بیسڕنەوە.

# هۆنگ کۆنگ... خۆپیشاندانەکان دژ بە پڕۆژە یاسای ڕادەستکردنی تاوانباران بە چین بەردەوامە




ژمارەیەکی زۆری خۆپیشاندەر بە دروشمی "هۆنگ کۆنگ سەربەخۆبیە" ڕژانە شەقامی شاری "Tsun Yip" لە ناوچەی کوون تۆنگ دریژەیان بە ناڕەزایەتیی دەربڕین دا دژی پڕۆژە یاسای ڕادەستکردنی تاوانباران بە چین. لەگەڵ دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکەدا، ڕێگەکانی هۆنگ کۆنگ داخران، هەروەها کەشتەکانی شەمەندەفەر لە شارەکەدا هەڵوەشێندرانەوە و لای خۆیەوە پۆلیس ڕێوشوێنی توندی بەرامبەر بە خۆپیشاندەران گرتەبەر بۆ ئەوەی خۆپیشاندانەکە بە ئاراستەیەکی تر نەبڕێت.

لە خۆپیشاندانەکەدا، خۆپیشاندەران داوایان لە حکوومەت کرد کە داواکەیان سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی پڕۆژە یاسای ڕادەستکردنی تاوانباران بە چین جێبەجێ بکات. جێی باسە لە سەرەتای نیسانی ڕابردوودا پێشکەش بە پەرلەمان کرا کە لە هۆنگ کۆنگ سزا دراون یان تاوانێکیان بەسەردا ساغبووەتەوە. پڕۆژە یاساکە تاوانی سیاسیی ناگرێتەوە، بەڵام بەشێکی زۆری خەڵکی هۆنگ کۆنگ کە ژمارەی دانیشتوانەکەی حەوت ملیۆن و 400 هەزار کەسە نیگەرانن لەو پڕۆژە یاسایە و سیستمی دادگای چین .

وتارو ڕاپۆرتەکانتان لەسەر ئەم ناونیشانە بنێرن: yasinheja@yahoo.com
www.xebat.net
یەک شەممە 2019/8/25 ژمارە (5813)
خەبات

## لە نەرویژ سیمینارێک لەبارەی جینۆسایدی گەلی کورد بەڕێوەچوو

# ئەنفالکردنی بارزانییەکان و گەرمیان و کیمیابارانکردنی هەڵەبجە مژاری سەرەکی سیمینارەکە بوون



ساسان دەروێش - نەرویژ

فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردییەکان لە نەرویژ، لە لۆکاڵی پێشەوا قازی محەمەد لە شاری سترۆمێن، سیمینارێکیان بە ناونیشانی بەراورد لەنێوان تاوانەکانی ڕژێمی پێشوو دژ بە گەلی عێراق بە گشتی.و میللەتی کورد بەتایبەتی و تاوانەکانی داعش بەپێی یاسای نێودەوڵەتی، بۆ حاکم ئاسۆ سۆفی هەڵەبجەیی ڕێکخست. ناوبراو دادوەر بووە لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق بۆ دادگاییکردنی تاوانبارانی ڕژێمی پێشووی بەعس. بەشێکی بەرچاو لە ڕەوەندی کورد و نوێنەرانی پارت و ڕێکخراوە کوردییەکان ئامادەی سیمینارەکە بوون، هەروەها شاندێکی لیژنەی ناوچەی نەرویژی پارتی دیموکراتی کوردستان و نوێنەران و ئەندامانی ڕێکخراوەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانیش لە ئۆسلۆ و ڕۆمەریکە دەوروبەری ئامادەبوون، ناوبراو یەکێکە لەو حاکمانەی کە لە زۆربەی زۆری کەیسەکاندا خۆیەخشانە کاری کردووە کە تایبەتن بە میللەتی کورد و جینۆسایدکردنی بۆ نمونە ئەنفالکردنی بارزانییەکان، گەرمیان، کیمیابارانی هەڵەبجە و لە دادگاییکردنی سەرۆکی پێشووی عێراق سەددامی دیکتاتۆر و لەسێدارە دراو بەشداریکردووە، بە هەموو ئەمانەش ئەزموونێکی دەوڵەمەندی لەلا کۆبووەتەوە لە زانیاری و بەڵگەی مێژوویی بەڕێوەچوونی دادگاکان و یاساکانی و بڕیارەکانی، کە پێویستە تاکی کورد لە تاراوگە ئاشنا بکات پێیان و لە چەندین وڵاتی جیاوازی ئەوروپا هەمان سیمیناری پێشکەشکردووە. حاکم ئاسۆ سۆفی هەڵەبجەیی لە باسێکی تێروتەسەلدا پشتبەستن بە مێژووی کارەساتەکان و بەڵگە و بەشداریبەکانی خۆی و یاساکان و بەڕێوەچوونی دادگاکان هاتە سەر باسەکەی لە زنجیرەی تاوانەکانی ڕژێمی داڕووخاوی عێراقی پێشووی سەرۆکە لەسێدارە دراوەکەی کە لە دوای 2003 کۆتایی پێهات، دادوەر ئاسۆ سۆفی لە باسەکەیدا ئاماژەی بۆ زۆربەی زۆری کەیسەکانی جینۆسایدی گەلی کورد کرد لە تاوانی ئەنفالی بێسەوشوێنکردنی 180 هەزار خەڵکی سڤیلی کورد لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان و بە قۆناغ جێبەجێکردنیان بەبێ ئەوەی هیچ کەس لە ژن و منداڵ و پیر و جوان هەموو پێکەوە یەک چارەنووسیان هەبووە و شەهیدکراون، هەروەها کاولکردنی هەڵەبجە و کیمیابارانکردنی کە زیاتر لە 5هەزار شەهید و قوربانی لێکەوتەوە، پاشان هاتە سەر باسکردنی تاوانی کوشتن و سڕینەوەی کورد فەیلییەکان و باسێکی چڕوپڕی ئەنفالکردنی بارزانییەکان کە مەزەندە دەکرێت زیاتر لە 8 هەزار بارزانی بێسەروشوێن و ئەنفالکراو لە هەموو تەمەنەکان لە کۆتایی بابەتەکەشیدا باسی تاوانە قێزەونەکانی داعشی کرد و ئاماژەی بە تاوانی شنگال و خۆشک و برا کوردە ئێزیدییەکان کرد لەگەڵ ڕاونان و کوشتنی کریستیان و شەبەک و کاکەیی و سەربازگەی سپایکەر و عەشیرەتی ئەلبوفرکرد و گوتی دەبێت چی بکرێت بۆ ئەوەی ئەم هەموو تاوانەی کە بەسەر کورد و کوردستاندا هاتوون بە جینۆساید بناسرێن و تاوانبارانیش بەسزای خۆیان بگەیەندرێت. ئەمانە و چەندان باسوخواسی دیکە لە میانەی سیمینارەکەدا خرانە بەرباس.





# بڵاوکردنەوەی وێنەی بۆردومانکردنی بارەگاکانی حەشدی شەعبی لە عێراق

کۆمپانیای Image Sat International ئیسرائیلی چەند وێنەیەکی تایبەت بەو بارەگایانەی حەشدی شەعبی لە عێراق بڵاوکردەوە کە بەم دواییانە بۆردومانکران. ئەو وێنانە لە ڕێگەی مانگی دەستکردەوە لە لایەن کۆمپانیای ئیسرائیلی بۆ شیکردنەوەی داتاکان گیراون.

بەم دواییانە چوار بارەگای حەشدی شەعبی لە عێراق بۆردومانکران و تەقینەوە و دەگوترێت ئیسرائیل لە پشت ئەنجامدانی ئەو هێرشانەوەیە. کۆمپانیای Image Sat International ئاماژەی بەوەداوە لە یەکێک لە وێنەکاندا دەرکەوتووە، کە ڕۆژی سێشەممەی ڕابردوو هێرشکراوەتە سەر پێنگەیەک لە بنکەی ئاسمانی بەلەد بەهۆیەوە خاپوربووە.

هەروەها کۆمپانیا ئیسرائیلییەکە وێنەیەکی دیکەی ئەو کۆگا چەک و تەقەمەنیی بڵاوکردەوە کە لە 12ی ئابی ڕابردوودا لەناو سەربازگەی سەقر لە ناوچەی عوێریج باشووری بەغدا ڕووبەڕووی ئاگرکەوتنەوە بووە.

کۆمپانیاکە باسی لەوەش کردووە، ئەو کۆگایە کە سەربە حەشدی شەعبییە و لە 12ی ئابی ڕابردوودا ڕووبەڕووی هێرشی ئاسمانی بووە و بەهۆیەوە ئاگر تیادا کەوتەوە. لە وێنەیەکی دیکەدا کە کۆمپانیا ئیسرائیلییەکە بڵاویکردووەتەوە دەرکەوتووە هێرشی سێیەم لە 19ی تەموزی ڕابردوو ئەنجامدراوە کە بارەگایەکی حەشدی شەعبی لە ناحیەی ئامرلی کۆمپانیاکە باسی لەوەش کردووە، ئەو کۆگایە کە سەربە حەشدی شەعبییە و لە 12ی ئابی ڕابردوودا ڕووبەڕووی هێرشی ئاسمانی بووە و بەهۆیەوە ئاگر تیادا کەوتەوە. لە وێنەیەکی دیکەدا کە کۆمپانیا ئیسرائیلییەکە بڵاویکردووەتەوە دەرکەوتووە هێرشی سێیەم لە 19ی تەموزی ڕابردوو ئەنجامدراوە کە بارەگایەکی حەشدی شەعبی لە ناحیەی ئامرلی



## بەرپرسێکی ئەمەریکی:

# لەوانەیە ئیسرائیل هێرشی کردبێتە سەر بارەگاکانی حەشدی شەعبی

بە گوێرەی لێدوانی بەرپرسێکی ئەمەریکی کە بۆ کەناڵی سی ئێن ئێن قسەی کردووە، لەوانەیە ئیسرائیل تێوەگلابێت لە ئەو هێرشانەی مانگی ڕابردوو لەباکووری بەغدا ڕوویدا، وەک ئاماژەیەک بۆ ئەو هێرشانەی بارەگاو کۆگاکانی چەک و تەقەمەنی حەشدی شەعبیی لەعێراق کردە ئامانج. هەروەها بەرپرسە ئەمەریکییەکە بێ ئەوەی ناوەکەی ئاشکرا بکرێت دەڵێت: وێلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ ئەنجامدانی هێرشێکی تۆڵەسەندنەوە، گفتوگۆ لەبارەی چەند سیناریۆیەکی پێشبینیکراو دەکات کە ئێران و بریکارەکانی دەگرێتەوە. شایانی باسە ئەمەریکا بەشێوەیەکی فەرمی تێوەگلانی ئیسرائیلی ڕانەگەیاندووە و ڕەتیشیکردۆتەوە کە ئەوان هێرشەکانیان ئەنجام دابێت، دەشڵێن: دەبێت سەرۆەری عێراق پێشێل نەکرێت.

## مەعاریفی ئیسرائیلی:

# ئیسرائیل هێرشی کردووەتە سەر کۆگا و جبەخانەکانی ئێران لە عێراق

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی مەعاریفی ئیسرائیلی، بەهۆی بۆمببارانکردنی پێگەکانی ئێران لە سووریا ، تاران زیانی زۆری بەرکەوتووە، هەر بۆیە بڕیارداوە هێز و پێگەی خۆی بگوازێتەوە بۆ عێراق، بەڵام ئیسرائیل ئەو هەوڵەی ئێرانی ئاشکراکردووە و هەمان بەرنامەی دژی تاران پەیڕەو کردووە لە عێراق و هێرشی کردووەتە سەر کۆگا و جبەخانەکانی ئێران لە عێراق. هەروەها بەگوێرەی کوردستان بیست و چوار، ڕۆژنامەکە نوسیوویەتی: جبەخانەیەکی گەورەی چەک و تەقەمەنی لە خوارووی بەغدا تەقێنرایەوە، بەڵام هێشتا جبەخانە و کۆگای زۆرتری چەک و کەرەستەی سەربازیی ماون.

ڕۆژنامەی مەعاریف دەشڵێت: ئەو بنکە سەربازییەی کرایە ئامانج سەر بە سوپای عێراقە، بەڵام حەشدی شەعبی بەکرێی گرتووە، ئەو هێرشەش چوارەم یان پێنجەم هێرش بووە دژی هێزەکانی حەشدی شەعبی ئەنجامدراوە، چەند ڕۆژێک پێش هێرشەکەش وەزیری بەرگریی ئێران گوتوویەتی، ئاسایشی نەتەوەیی عێراق، ئاسایشی نەتەوەیی کۆماری ئیسلامی ئێرانە و تاران ڕێگە بە هیچ کەسێک نادات عێراق بکاتە سووریا ، بەڵێنیشیداوە توانا بەرگرییەکانی عێراق و بەرگریی ئاسمانی ئەو وڵاتە باش بکات تا ڕێگە لە هێرشی فڕۆکەکان بگرن. هەروەها دەڵێت: هەڕەشەکانی ئەو وەزیرە ئێرانییە کە ناڕاستەوخۆ مەبەستی ئیسرائیل بووە بڕیاردەرانی ئیسرائیلی نەترساندووە لەوەی هێرشەکە ئەنجام بدەن، تەنانەت گەیشتوونەتە ئەو بڕیارەی عێراق خەریکە وەک سووریای لێدێت و هێزە بیانییەکان دەتوانن بە بەرنامە هێرش بکەنە سەری و بزانن لەوێ چی ڕوودەدات. ئاژانسە هەواڵگرییەکانی ڕۆژئاواش پێیانوایە سەرکەوتنی ئۆپراسیۆنە ئاسمانییەکانی ئیسرائیل دژی ئێران لە سووریا ، هاندەر بووە بۆ دەسەڵاتدارانی تەلئەقیڤ تاکوو بەغداش هەمان هەنگاو بنێن. هەروەها ڕۆژنامەکە نوسیوویەتی: هێرشکردنە سەر خاکی سووریا لەلایەن ئیسرائیلەوە بووە بەهۆی هەڵوەشانەوەی ڕێڕەوی قاچاخچێتی چەک لە نێوان تاران بۆ بەیروت، لە عێراقیش بە هەمان شێوەیە، ئامانجی هێرشەکان ڕێگەگرتنە لە دروستکردنی بنکەی موشەکی کە لە توانایدایە زیان لە ئیسرائیل بدات لە خاکی عێراقەوە.

## وەزیری دەرەوەی ئێران:

# جارێکی دیکە دانوستان لەسەر ڕێککەوتنی ئەتۆمی ناکەین



وەزیری دەرەوەی ئێران، محەمەد جەواد زەریف ڕایگەیاند کە جارێکی دیکە دانوستان لەسەر ڕێککەوتنی ئەتۆمی نێوان وڵاتەکەی و وڵاتانی کۆمەڵەی پێنج کۆ یەک ناکەن کە ئەمەریکا تاک لایەنە لێی کشاوەتەوە. بەپێی هەواڵێکی کەنالی دەوڵەتی ئێران، زەریف لە میانی سەردانیدا بۆ ئەورووپا لە کۆشکی ئیلیزێ لەگەڵ سەرکۆماری فەرەنسا ، ئیمانوێل ماکرۆن کۆبووەوە. لە کۆبوونەوەکەدا هەریەک لە پرسەکانی ڕێککەوتنی ئەتۆمی کە بە پلانی هاوبەشی کار هەژمار دەکرێت و گرژییەکانی ئەمەریکا لە کەنداوی بەسرە تاوتوێ کران.

لەدوای کۆبوونەوەی لەگەڵ ماکرۆن، زەریف لێدوانی بۆ ڕۆژنامەنوسان دا و ئاماژەی بەوەدا کە ماکرۆن چەندین پێشنیازی داوتە ئێران بۆ بەردەوامیدان بە ڕێککەوتنی ئەتۆمی و کۆبوونەوەکەی بەئەرێنی وەسف کرد. زەریف گوتی: پێشنیازی فەرەنسا دەربارەی جێبەجێکردنی تەواوی ڕێککەوتنەکە و بەجێگەیاندنی بەڵێنەکانی ئەورووپا و گەیشتنی ئێران بەبەرژەوەندییە ئابووریەکانی ڕێککەوتنەکە بوو.

وەزیری دەرەوەی ئێران ئاماژەی بەوەدا کە دانوستانەکانی تاران و پاریس بۆ پاراستنی ڕێککەوتنی ئەتۆمی بەردەوامیان دەبێت و گوتی: پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و فەرەنسا بەردەوامیان دەبێت. تێڕوانینی ئێمە زۆر ڕوون و ئاشکرایە. ئێمە لەو بڕوایەداین کە جارێکی دیکە ناکرێت دانوستان لەسەر ڕێککەوتنی ئەتۆمی ناکەین

# تورکیا زمانی کوردیی لە هەژماری شارەوانییەکان لابرا و هەشت بەرپرسی دیکەی هەدەپەش دەستگیر کران

## ئەنقەرە بە دانانی قەیووم گورزێکی دیکەی لە پرۆسەی ئاشتیدا



K24: حکوومەتی ئەنقەرە، زنجیرەیەک ریککاری دژی هەدەپە گرتە بەر و دوای لە کارلادانی ژمارەیەک سەرۆکی شارەوانی، هەشت ئەندام و بەرپرسی هەدەپەی لە ئەستەنبوڵ دەستگیرکرد و زمانی کوردی لە هەژمارەکانی تویتەری شارەوانی سڕییەوە. ئاسایشی ئەستەنبوڵ ڕایگەیاند فراوانی دژی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) ئەنجامدا، هاوسەرۆکی هەردوو شارۆچکەی "پەندیک" و "بارام پاشا" و هەشت ئەندام و بەرپرسی هەدەپەی دەستگیرکرد. پێرێش دژی خۆپیشاندانەکان لە بارەی دوورخستنەوەی سەرۆک شارەوانییەکانی هەدەپە لە ئیزمیر و ئەنقەرە نزیکەی پەنجا کەس دەستگیرکران. هەر لەو چوارچێوەیەدا "قەیوومی وان" زمانی کوردی لە هەژمارەکانی شارەوانی "وان" سڕییەوە.

لە هەژماری فەرمی "وان" لە تویتەر، بە زمانی کوردی ناوی شارەوانی گەورەی "وان" نووسرا بوو، بەڵام لە دوای لابردنی شارەوانی هەدەپە و دانانی "قەیووم"، دەستەواژە کوردییەکە سڕایەوە. لە 19 ئەم مانگەدا، وەزارەتی ناوخۆی تورکیا سەرۆکی شارەوانییەکانی دیاربەکر، ماردین و وانی بە چەندین تۆمەتی جیاواز لە پێستەکانیان دوورخستەوە و "قەیووم" لە شوێنیان دانران. کاردانەوەی دانانی "قەیووم" لە شارەکانی دیاربەکر، ماردین و وان زیادیان کردووە. پارتەکانی یەنیدەن و پارتی دیموکراتیک بە توندی ئیدانەی دانانی قەیووم دەکەن. بەرپرسانی بالای ئەو دوو پارتە دەڵێن: ئەنقەرە بە دانانی قەیووم گورزێکی دیکەی لە پرۆسەی ئاشتیدا.

## تاقیکردنەوەی مووشەکیی لەلایەن کۆریای باکووروە

### دۆنالد ترەمپ: کیم حەزی بە تاقیکردنەوەی مووشەک هەیە



کۆریای باشوور ئاشکرایکرد کۆریای باکوور دوو مووشەکی کورت مەودای ئاڕاستەی دەریای خۆرهەڵاتی وڵاتەکەی کردووە. لە ڕاگەیەندراوێکدا کە لەلایەن سوپای کۆریای باشوورەوە بڵاوکراوەتەوە، ئاماژە بەوەکراوە لە پارێزگای هامگیۆنگی باشووردە کە دەکەوێتە باکووری خۆرهەڵاتی کۆریای باکوور، دوو مووشەکی بالیستیی هەڵدراون، تا 97 کیلۆمەتر بەرزبوونەتەوە و دوای ئەوەی کە 30 کیلۆمەتر لە هەوادا بوون، لە دەریای خۆرهەڵاتی نیوان ژاپۆن و نیمچە دوورگەی کۆریا سەرڕاست بووە لەگەڵیدا. دۆنالد ترەمپ ڕایگەیاندووە: کیم حەزی بە تاقیکردنەوەی مووشەک هەیە، ئێمەش مووشەکی کورت مەودامان هەیە و ئەنقەرە نزیکەی پەنجا کەس دەستگیرکران. هەر لەو چوارچێوەیەدا "قەیوومی وان" زمانی کوردی لە هەژمارەکانی شارەوانی "وان" سڕییەوە.

نیشتمانیی کۆریای باشوورەوە بڵاوکراوەتەوە، ئاماژە بەوەکراوە بە نیگەرانییەوە لە تاقیکردنەوەی مووشەکەکان دەڕوانین و داوا لە حکوومەتی پیۆنگ یانگ کراوە خۆی لەو هەنگاوانەی دەبنە مایەی هەڵکشانی گرژییەکان، بەدووربگرێت.

لای خۆیەوە حکوومەتی ژاپۆن بڵاویکردەوە مووشەکەکان لە ئاوەکانی ئەوان نەکەوتووەتە خوارەوە و هیچ زیانێکی لێ نەکەوتووەتەوە. تاقیکردنەوەکە حەوتەمین تاقیکردنەوەی مووشەکیی حکوومەتی پیۆنگ یانگە لە 25ی تەموزەوە تا ئێستا. شارەزایان ئاماژە بەوەدەکەن تاقیکردنەوەی مووشەکیی کۆریای باکوور، وەک کاردانەوە لەبەرامبەر مانۆڕی سەربازیی نێوان ئەمەریکا و کۆریای باشووردە کە لەنێوان ڕۆژانی 5 تا 20ی ئابدا ئەنجامیاندا.

## ئەمەریکا...

## لەسێدارەدانی بکوژێک 25 ساڵ لەمەوبەر شەش کەسی کوشتبوو

لەویلایەتی فلۆریدای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، سزای لەسێدارەدانی تاوانبارێک کە 25 ساڵ لەمەوبەر شەش کەسی کوشتبوو، لەڕێگەی دەرزی ژەهراوییەوە جێبەجێکرا. بەرپرسانی فلۆریدا ڕایانگەیاند، گاری ڕای باولیتسی تەمەن 57 ساڵ لەبەندیخانەی فلۆریدا لەڕێگەی دەرزیی ژەهری کوشندەوە، سزای لەسێدارەدانی بەسەردا جێبەجێکراوە.

باولیتس ساڵی 1994 لەماوەی هەشت مانگدا شەش کەسی کوشتبوو. بەهۆی ئەو ترسەی لەسەر ڕێگای سەرەکیی 95ی نێوان ویلایەتەکاندا دروستی کردبوو، بە "بکوژی I-95" ناوەدبرا. جێی باسە باولیتس وەک دوا وتەی پێش لەسێدارەدان نەیویستووە هیچ بڵێت و تەنها لە ڕوونکردنەوە نووسراوەکانیدا ئاماژەی بەوە داوە کە نیگەرانە لەو تاوانانەی ئەنجامی داون. ساڵی 1982 باولیتس بەتۆمەتی تۆندوتیژی دەستدرێژی بەرانبەر هاوڕێ کچەکەی، سزای هەشت ساڵ زیندانیی بەسەردا سەپێنرابوو.



## پوتین و ناتانیاهو تاوتوێی هاریکاریی نێوانیان لە سووریا کرد

سەرۆکی ڕووسیا، ڤلادیمیر پوتین و سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، بینیامین ناتانیاهو، تاوتوێی هاریکاریی نێوان هەردوو وڵاتیان لە پرسی سووریادا، کرد. لە ڕاگەیەندراوێکدا کە لەلایەن ناوەندی ڕاگەیاندنی کۆشکی کرملینەوە بڵاوکراوەتەوە، ئاماژە بەوەکراوە ڤلادیمیر پوتین و بینیامین ناتانیاهو پەیوەندییەکی تەلەفۆنییان ئەنجامداوە و تێیدا بیرورایان لەبارەی پرسە ناوچەییەکان ئاڵوگۆڕ کردووە. لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە: بەرژەوەندییە هاوبەشەکان لە بەرەنگاربوونەوەی پێکەوەیی تیرۆری نێودەوڵەتیی و درێژەدان بە هاریکاریی ڕووسیا و ئیسرائیل لە پرسی سووریادا، باسکراون. تیشک خراوەتە سەر ئەوەش کە بینیامین ناتانیاهو سەبارەت بە سەردانەکەی کە بەر لە ماوەیەکی کورت بۆ ئۆکراینا ئەنجامیدا زانیاریی داوەتە پوتین و تاوتوێی بەهێزترکردنی هاریکارییە بازرگانیی و ئابوورییەکانی نێوان ڕووسیا و ئیسرائیلیش کراوە. لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوەشکراوە کە هەردوولا ڕێککەوتوون لەسەر ئەوەی دەرەوەی ڕووسیا و ئیسرائیل بۆ کۆبوونەوەکانیان بدەن.



## کۆریای باکوور: پۆمپیۆ ژەهری کەللەڕەقی دیپلۆماسیەتی ئەمەریکایە

وەزیری دەرەوەی کۆریای باکوور، ری یۆنگ هۆ، هاوتا ئەمەریکییەکەی، مایک پۆمپیۆی بە تێکدانی دانوستانەکان زانی و ناوبراوی بە "ژەهری کەللەڕەقی دیپلۆماسیەتی ئەمەریکا"، ناوبرد. لە هەواڵێکدا کە ئاژانسی یۆنهاپ بڵاویکردووەتەوە و تێیدا پشتی بە هەواڵێکی ئاژانسی فەرمیی کۆریای باکوور (KCNA)؟ بەستووە، لەبارەی گوتەکانی مایک پۆمپیۆ کە ئاماژەی بەوەکردبوو تا ئەو کاتەی دەستبەرداری چەکە ئەتۆمییەکان دەبێت، بەردەوام دەبن لە سەپاندنی قورسترین سزاکان بەسەر کۆریای باکووردا، ری یۆنگ هۆ بە هاوتا ئەمەریکییەکەی "ژەهری کەللەڕەقی دیپلۆماسیەتی ئەمەریکا" ناوبرد.

ری هەروەها ڕایگەیاندووە: بەڕاستی پۆمپیۆ ئەو پیاوەیە کە لە سەردانەکانیدا بۆ پیۆنیانگ لەپێناو داماڵینی چەکی ئەتۆمییدا دەپارایەوە و بەڵێنی دامەزراندنی پەیوەندیی کۆریای باکوور و ئەمەریکای دەدا؟ ئەو پیاوێکی ئەوەندی بێ شەرمە بەو گوتانەی کە بێ بیرکردنەوە کردوونی تەنها ئێمەی تووشی نائومێدی کردووە و کارێکی کردووە کە دەمانخاتە گومانەوە لەوەی کە ئایا لەگەڵ پیاوێکی لەوشێوەیەدا هیچ کێشەیەک چارەسەر دەکرێت. وەزیری دەرەوەی کۆریای باکوور جەختی لەوەکردەوە کە ئەگەر واشنتۆن هەڵوێستێکی مشتومڕئامێز لەبارەی سزاکانەوە درێژە پێبدات، ئەوا پیۆنگ یانگ بۆ ماوەیەکی درێژ وەک "گەورەترین هەڕەشە" لەسەر ئەمەریکا دەمێنێتەوە. ری یۆنگ هۆ باسی لەوەکرد هەوڵدانی ئەمەریکا بۆ هێشتنەوەی سزاکانی سەر کۆریای باکوور "حسابات‌ێکی هەڵە"یە و ڕایگەیاند: ئەگەر ئەمەریکا هێشتا وابیربکاتەوە کە درێژە بە هەڵوێستی مشتومڕئامێزی خۆی سەبارەت بە سزاکانی سەر کۆریا دەدات، بەداخەوە کە هەڵە دەکات. لەم دۆخەدا ئێمە دەبینە گەورەترین هەڕەشە لەسەر ئەمەریکا بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ و بە دڵنیاییەوە دەستەبەری ئەوە دەکەین کە تێبگات بۆ داماڵینی چەکە ئەتۆمییەکان چ کارێک پێویستە ئەنجامبدرێت. ئێمە بۆ دیالۆگ و بۆ دوور کەوتنەوەش ئامادەین.

نوێنەری تایبەتیی ئیدارەی ئەمەریکا بۆ کۆریای باکوور، ستیفن بییگەن، لەمیانی سەردانێکدا بۆ کۆریای باشوور ئاماژەی بەوەکردبوو کە واشنتۆن ئامادەیی تێدایە سەرلەنوێ دەست بە دانوستانە ئەتۆمییەکان لەگەڵ پیۆنگ یانگدا بکاتەوە. ستیفن بییگەن باسی لەوەکردبوو کە سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد ترەمپ لەپاش دواینی کۆبوونەوەی لەگەڵ ڕێبەری کۆریا، کیم جۆنگ ئون، تیمەکەی ڕاسپاردووە بۆ دووبارە دەستکردنەوە بە کۆبوونەوەکان لەگەڵ کۆریای باکووردا.

## ئێران تاقیکردنەوە مووشەکییەکەی ئەمەریکای ئیدانە کرد

گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران، عەباس مووسەویی، وێڕای ئیدانەکردنی تاقیکردنەوەی مووشەکێکی مەودا مامناوەند لە لایەن ئەمریکاوە، ئاماژەی بەوەشکرد کە ئەمە دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی ڕکابەریی لەبواری چەکدا. عەباس مووسەویی لە مالپەڕی وەزارەتی دەرەوەی ئێرانەوە ڕوونکردنەوەیەکی سەبارەت بە تاقیکردنەوەی مووشەکێکی مەودا مامناوەند لەلایەن ئەمریکاوە، بڵاوکردەوە و ئیدانەی ئیدارەی واشنتۆنی کرد.

موسەویی باسی لەوەکردووە هەنگاوەکانی ئەمریکا دەبێتە هۆی ئەوەی ڕکابەریی لە بواری چەکدا لە جیهاندا دڕووستتببێت و ڕایگەیاندووە: هەنگاوەکانی ئەمریکا ڕەنگە ببێتە مایەی ناسەقامگیریی نێودەوڵەتیی و هەڕەشە بۆ سەر ئاشتی و ئاسایش. ئەم هەنگاوە لەوانەیە ببێتە هۆی باجی قورسی ئابووریی لەسەر وڵاتان، لە ئەنجامی ئەمەشدا ئاستی خۆشگوزەرانی ئابووریی گەلانی جیهان دادەبەزێت.

گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران تیشکی خستووەتە سەر ئەوەش کە تاقیکردنەوەی ئەو مووشەکە لەلایەن سوپای ئەمریکاوە بە ماوەیەک لەدوای کشانەوەی لە ڕێککەوتننامەی هێزە ئەتۆمییە مامناوەندەکان، مایەی نیگەرانییە و داوای لە ڕای گشتیی نێودەوڵەتیی و حکوومەتەکانی وڵاتان کردووە کاردانەوەی گونجاویان لەبەرامبەر چوونە دەرەوەی ئەمریکا لە ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان و هەنگاوەکانی واشنتۆن کە "هۆکاری ناسەقامگیرین" هەیێت.

ئەمریکا بە بانگەشەی ئەوەی ڕووسیا پێشێلی کردووە، بەشێوەیەکی تاکلایەنە لە ڕێککەوتننامەی هێزە ئەتۆمییە مامناوەندەکان کشابوویەوە. لەبەرامبەردشدا وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا لەسەرەتای ئەم مانگەدا ئاشکرایکردبوو کە ڕێککەوتننامەکە بە فەرمیی کۆتایی هاتووە.

لەدوای ئەوە ئەمریکا لە 19ی ئابدا بڵاویکردەوە کە مووشەکێکی نوێی مامناوەند مەودای کروزیان تاقیکردووەتەوە کە مەودای کاریگەرییەکەی زیاتر لە 500 کیلۆمەترە. جێی باسە ئەمریکا لە 8ی کانوونی یەکەمی ساڵی 1987دا لەگەڵ یەکێتیی سۆڤێتی ئەوسادا، ڕێککەوتننامەی هێزە ئەتۆمییە مامناوەندەکانی واژووکردبوو. ڕێککەوتننامەکە ڕێگریی لە هەریەک لە ئەمریکا و ڕووسیا دەکرد پەرە بە مووشەکی ئەتۆمیی و تەقلیدیی لەسەر زەوی جێگیرکراو کە مەوداکەی لەنێوان 500 بۆ پێنج هەزار و 500 کیلۆمەتردا بێت، بدەن.



# رانیە... لە یادی 16ی ئابدا 100 کادیری ئافرەت خەڵاتکران



رۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی 2019/8/21 لە ڕێورسمێکی شایستە دا لە هۆڵی بارەگای لقی11ی پارتی لە ڕانیە، بە ئامادەبوونی هیوا گەیلانی بەرپرسی لقی11ی پارتی و دکتورە ڤیان سەبری سکرتێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان و محەممەد قازی لێپرسراوی نوسینگەی حزبیی ڕێزدار مەسرور بارزانی و فارس نەورۆڵی و خاتوو خێڵان مام بەکر ئەندامانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی پارێزگای سلێمانی و شاندی یاوەریان و ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، زیاتر لە 100 کادری ئافرەت کە لە ساڵانی ڕابردوودا لە ناو ڕیزەکانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان و ئۆرگانە جیاجیاکانی پارتیدا لە سنوورەکە خەباتیان کردووە، خەڵاتی ڕێزلێنانیان پێبەخشرا. لە ڕێوڕەسمەکەدا باس لە ڕۆڵی گرنگ و کاریگەریی ئافرەتان لە خەباتی ڕەوای گەلەکەماندا کرا و سوپاس و ستایشی ئافرەتانی ئامادەبوو کرا کە لەماوەی ڕابردوودا هەڵساون بە ڕۆڵ و ئەرکی سەرشانیان لە خەباتکردن و داکۆکیکردن لە مافەکانی ئافرەتان و هاوکات لە دۆزی ڕەوای گەلەکەیان.

لەپێناو زیاتر بەرزکردنەوەی ئاستی زانست و خوێندن لە سنوورەکەو هاندانی قوتابیان بۆ بەدەستهێنانی نمرەی بەرز و سووربوون لەسە بەدیهێنانی ئومێدو ئامانجەکانیان، لەهۆڵی بۆنەکانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارێزگای هەولێر بەئامادەبوونی بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی16ی هەولێری پارتی و بەڕێوەبەرانی پەروەردەو سەرپەرشتیارانی یەکەی پەروەردەیی و بەڕێوەبەری قوتابخانەکان و ژمارەیەکی زۆر لەکەسوکاری قوتابیە یەکەمەکانی دەفەرەکە بەهاوکاری مەکتەبی جەماوەریەکانی لق و لێژنە ناوچەی زانستی مامۆستایان و لقی دەوروبەری یەکێتی قوتابیانی کوردستان، لە مەراسیمێکی شایستەدا 73 قوتبی خەڵاتکران کە لە بیست قوتابخانەکەی سنووری پەروەردەکانی دەشتی هەولێرو خەبات و شەقلاوە و دەوروبەری هەولێر لەئەزموونەکانی کۆتایی ساڵدا نمرەی بەرزیان بەدەست هێنابوو. لەدەسپێکی مەراسیمەکەدا بەرپرسی لقی 16ی هەولێر وێڕای پیرۆزبایی گەرمی لەقوتابیە یەکەمەکان و خانەوادەکانیان کە ئەرک و شەونخونی زۆریان کێشاوە بۆ سەرخستنی ڕۆڵەکانیان، ئاماژەی بەرۆڵی گرنگ و پڕ بایەخی مامۆستایان کرد لەپێشخستنی ڕەوڕەوەی زانست و زانیاری لەکوردستان و پەروەردەکردن و پێگەیاندنی نەوەکی گەلەکەمان عەلی حسین بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی دیموکراتی کوردستان بەئامادەبوونی بەرپرسی دیسکی پارتە تورکمانیەکان و ئەندامانی مەکتەبی پێشوازی لە شاندێکی پارتی تورکمان ئیلی کرد. لە دیدارێکەدا تەئکیدیان لە پاراستنی یەکریزی و پتەوکردنی گیانی برایەتی و پێکەوە ژیانی لە میژینەی نەتەوەی کوردو تورکمان لە پێناو خزمەت کردن بەئەزموونی دیموکراسی و خەلکی کوردستان کردەوە. پاشان شاندی میوان ڕایانگەیاند: هەڵوێستە پڕ نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی جەنابی سەرۆک بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان جێگای ڕێزو ستایشی ئێمەیە لەبەرامبەر کەرکوک و گەرانەوەو بوونی پارتی لەشارەکە هەناوێکی گرنگ دەبێت بۆ ئاسایی بونەوەی دۆخەکەو تەواوی ناوچەکە. لەلایەکی تر بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی لە بارەگای مەکتەب بەئامادەبوونی بەرپرسی دیسکی پارتە کریستانەکان و ئەندامانی مەکتەب، پێشوازی کرد لە ئەلخو ڕاسقف فارس تەمس جێگری مەترانی سریان کاسۆلیک لە هەرێمی کوردستان و موسل و کەرکووک. لەمیانی دیدارێکەدا قۆناغەکانی گیانی برایەتی و پێکەوەژیان و هەماهەنگییەکان بۆ گرنگیدان بەهەموو پێکهاتەکان و تایبەت کریستیانەکان باسکرا، هەرلەم دیدەردا هەروەها شاندی میوان ڕایانگەیاند: هەڵوێستە پڕ نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی جەنابی سەرۆک بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان جێگای ڕێزو ستایشی ئێمەیە لەبەرامبەر کەرکوک و گەرانەوەو بوونی پارتی لەشارەکە هەناوێکی گرنگ دەبێت بۆ ئاسایی بونەوەی دۆخەکەو تەواوی ناوچەکە. لەلایەکی تر بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی لە بارەگای مەکتەب بەئامادەبوونی بەرپرسی دیسکی پارتە کریستانەکان و ئەندامانی مەکتەب، پێشوازی کرد لە ئەلخو ڕاسقف فارس تەمس جێگری مەترانی سریان کاسۆلیک لە هەرێمی کوردستان و موسل و کەرکووک. لەمیانی دیدارێکەدا قۆناغەکانی گیانی برایەتی و پێکەوەژیان و هەماهەنگییەکان بۆ گرنگیدان بەهەموو پێکهاتەکان و تایبەت کریستیانەکان باسکرا، هەرلەم دیدەردا هەروەها شاندی میوان ڕایانگەیاند: هەڵوێستە پڕ نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی جەنابی سەرۆک بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان جێگای ڕێزو ستایشی ئێمەیە لەبەرامبەر کەرکوک و گەرانەوەو بوونی پارتی لەشارەکە هەناوێکی گرنگ دەبێت بۆ ئاسایی بونەوەی دۆخەکەو تەواوی ناوچەکە. لەلایەکی تر بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی لە بارەگای مەکتەب بەئامادەبوونی بەرپرسی دیسکی پارتە کریستانەکان و ئەندامانی مەکتەب، پێشوازی کرد لە ئەلخو ڕاسقف فارس تەمس جێگری مەترانی سریان کاسۆلیک لە هەرێمی کوردستان و موسل و کەرکووک. لەمیانی

# پارتی تورکمان ئیلی: هەڵوێستە پڕ نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی سەرۆک بارزانی و پارتی جێگای ڕێز و ستایشی ئێمەیە



# 73 قوتابیی قوتابخانەکانی سنووری لقی 16 خەڵاتکران



لەپێناو زیاتر بەرزکردنەوەی ئاستی زانست و خوێندن لە سنوورەکەو هاندانی قوتابیان بۆ بەدەستهێنانی نمرەی بەرز و سووربوون لەسە بەدیهێنانی ئومێدو ئامانجەکانیان، لەهۆڵی بۆنەکانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارێزگای هەولێر بەئامادەبوونی بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی16ی هەولێری پارتی و بەڕێوەبەرانی پەروەردەو سەرپەرشتیارانی یەکەی پەروەردەیی و بەڕێوەبەری قوتابخانەکان و ژمارەیەکی زۆر لەکەسوکاری قوتابیە یەکەمەکانی دەفەرەکە بەهاوکاری مەکتەبی جەماوەریەکانی لق و لێژنە ناوچەی زانستی مامۆستایان و لقی دەوروبەری یەکێتی قوتابیانی کوردستان، لە مەراسیمێکی شایستەدا 73 قوتبی خەڵاتکران کە لە بیست قوتابخانەکەی سنووری پەروەردەکانی دەشتی هەولێرو خەبات و شەقلاوە و دەوروبەری هەولێر لەئەزموونەکانی کۆتایی ساڵدا نمرەی بەرزیان بەدەست هێنابوو. لەدەسپێکی مەراسیمەکەدا بەرپرسی لقی 16ی هەولێر وێڕای پیرۆزبایی گەرمی لەقوتابیە یەکەمەکان و خانەوادەکانیان کە ئەرک و شەونخونی زۆریان کێشاوە بۆ سەرخستنی ڕۆڵەکانیان، ئاماژەی بەرۆڵی گرنگ و پڕ بایەخی مامۆستایان کرد لەپێشخستنی ڕەوڕەوەی زانست و زانیاری لەکوردستان و پەروەردەکردن و پێگەیاندنی نەوەکی گەلەکەمان

# مارتا ڕۆیداس سوپاسی هەماهەنگیی دامودەزگاکانی حکوومەتی هەرێم و وەزارەتی ناوخۆ دەکات




ڕۆژی چوارشەممە 2019/8/21 ڕێبەر ئەحمەد وەزیری ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە دیوانی وەزارەت پێشوازیی لە خاتوو مارتا ڕۆیداس جێگری نێردەی تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان لە عێراق شاندێکی یاوەری کرد. سەرەتای دانیشتنەکە جێگری نێردەی تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان لە عێراق پیرۆزبایی لە خاتوو مارتا کرد بەسەرکەوتنی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست، پاشان وێڕای پێشکەشکردنی کورتە باسێک سەبارەت بە کار و چالاکییەکانی ئاژانسەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان لە هەرێمی کوردستان، دەستخۆشی هاوکاری و هەماهەنگیی دامودەزگاکانی حکوومەتی هەرێم و وەزارەتی ناوخۆی بەتایبەت کرد لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیاندا، هیوای خواست ئەم پەیوەندییانە بەردەوامبن و زیاتریش بەردەوپێش بچن. لە بەرامبەریشدا وەزیری ناوخۆ سوپاسی ئاژانسەکانی نەتەوەیەکگرتووەکانی کرد لە هەرێمی کوردستان کە هاوکار و هاوئاهەنگ بوون لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە گرتنەخۆی سەدان هەزار ئاوارە و پەنابەری شەڕی نەخوازراوی تیرۆریستانی داعش، و ئامادەیی وەزارەتی ناوخۆی نیشان دا بۆ پێشکەشکردنی هەموو ئاسانکارییەک بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان لە هەرێمی کوردستان.

# ئاماری شەش مانگی ڕابردووی تۆندوتیژی دژی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان بڵاوکرایەوە

لە شەش مانگی ڕابردوو لە هەرێمی کوردستان، 211 ئافرەت بە هۆکاری جیاواز کوژراو یان سووتێنراون. بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربونەوەی تۆندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئاماری شەش مانگی ڕابردووی خۆی بڵاوکردەوە. بەگوێرەی ئامارەکان، 22 ژن کوژراون، 32 ژن خۆیان کوشتووە، 99 ژن سوتاون و 58 ژنیش سووتێنراون. هەروەها، 47 ژنیش دەستدرێژی سێکسی کراوەتەوە سەر. ئاماژە بەوەشدراوە، چوار هەزار و 972 سکاڵا لەبارەی تۆندوتیژی دژی ژنان تۆمار کراوە.

# وەزیری ئەوقاف: ئەوڵەویەتی کارمان جێبەجێکردنی ستراتیژیەتی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە



بە ئامادەبوونی د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی و ڕاوێژکارانی وەزارەت و بەڕێوەبەرانی گشتی ئەوقافی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان هەولێر، سلێمانی، دهۆک، هەڵەبجە، ئیدارەی گەرمیان و بەڕێوەبەرانی پەیوەندیدار، کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزارەت بەڕێوەچوو. لە کۆبوونەوەکەدا وەزیری ئەوقاف ئامانجی سەرەکی کۆبوونەوەکەی خستەڕوو، کە بریتیتە لە خۆڕێکخستنەوەی زیاتری وەزارەت و پێکهاتەی بەڕێوەبەراتیەکان و بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان و ئەوقافەکان، هەروەها دانانی میکانیزمێکی تازە بۆ ڕاپیکردنی کاروبارەکان و جێبەجێکردنی ستراتیژیەتی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لە کارە لەپێشینەکانی وەزارەتی ئەوقافە، زیادکردنی داهاتی مولکەکانی وەزارەت کە گونجاو بێت لە گەڵ دۆخی ئێستای ئابووری هەروەها چارەسەر کردنی هەر گرفتێکی تەکنیکی بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان بە پێی توانی وەزارەت ئەویش بۆ بەردەوامی لەکارو جێبەجێکردنی بڕیارو ڕێنماییەکانی وەزارەت.

# کەسێک لە نەۆمی هەشتەمی باڵەخانەیەکی هەولێر خۆی فڕێدەداتە خوارەوە

هۆگر عەزیز گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر تایبەت بەمالپەڕی کوردستان تیڤی ڕاگەیاند: پێش نیوەڕۆی شەممە 24ی 8ی 2019 نزیک گەڕەکی ڕاستی کەسێک لەنەۆمی هەشتەمی باڵەخانەیەکدا خۆی دەسوتێنێت و دواتر خۆی فڕێدەداتە خوارەوە.

گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر وتیشی: کەسەکە بەهۆی ڕووداوەکەوە گیانی لەدەستداوە. ڕاشیگەیاند: ناسنامەی کەسەکە تا ئێستا دیار نییە و تەرمەکەی ڕەوانەی پزیشکی دادی کرا و پۆلیسی هەولێریش پەڕاوی لێکۆڵینەوە لەهۆکاری ڕووداوەکە کردووەتەوە.

# منداڵێکی ساوا لە بەردەم مزگەوتێکی کەلار فڕێدەدرێت

**خەبات- سەبریە یوسف:**

منداڵێک لە شارۆچکەی کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان دۆزرایەوە. لەوبارەوە، موقەدەمی مافپەروەر عەلی جەمال، وتەبێژی پۆلیسی گەرمیان بەخەباتی ڕاگەیاند: بەیانی شەممە 24ی 8ی 2019 لەکاتی نوێژی بەیانیدا لەپێش مزگەوتی بوخاری قەزای کەلار منداڵێک فڕێدەدرێت. وتیشی: لەئێستادا منداڵەکە لەبەشی منداڵانی نەخۆشخانەی گشتی کەلارە. بە وتەی ئەو بەرپرسەی پۆلیسی گەرمیان منداڵەکە لە ڕەگەزی نێرەو تەمەنی یەک ڕۆژەو باری تەندروستی جێگیرە ئێستا لەژێر چاودێری پزیشکدایە و پۆلیس دەستیکردووە بە لێکۆڵینەوە و لە هەوڵی ئاشکراکردنی ناسنامەی منداڵەکەیە.

# پرسەو سەرەخۆشی

**بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان**

**بەڕێزان لە خانەوادەی خوالێخۆشبوو میقداد محەممەد عومەر**

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی هونەرمەندی مەقامبێژی دیاری کوردستان میقداد محەممەد عومەر. مان پێگەیشت.

مامۆستا میقداد محەممەد عومەر، لە هونەری وتنی مەقامدا خزمەتێکی بەرچاوی ڕەسەنایەتی هونەری میللی کردووە و لە دوای خۆیشی خەرمانێک لەو هونەرە مەزنەی بۆ گەلەکەی بەجێهێشتووە.

بەم بۆنە خەمناکەوە سەرەخۆشی لە خانەواده و کەسوکار و هونەرمەندانی کوردستان بەتایبەتی هونەرمەندانی شاری کەرکووک دەکەین و خۆمان بە هاوبەشی خەمتان دەزانین.

لە خودای گەورە داواکارین لە خەم و ئازار و کۆستی دیکە بە دوور بن و خوالێخۆشبووش بە بەهەشتی بەرین شاد بکات.

**انا لله و انا الیه راجعون**

**بارەگای بارزانی**

***

**بەڕێز محەممەد ڕەشید لهۆنی**

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی هاوژینی بەڕێزتان خاتوو فەریدە عەبدولغەفور. مان پێگەیشت.

خاتوو فەریدە عەبدولغەفور- ی هاوژینتان وەک زۆرێک لە ئافرەتانی کوردستان لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەڕێزتان لەپێناو نەتەوە و نیشتمانەکەیدا هاوشانتان بووە وەک ژنە پێشمەرگەیەک. هاوبەشی خەمان بە بەڕێزتان و خانەواده سەربەرزەکەتان ڕادەگەیەنین و سەرەخۆشی ئاراستەی ئێوە و خزم و دۆست و هەقالانتان دەکەین.

لە خودای مەزن داواکارین خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرین شاد بکات و سەبر و ئارامی بە هەموو لایەک ببەخشێت.

**انا لله و انا الیه راجعون**

**بارەگای بارزانی**

***

**بەڕێزان خانەوادەی خوالێخۆشبوو بەهرام شێخ محەممەدی هارونی**

دڵگران بووین بە بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی دیاری کۆمەڵایەتی دەڤەرەکە بەهرام شێخ محەممەدی هارونی ناسراو بە بەهرامی شیمەی هارونی.

بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و کەسوکار و تەواوی بنەماڵەکەتان دەکەین و خۆمان بە هاوبەش وشەریکی خەمتان دەزانین.

لە خودای گەورە داواکارین لە خەم و ئازار و کۆستی دیکە بە دوور بن و خوالێخۆشبووش بە بەهەشتی بەرین شاد بکات.

**انا لله و انا الیه راجعون**

**مەکتەبی سیاسی**

www.xebat.net
یەک شەمە 2019/8/25 ژمارە (5813) | خەبات

## دەزگای خێرخوازی بارزانی کلینکی یاسایی لە کەرکووک دەکاتەوە

# ئەسما ئەمین: ئێمە بەردەوامین لە هاوکاریکردنی خێزانە هەژار و منداڵە بێ باوکەکان





**خەبات - ئارام شێرکۆ**

بەمەبەستی چارەسەر کردنی کێشە و گرفتەکانی ئافرەتان لە کەرکووک دەزگای خێرخوازی بارزانی کلێنکی یاسایی دەکاتەوە بۆ ئەوەی لە رێگای دادگاوە کێشە و گرفتی ئافرەتانی بێوەژنی سنووری شارەکە چارەسەر بکات، بە تایبەتی ئەو ئافرەتانەی کە شوویان کردووەو گرێبەستی هاوسەرگیریان نییەو ئێستا خاوەنی منداڵن و پیاوەکانیشیان مردوون .

بەمەبەستی لە نزیکەوە ئاگاداربوون لە کارو چالاکییەکانی دەزگای خێرخوازی بارزانی لە دوای ڕووداوەکانی 16ئۆکتۆبەر چاوپێکەتنێکی تایبەتمان لەگەڵ ئەندازیاری یاسایی ئەسما ئەمین بەڕێوەبەری ئۆفیسی کەرکووک ئەنجام داوە.

لەبارەی کارو چالاکییەکانی خۆیان لە کەرکوک ئەسما ئەمین گوتی: لە پێش 16 ئۆکتۆبەرەوە بەچەند مانگێک ئۆفیسمان لە کەرکووک کرایەوە، بەڵام دواتر بۆ ماوەیەک داخرا بەهۆی ڕووداوەکان ,لەگەڵ ئەوەیش کە ئۆفیسمان نەما بوو هەر کارەکانی خۆمان دەکرد تاکو ئەمساڵ مانگی 2019 / 2 ئۆفیسەکەمان کردەوەو دەستمان کردەوە بەکارە چالاکیەکانمان، کە بەشێوەیکی سەرەکی بریتی بوون لە دابەشکردنی هاوکاری بەسەر خێزانە هەژارەکان و ئافرەتانی بێوەژن و منداڵی بێ باوک . پێش کردنەوەی ئۆفیسەکەیش لە هەولێر هاوکاری ئەو مالە ئاوارەنەمان دەکرد، کە بەهۆی ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر ئاوارە ببوون و ڕوویان لە هەولێر کردبوو .

ئەندازیاری یاسایی ئەسمین لەبارەی ئامانج لە پڕۆژەکانیان دەڵێت: هاوکاریکردنی خێزانی هەژار و منداڵی بێ باوک و ئافرەتانی بێوەژن و کەسانی کەمئەندام هەربەکە و بەشێوەیەکی جیاوازە، بۆ نموونە لە ڕێگای موختارەکان و بەشێک لە ڕێکخراوەکانەوە دەستمانکردووە بە کۆکردنەوەی ناوی ئەو خێزانە هەژارانەی نێو شاری کەرکووک پاش دەستنیشان کردن و سەردانی کردنیان پێداویستییەکانیان بۆ دابین دەکرێت، تاکو ئێستایش 3000خانەوادەی هەژار ناونووسکراون . دەستمان کردووە بەسەردانیکردنیان لە ریگای کارمەندەکانی خۆمانەوە بۆ ئەوەی لە نزیکەوە بیانبینین و پێداویستیەکانیان بۆ دابین بکەین .

سەبارەت بە جۆری هاوکاریەکانیان بەرپرسی ئۆفیسی کەرکوکی دەزگای خێرخوازی بارزانی گوتی: بەشێوەیەکی گشتی خوراک و کەرەستەی ڕۆژانە بۆ خێزانە هەژارەکان و پارە بەسەر منداڵانی بێ باوک و دابەشکردنی عەرەبانەو عەکازە بەسەر کەمئەندامان بە گوێرەی پێداویستییەکان هاوکاری ئافرەتانی بێوەژن لە شارەکە، کە بێ مووچە و داهاتن بۆ خۆیان منداڵەکانیان کە 90 کەسن، کەم ئەندامەکان بە هاوکاری ڕێکخراوی IDSی ئەمەریکایی کەرەستەکانیان بۆ دابین دەکرێت، منداڵانی بێ باوکیش پێشتر لە تەمەنی 12 ساڵی بەرەو خوار ناونووس دەکران، بەڵام ئێستا دەبێت ئەو منداڵانە تەمەنیان 10ساڵ کەمتر بێت، کە ئێمە هاوکاریان دەکەین و بەردەوامین لە وەرگرتنی ئەو منداڵە بێ باوکانە، تا ئێستایش ئێمە بەردەوامین لە سنووری کەرکووک کە پارەیان پێ دەدرێت، دوو جۆر خۆراکیش دابەش دەکرێت کە ئەویش بەشی کوردستانی کە لەلایان سەرمایەدارەکان و ڕێکخراوە ناوخۆییەکان هاوکاری دەکرێن و 792 خێزانن، ئەوانەیشی لەلایان ئیمارەتەوە هاوکاری دەکرێن 996خێزانی هەژارن سەرجەمیشیان دەکاتە 1788خێزان

بەرپرسی ئۆفیسی کەرکوکی دەزگای خێرخوازی بارزانی گوتیشی: ئۆفیسی ئێمە 10 کارمەندی سەرەکی هەیە کە لە ناو کەرکووک و دەوروبەری کاردەکەن، بەڵام لە کاتی پێویست ژمارەیەکی زۆر خۆیەخش هەن دێن و هاوکاریان دەکەن بۆ ئەوەی کارەکانمان بەڕێوە ببەین، کە ئەویش شایەنی سوپاس و ستایشە، لە بەرنامەیشمان هەیە بەشی تر بکەینەوەو 996خێزانی هەژارن سەرجەمیشیان دەکاتە 1788خێزان

لەبارەی کارو پڕۆژەی ئایندەیان لە کەرکووک، ئەسما ئەمین گوتی: لە ئێستادا دەمانەوێت کلینیکێکی یاسایی بکەینەوە بۆ چارەسەر کردنی کێشە و گرفتی ئەو ئافرەتانەی لە سنووری کەرکووک بەبێ هیچ جیاوازییەک لە نێوان نەتەوە و مەزهەب و ئایین .

.بۆ نموونە ئەو ئافرەتانەی شوویان کردووە بە داعش و گرێبەستی هاوسەرگیریان نییە و ئێستا خاوەنی منداڵ و پیاوەکانیشیان نەماوە، پێویستە ئەمانە ناسنامەیان بۆ دەربکرێت بۆ ئەمەیش پێویست بۆ کۆمەڵێک ڕێکاری یاسایی هەیە و لە ڕێگای ئەو کلینیکەوە بۆیان چارەسەر دەکرێت بە هاوکاری دادگای کەرکووک، جگە لەوەیش پڕۆژەمان هەیە سەنتەرێکی ڕاهێنانی پێشەیی بکەینەوە بە بۆ ئەو گەنجانەی بێ کارن بە گوێرەی شارەزایی کەسەکانیان بۆ دابنێن بۆ ئەوەی بتوانین تارادەیەک کێشەی بێ کاری چارەسەر بکەین لە شارەکە.

لەبارەی ئەو ئاستەنگانەیش کە دەبێتە گرفت لەبەردەم بەڕێوەچوونی کارەکانیا بەرپرسی ئۆفیسی کەرکوکی دەزگای خێرخوازی بارزانی ئەسما ئەمین گوتی: کێشەی ئێمە ئەوەیە کاتێک دەمانەوێت ئەو خواردن و کەرەستانە داخلی کەرکووک بکەین لە بازگەکان کێشەمان بۆ دروست دەبێت، جاری وا هەیە بە چەند ڕۆژ کارەکانمان دوا دەکەوێت، بەڵام لە ناو شار تاکو ئێستایش هیچ کێشەمان نەبووە.

## گەڕان بەدوای شوێنەواری شانشینی ئارارات لە دەریاچەی وان بەردەوامە

# قەڵاکە دوو هەزار و 700ساڵ لەمەوبەر لە لایەن شا روسای دووەم دروستکراوە







لە چوارچێوەی کاری کنەوپشکنین لە شوێنەواری قەڵای ئایانیس سەربە شارستانییەتی شانشینی ئارارات، دەستکرا بەکاری دیاریکردنی شوێنپێکانی ئورارتووەکان لە دەریاچەی وان.

قەڵاکە دوو هەزار و 700 ساڵ لەمەوبەر لە لایەن شا روسای دووەم، شای شانشینی ئارارات دروستکراوە و نزیکەی 30ساڵ لەمەوبەر کاری کنەوپشکنین و تازەکردنەوەی تیایدا دەستپێکردووە و تا ئێستا بەردەوامە.

**خەبات: باکووری کوردستان**

لە چوارچێوەی کاری کنەوپشکنین لە شوێنەواری قەڵای ئایانیس سەربە شارستانییەتی شانشینی ئارارات، دەستکرا بەکاری دیاریکردنی شوێنپێکانی ئورارتووەکان لە دەریاچەی وان.

قەڵاکە دوو هەزار و 700ساڵ لەمەوبەر لە لایەن شا روسای دووەم، شای شانشینی ئارارات دروستکراوە و نزیکەی 30 ساڵ لەمەوبەر کاری کنەوپشکنین و تازەکردنەوەی تیایدا دەستپێکردووە و تا ئێستا بەردەوامە.

کاری کنەوپشکنین لە لایەن گرووپێکی تایبەت بە سەرۆکایەتی شوێنەوارناس لە زانکۆی ئەتاتورک، پڕۆفیسۆر دکتۆر مەحمەد ئشکلی-یەوە ئەمساڵ بەڕێوەدەچێت، هاوکات لە قەڵای ئایانیس-دا پەیوەندی ئورارتووەکان لەگەڵ دەریاچەی وان-دا لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت.

لەوچوارچێوەیەشدا سەرۆکی بەشی شوێنەوارناسی شوێنەوارە ژێرئاوکەوتووەکان لە زانکۆی ئولوداغ-ی بورسا، دکتۆر سەرکان گوندوز و تیمی ژێردەریاوانی لە ناوچەی ئایانیس چوونە ژێر ئاوی دەریاچەی وان و بەدوای شوێنەواری ئورارتووەکاندا، گەڕان.

چاوەڕوان دەکرێت چەند زانیاریەکی گرنگی مێژوویی ئورارتووەکان بەردەست بکەون.

پڕۆفیسۆر دکتۆر مەهمەت ئشکلی لە لێدوانێکدا ئاماژەی بەوەدا کە وان لەڕووی مێژوویی، کولتووری و شوێنەوارەوە جوگرافیایەکی زۆر دەوڵەمەندە.

ناوبراو ئاشکرایشی کرد کە دوای ٣٠ ساڵ لە کنەوپشکنین لە قەڵای ئایانیس-دا پڕۆژەکە نوێکراوەتەوە و دەوڵەمەندتر دەکرێت و گوتی:

"ڕوسای دووەم یەکێک لە گەورەترین شاکانی شانیشنی ئارارات لە دوو خاڵی دەریاچەی وان-دا قەڵاکەی دروستکردووە. یەکێکیان لەبەردەستماندا هەیە.

لەسەر ئەمە تاقیکردنەوەیەکمان کرد بە سێ ڕۆژ لە ڕێگەی وشکانییەوە گەیشتینە قەڵای کەف، بەڵام لە ڕێگەی دەریاچەکەوە بە نیوڕۆژ پێی گەیشتین، هەر بۆیە گەیشتین بەو بڕوایەی ئورارتووەکان دەریاچەی وان-یان بەکارهێناوە وەک ڕێڕەو".

لای خۆیەوە دکتۆر دکتۆر سەرکان گوندوز لەگەڵ تیمێکی پێنج کەسیدا لە ڕۆخی قەڵای ئایانیسەوە دەست دەکەن بەکێرمالکردن و گوتی:

قەڵای ئانیس ئەوی تریان قەڵای کەف لە عادیل جەواز. ئورارتووەکان لە هەندێک لاوە بۆ گواستنەوە دەریاچەی وان-یان بەکارهێناوە و لە دەوروبەری دەریاچەی وان-دا نیشتەجێبوون. هەر بۆیە قەڵەمڕۆیی ئورارتووەکان لە دەوروبەری دەریاچەی وان-دا بووە بۆ ئەمەش بەڵگە

"لە توێژینەوەکەدا تەکنەلۆجیای نوێ بەکاردەهێنرێت، هەوڵمان دا کە پەیوەندی قەڵای ئایانیس بە دەریاچەی وان-ەوە بدۆزینەوە. وەک یەکەم هەنگاو کارمان کرد لەسەربوونی شوینەواری کولتووری. بەچڕی لە ڕێگەی ئامێری سۆنەرەوە کار دەکەین. ژێر دەریاچەکە لە زەویەکی تەخت پێکدێت. لە هەندێک خاڵی ژێر دەریاچەکەدا بە ڕێگەی ئامێرەوە ژێردەریایی دەکەین و وێنەی دەگرین".

# بۆچی کێشەی ناڕێکی میلاک چارەسەر ناکرێت؟

### بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێر بۆ «خەبات»:

## ئەگەر میلاک ڕێکبخرێتەوە ناوشارەکان پێویستییان بە وانەبێژ نابێت



بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێر:

**داوامانکردووە هەڵسەنگاندن بۆ وانە بێژانیش بکرێت، لای ئێمە بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی قوتابی بەرزترە لەوەی هەڵی کار بۆ دەرچوویەک بڕەخسێنین**

**دیمانە/ ڕۆشنا عەلی**

ماوەی چەند ساڵێکە هەرچۆن باس لە کەمی مامۆستا بکرێت، خراپی دابەشبوونی مامۆستایانیش دەبێتە هۆکارێک لە هۆکارەکانی ئەو کەم و کوڕییە، زۆرێکیش لە سەرپەرشتیاران لە درێژەی بەدواداچوونی بەردەوامی لاپەڕەی پەروەردە بەردەوام باسی زەحمەتی ڕێکخستنی میلاکییان کردووە بە بیانووی جۆراو جۆر، لێرەوە ئەکرێت بپرسین زەحمەتی ڕێکخستنەوەی لە چێدایە ؟ لە کاتێکدا هەمووان پێیان وایە کێشەیە ، کێ کێشەکەی دروستکردووە ؟ ئایا نییەت بۆچارەسەرکردنی هەیە ؟ ئەم چارەسەرکردنە کەی دەست پێدەکات ؟ هەموو ئەم پرسیارانەمان ئاڕاستەی بەشدار عەبدولخالق بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێر کرد.

*** ناڕێکی لە دابەشکردنی میلاک کێشەیەکە باسی دەکەن و هەمووانیش بەرپرسیارن ئێوە تاچەند هەوڵتان داوە بۆ ڕێکخستنەوەی و بەرنامەتان بۆ ئەمسالی خوێندن چییە لەم ڕووەوە؟**

ـ ئەو چەند ساڵەی ڕابردوو بە حکومی ئەوەی بارودۆخێکی تایبەت و پاشەکەوتی موچە هەبوو ڕچاوی بارودۆخی مامۆستایانمان کردبوو، مامۆستا هەیە بە دە بەشە وانەو هەشت بەشە وانە دانیشتووە و مامۆستاش هەیە 25بەشە وانەی هەیە ئێمە لە 7-30 کۆبوونەوەمان لەگەڵ سەرجەم بەڕێوەبەری پەروەردەکان کردووە کە دەبێت بۆسالّی نوێی خوێندن میلاکی قوتابخانەکان و بەشە وانەی مامۆستایان ڕێکبخرێتەوە هیچ مامۆستایەک لە نیسابی قانونی خۆی کەمتری نەبێت بنەڕەتی دەبێت 22بەشە وانەو ئامادەیی 24بەشە وانە ی هەبێت و نابێت لەوە کەمتر بێت لە قوتابخانەیەک ئەگەر دەبەشە وانەی هەبێت دەبێت لە قوتابخانەیەکی تر دەبەشە وانەی پێ تەواوبکرێت، ئەوەش هۆکار بوو بۆئەوەی کە ئێمە فۆرمی وانە بێژیان دابەش نەکرد، چونکە ئەگەر میلاک ڕێکبخرێتەوە دڵنیام نیوەی ئەو وانە بێژانەی ئێستا هەن پێویستمان پێیان نییە، مەکتەب هەیە بیست مامۆستا زیادە و هەشە دە مامۆستا ی پێویستە ئێمە بە وانە بێژ ئەو پێداویستییانەمان پڕکردەوە بۆیە بەڕێوەبەری پەروەردەکان بەرپرسن تا 21 ژ 9 میلاکاتی خۆیان ئەرکەی لەسەر شانییەتی جێبەجێی بکات.

*** کەواتە بە نیاز نین فۆرمی وانە بێژی دابەش بکەن بە م پێیەی باسی لێوە دەکەن پێویستتان نییە ؟**

ـ ئێمە ئەو کاتەی میلاکی خۆمان ڕێکخستەوە لە ناوشارەکان ئەو کات ئەتوانین ئەو بڕیارە بدەین، بەڵام ئێمە وانە بێژمان پێویستە بۆ پەروەردەی دەرەوەی شارەکان و دەرفەتی یەکەمیش بۆ ئەوانەیە کە پارو پێرار وانە بێژ بوون لە هەمانکاتیشدا داوامانکردووە پێداچوونەوە بە وانەشدا بکرێت ئەوانەی ئاستییان باش بووە دەرفەتی زیاتریان پێبدرێت بە ڕاشکاوانە دەیڵێم لای ئێمە مامۆستا یان وانە بێژ لە بەرئەوەی هەڵی کاری بۆ بڕەخسێنم کاریکی هەڵەیە و دواجار قوتابی زەرەرمەند دەبێت، لەبەر ئەوە داوامانکردووە لەمەودوا هەڵسەنگاندنیش بۆوانە بێژان بکرێت پێداچوونەوەش بەو وانە بێژانە بکرێت کە ساڵانی ڕابردوو دانراون، بەڵام بڕوانامەکەیان لەگەڵ مامۆستایی یەکناگرێتەوە وناشکرێت تۆ کەسێک دەرچووی کۆلێژی بنیاد بەشی بیرکاری بێت، بەڵام کەسێک دەرچووی کشتوکاڵ بێت و بیرکاری بڵێتەوە لەبەر ئەوەی دەرچووەو هەڵی کاری دەستکەوێت، من پەروەردەی نەوەیەک، چۆن کەسێک کە دەرچووی بەشێکەو بڕوانامەکەی لەگەڵ مامۆستایەتی ناگونجێت دامەزرێنم بە بیرکارییەکەم لا لە پێشترە، چونکە گونجاوە بۆ مامۆستایەتی، بێگومان فۆرمی وانە بێژی دابەشدەکرێت پاش ئەوەی دامەزرێنرا ئەوا ئەو مامۆستایە دەچێتە ڕیزی ئەو مامۆستایانەی کە ئەرکی وانە بێژیان هەیە ئەگەر ئەو مامۆستایە بیەوێت ببێتە وانە بێژ دەتوانێت داوا بکات بۆ ئەوەی ببێتە وانە بێژ ئەوا ئەگەر ئەو مامۆستایە ڕازی بوو بە وانە بێژ ئەوا ئەو مامۆستایە ئەگەر ئەو مامۆستایە ڕازی نەب



# سەرۆک و جەژنی وەفا لە باڵەکایەتی



**وەیسی سەعید وەیسی**

دەڤەری باڵەکایەتی رۆلی دیارومێژووی هەیەلەبزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان بەتایبەتیش دوای دەستپێکردنی شورشی ئەیلوولی مەزن کەهەمووەدم پشت و پەنای شۆڕشی ئەیلوول و رێبەری بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان مەلا مستەفا بارزانی بوون و خەڵکەکەی خانەدان وقارەمان بوون.

لەڕووی سەربازیەوەش ناوچەکە لە باروگونجاوتر لەشوێنەکانی تر بۆ بەرگری و موقاوەمەت و دانانی بارەگاکانی شۆڕش لەم دەڤەرەیە کە هەرئەمەش بووای کرد بارزانیی نەمر باڵەکایەتی دەست نیشان بکات بۆ بارەگای سەرکردایەتی شورشی ئەیلوول کە زۆربەی دەسکەوتەکانیش لەم دەڤەرەیە بۆگەلی کوردستان بەدەست هاتوون کەدیارترینیان مۆرکردنی رێکەوتنامەمێژوویەکەی (11)ئادار سالی (1970)بوو جگەلەوەی ناخۆشترین رووداویش کەلەمێژووی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستانیش رووداکەکارەتیرۆرستیەکەی رژێم بوولەژێربەرگی مەلایەتی بۆ تیرۆرکردنی بارزانی نەمرهەرلەباڵەکایەتی رووداجگەلەمانەش بارەگای زۆربەی دامەزراوە سیاسی ورۆشنبیری وسەربازیەکانی شۆڕشی ئەیلوول لەبەرزی وبەرگری کردنی وپاکی ولێبوردەیی بەخەڵکی دەڤەرەکە هێنایتەوەکەبەدلنیایەوە ئەم هەست وسۆزوخۆشەویستیەی جەنابیان بۆباڵەکایەتی زۆرمانامەغزای گرنگ لەخۆی دەگرێت کەناکرێت وابەئاسانی لەیاد بکرێت کەدیارترینیان وەفادارییە بۆدەڤەرەکە ولەهەمان کاتیشدا پەیامەکە بۆنەوەی تازەکەهەست بەم رۆلەگرنگەی باڵەکایەتی بکەن کەچۆن سەردەمانێکی زۆر دەڤەرەکە پایتەختی شۆرشی ئەیلوول بووشاندومیوانەکان لەوێ پێشوازی کراون وتابزانن ئەوەی ئێستا بەدەست هاتووەدرەنجامی چ زەحمەتی وقوربانی دانێکە هەروەها ئەرکی بەرپرسانی کوردستانیشی قورستر کرد تاهەوڵەکانیان چرتربکەنەوە بۆخزمەتکردنی دەڤەرەکە وچارەسەرکردنی کێشەوکەم وکورتییەکان کەلەرابردووداحکومەتی هەرێمی کوردستان لەزۆربەی سێکتەرەکان خزمەتی دەڤەرەکەی کردوەبەلام هێشتاش کەم وکورتی وپێداویستی تری گەرەکە هەربۆیەش جەنابیان بەڵێنی دادوای جەژن لێزنەیەکی تایبەت سەردانی دەڤەرەکە دەکات وهەوڵی چارەسەرکردنی گرفتەکان دەدات

بۆیەش بەدلنیایەوەئەم سەردانەی جەنابیان بوەمێژوویەکی تربۆخەڵکی باڵەکایەتی کەوەک هەموومێژووەکانی تری پڕلەسەروەری لەیادناکرێن وەجەژنی قوربانی ئەم سالیش بوبەدووجەژن چونکەدەمێکە خەڵکی دەڤەرەکە چاوەروانی دیدەنی جەنابیان بوون.

لەبوارەکانی رەوشت بەرزی ومیوان دۆستی وبەرگری کردنی وپاکی ولێبوردەیی بەخەڵکی دەڤەرەکە هێنایتەوەکەبەدلنیایەوە ئەم هەست وسۆزوخۆشەویستیەی جەنابیان بۆباڵەکایەتی زۆرمانامەغزای گرنگ لەخۆی دەگرێت کەناکرێت وابەئاسانی لەیاد بکرێت کەدیارترینیان وەفادارییە بۆدەڤەرەکە ولەهەمان کاتیشدا پەیامەکە بۆنەوەی تازەکەهەست بەم رۆلەگرنگەی باڵەکایەتی بکەن کەچۆن سەردەمانێکی زۆر دەڤەرەکە پایتەختی شۆرشی ئەیلوول بووشاندومیوانەکان لەوێ پێشوازی کراون وەتابزانن ئەوەی ئێستا بەدەست هاتووەدرەنجامی چ زەحمەتی وقوربانی دانێکە هەروەها ئەرکی بەرپرسانی کوردستانیشی قورستر کرد تاهەوڵەکانیان چرتربکەنەوە بۆخزمەتکردنی دەڤەرەکە وچارەسەرکردنی کێشەوکەم وکورتی وپێداویستی تری گەرەکە هەربۆیەش جەنابیان بەڵێنی دادوای جەژن لێزنەیەکی تایبەت سەردانی دەڤەرەکە دەکات وهەوڵی چارەسەرکردنی گرفتەکان دەدات

بۆیەش بەدلنیایەوەئەم سەردانەی جەنابیان بوەمێژوویەکی تربۆخەڵکی باڵەکایەتی کەوەک هەموومێژووەکانی تری پڕلەسەروەری لەیادناکرێن وەجەژنی قوربانی ئەم سالیش بوبەدووجەژن چونکەدەمێکە خەڵکی دەڤەرەکە چاوەروانی دیدەنی جەنابیان بوون.

هەرلەباڵەکایەتی بوون تەنانەت قۆناغی ئەوکات بەیەکەمین ئەزموونی بەرێوەبردن دادەندرێت لەهەرێمی کوردستان کەهەمووئەمانەش بوینەهۆکاری سەرەکی تاهەمیشە باڵەکایەتی هەربەڵانکی شورش وکودایەتی بناسرێت کەلەهەزرویادەوەری پێشمەرگەکانی شورشی ئەیلولیش قۆناغەکانی ژیانیان لەباڵەکایەتی هەربەیادگاریکی زیندووماینەوە بەتایبەتیش لەڵایەن خانەوادەی سەربەرزی بارزان کەهەرئەمەشە وای کردوەلەرۆژانی جەژنی قوربانی ئەم سال جەنابی سەرۆک مسعودبارزانی دەڤەری باڵەکایەتی دەست نیشان بکات تالەگەل خەلکەتێکۆشەرەکەی جەژنەپیرۆزەلەیەکتر پیرۆزبکەن وێرای ئەمەش لەزۆربەی یادوبۆنەنەتەوەیی ونیشتیمانییەکانیشداساەرۆک مسعودبارزانی ئاماژەی داوەبەساتەکانی ژیانیان لەدەڤەری باڵەکایەتی وزۆرفونەی پربەهای

سوورە مەرگەیی



# سەرۆک بارزانی تەنها بڕایەتی کوردپەروەرانی قبووڵە

لەگەڵ توندبوونی کێشەکانی هەولێر و بەغدا نەیارانی پارتی بۆ شاردنەوەی دەرچوونیان لە رێڕەوی کوردایەتی و رێگە خۆش کردن بۆ چوونە پاڵ بەغدا، راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کەوتەنە بانگەشەی ئەوەی گوایە سەرۆک بارزانی نەیتوانی ببێتە برا گەورە؟! ,لە وەڵامی بانگەشەی ئەوانەدا دەڵێم:.

لە کوێی دنیا و لە شۆڕشی رزگاریخوازی کام گەلی چەوساوە و ژێردەستەدا بینراوە و بیستراوە خیانەتکار و وڵاتفرۆش، شۆڕشگێڕ و وڵاتپارێزی بە برا گەورە قبوڵ بووبێ؟! ئەی کام شۆڕشگێڕ و وڵاتپارێزی دنیا برا گەورایەتی خیانەتکار و وڵاتفرۆشانی قبوڵ بووە؟!

لە دوای ریفراندۆمی 25ی ئەیلولی سالی 2017بالێکی ناو لایەنێکی دیاریکراو بە ئاشکرا کەوتنە شەڕی دەنگ و بڕیاری خەڵکی چەوساوەی کوردستان و، بۆ لەباربردنی ریفرانۆم و سست کردنی هەنگاوەکانی گەیشتن بە سەربەخۆیی بوونە بەشێک لەو پلانگێڕیەی داگیرکارانی کوردستان دژ بە ریفرانۆم گێڕایان، ئاخر نەک هەر کوردانی باشوور، بەڵکو کوردانی پارچەکانی تریش هەموو خۆزگە و ئاواتەکانیان لەسەر ئەو ریفراندۆمە هەڵچنیبوو، ئەوانیش هەستان بە چاوساغی کردنی دوژمنان و لەگەڵ خۆزگە و ئاواتەکانی کوردانی هەر چوار پارچە کەوتنە شەڕ، ئاخر سەرۆک بارزانی چۆن برا گەورایەتی ئەوانەی قبوڵە؟!

دوای ئەوە ئەو باڵەی ناو ئەو لایەنە بە هاوکاری چەند لایەنێکی تر بەرەو بەغدا کەوتنە ڕاکەڕاک و بە مەبەستی نەهێشتنی حکومەتی هەرێم و ئەنجامدانی دوا قۆناغی پیلانگێڕیەکە داوای پێکهێنانی حکومەتی (ئینقازی وەتەنی)و دادگایی کردنی ریفراندومچی و سەربەخۆخوازانیان دەکرد، ئاخر سەرۆک بارزانی چۆن برا گەورایەتی ئەوانەی قبوڵە؟!

دوای ریفراندۆم لایەن هەبوو پێیوابوو تازە شتێک نامێنێ بەناوی حکومەتی هەرێم و بەغدا وەک سەردەمی بەعس و سەددام حوسێن دەست بەسەر کوردستاندا دەگرێتەوە، جا ئەو لایەنە بۆ ئەوەی دڵسۆزی خۆی پیشان بداو بە زەلیلی لە سووچێکەوە شوێنێک بۆ ژیانی خۆی دابین بکات، ریفراندۆم و دەنگ و بڕیاری خەڵکی کوردستانی بە (سەفەت) ناو دەبرد، ئاخر سەرۆک بارزانی چۆن برا گەورایەتی ئەوانەی قبوڵە؟! کورت و کرمانجیەکەی هەڵۆ لە بەرزی دەڕیا و داڵە کەلاشخۆرە لە نزمی و لەسەر لاکی گەنیو دەڕیا، ئایا هەڵۆ چۆن دەتوانێ داڵە کەلاشخۆرە فێری بەرز فڕین و لە بەرزی ژیان بکات؟! یان داڵە کەلاشخۆرە کە چاوی لە نزمی ژیان و لاکی گەنیوی سەر زەوییە، چۆن دەتوانێ لەگەڵ هەڵۆ بەرز بفڕێ و لە بەرزی بڕیا ؟!

# گوندێن مە ڤالاکەن، خەباتێ بۆ رزگارکرنا گوندێن خوە بکەن !!



**کارزان فەتی**

تیرۆر، ئەو بزاڤا تێکدەرانەیا کو بێ ناسنامەیە و هیچ ئالیەکێ فەرمی ل هەموو جیهانێ نکاریت خوە لێ بکەتە خودان، هەموو دەما ژی ئارمانجا وێ تێکدان و خرابکرنا وێ دەڤەرێ یە کو ب جوانی و ئارامیا خوە یا ئاڤدارە، کەواتە هیچ نامۆ نینە کو ل هەولێرا پایتەختێ هەرێما کوردستانێ بۆیەرەکا تیرۆرستی رووبدەت، چونکی ل وەلاتێن پێشکەفتی یێن جیهانێ ئەم بەردەوام رووداتێن تیرۆری دبینین، لێ ئەوێ کو بوویەرا هەولێرێ ل گەل پاریس و لەندەن و بەرلینێ ژ هەڤ جودا دکەت، دەستەکێ تێکدەرانەیا رێکخستنەکێیە کو خوە ب کورد و بەرگریکارێ کوردان بزانیت، ئان ژی هەردەم ب دژمێنێ ئاشتیا گەلان خوە نیشان بدەت.

لێ دروشم و سلۆگانێن پەکەکێ و بزاڤێن ئەو دکەت ئاشتیا گەلان پتر خستیە د ئالۆزی و بگرە و بێکێشێن گرانتر، چونکی ئەو پەفچوونێن دناڤبەرا پەکەکێ و سوپایێ تورکیا ل ناڤا هەرێما کوردستانێ چێدبن، ژبلی و وێرانی و زیانێن گیانی یێن ب کوردیانێ باشۆرێ کوردستانێ دکەن، تونددەوی و رەگەزپەرستیا تورکان ل هەمبەر گەشتیار و سەردانکەرێن هەرێما کوردستانێ بۆ تورکیا زێدەتر کریە. کەواتە ل ڤێرێ پەکەکە ژ بلی مالوێرانی هیچ تشتەکێ دی ژ بۆ هەرێما کوردستانێ ل گەل خوە نەئینایە، ژلایەکێ دی ڤە پەکەکێ جهێ خەبات و بەرخودانا خوە بەرزە کریە و هەر جهێ هەناسەیکێ ئازاد بۆ کوردان هەبیت و خوەدی سیمایەکێ شارستانی بیت، ب پەقینەکێ، کوشتنەکێ، تیرۆرکرنەکێ، رەوشەکا وەها دروست دکەت کو کاریگەریا ل سەر کوردان پتر ژ دوژمنێ وی کو تورکیایە، چونکی هەموو ئالیگر و شەرکەرێن پەکەکێ کو گەریلانە ?خەلکێ باکورێ کوردستانێ و رۆژئاڤا و رۆژهەلاتێ کوردستانێنە، ژ 20 ملیۆن کوردیان باکورێ کوردستانێ، ب تنێ 3هزار گەریلا کوردیان باکورن، قەد پەکەکێ ژ خوە پرسیە چما کوردان هیڤی ب خەباتا وان یا چەکداری نینە، سەرەرای کو گەنجێن هەرێما کوردستانێ ب تلیێن دەستان دناڤا رێکخستنا وان دا دهێنە هژمارتن، لێ رۆهن و ئاشکەرا نینە ب گۆتن و بریارێن کێژان وەلاتێ دژە کورد پەکەکە دناڤا هە رێما کوردستانێ کردەوێن چەکداری دکەت. سەیر تر ئەوە، هندەک پارتێن سیاسی یێ ل زۆنا دێز ب مەدیا خوەڤە دهۆلا ڤێ دوژمنێ خوە نەدەن.

سەرۆکوەزیرێ بەرێ یێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ و سەرۆکێ نها یێ هەرێمێ ب فەرمی ژ پەکەکێ خواست شەرێ خوە ژ کوردستانێ دەربێخیت و خەباتا خوە بۆ وان دەڤەران ڤەگوهێزێت کو دوژمنێ وێ لێ ئاکنجی یە و هەتا ئازادیێن خەلکێ وێ ژێ وەرگرتیە.

پەکەکێ قە ژ خوە پرسیە ژ رووبێ زمانی و ئاخفتنێ ڤە، خەلکێ کێژان پارچەیا کوردستانێ د نازادن و ئەو شەری بۆ ئازادیا زمانێ دایکێ ل کێژان پارچەی دکەت؟ پەکەکە تا نها ژ خوە پرسیە کو ل وێ پارچەیا ئەو لێ هاتینە دامەزراندن زارۆیێ کوردان ب چ زمانەکێ دخوین، دنڤێسن، د پەیڤن، سوندێ ب چ نیشتیمانەکێ دخون، لێ چما ژبۆ ئازادکرنا هەرێما کوردستانێ شکەفت و کونێن ڤان چیایان گرتیە کو زارۆکێن وێ ب کوردی د ستریت، د پەیڤیت و دخوینت. ئەگەر ژ خوە ناپرسیت، پرسێن مە ژ بۆ پەکەکێ گەلەکن، پتر ژ 500 گوندێن هەرێما کوردستان، ژ بەرهەمێن خوەیێن چاندنێ زێ بەهر بووینە، ئەڤە کێژان جۆرێ خەباتیێە کوهند زیانێ ل خەلکێ خوە بدن و هندێ ل دوژمنێ خوە نەدەن.

# هەولێر پاش رووداوەکەی 16ی ئۆکتۆبەر



**بەدرخان زاویتەیی**

روون و ئاشکرایە، کە لە سەرەتای 2014وە بەغدا لە هەوڵی ئەوە دایە رۆڵی هەرێم بەرتەسک بکاتەوە و لە کۆتاییدا هەر نەیهێڵێت، واتە ئیدی شتێک نەمێنێتەوە لە ناو عیراق بە ناوی فیدرالیزم بەداخەوە هەندێک لە حزبە کوردستانییەکان ئەم سیاسەتەیان پیرۆز کردووە و بۆ ئەم مەبەستەش یارمەتی بەغدایان داوە و ئێستاش هەر بەردەوامن. ئەمەش زیاتر بوو پاش ریفراندۆمی 25/9/2017بۆ سەربەخۆیی کوردستان.

پاش رووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر و خیانەتی هەندێک لایەنی کورد و رێکەوتنیان لەگەڵ حەشد و رادەستکردنی کەرکوک و ناوچەکانی دیکە بێ شەڕ و ئیدی ئەوە بوو حکومەتی عیراق دەستی بە مامەڵەیەکی ئەوتۆ لەگەڵ هەرێم کرد وەک زیندانێک بێت. بەڵام هەموو هەوڵەکانی فەشەلی هێنا بەتایبەتی پاش سەردانەکەی نێچیرڤان بارزانی بۆ پاریس و بەرلین و پێشوازیکردنی وەک سەرۆک وەزیرانێک و نوێنەری کورد. ئێستا ئامانجەکان جەخت دەکەنەوە بەغدا دەیێتە مەیدانی ململانێیەکی گەورە لە نێوان سیاسییەکان لەلایەک و لە نێوان ئەجێنداکان، کە عیراقی بەم قۆناغە گەیاندووە. ئەو کاتە هەرێم و حکومەتەکەی کەوتە ناو قۆناغێکی زۆر مەترسیدار و هەستیار پاش ئەوەی بەغدا ئابلۆقەی بەسەردا سەپاند و رێوشوێنی تووندی لە بەرامبەر گرتەبەر. دواتر لایەنە سیاسییە کوردییەکان یەک لە دوای یەک لە ناو حکومەت کشانەوەو لەو کاتەدا نێچیرڤان بارزانی، کە سەرۆکی حکومەت بوو لە 17/1/2018لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی کشانەوەی لایەنەکانی لە حکوومەت راگەیاند، کە ئەو لایەنانە خۆیان خستە پاڵ بەغدا لە دژی هەرێم، بەڵام هەموو هەوڵەکانیان فەشەلی هێنا و حکوومەت بە پاڵپشتی سیاسەتی حەکیمانەی پارتی دیموکراتی کوردستان توانیان کەلێنێک لە دیواری قەیران و فشارەکان بکەنەوە. لە ئێوارەی 20/3/2018 ، بە بۆنەی جەژنی نەورۆز - سەری ساڵی کوردی، وتارێکی لە تەلەفزیۆن

هەموو هەوڵەکان فەشەلیان هێنا پاش ئەوەی سەرۆکی حکوومەت توانی ئابلۆقەی سیاسیی بشکێنێت و بە سەردانێک گەیشتە ئەورووپا و بەشداری کرد لە کۆنگرەی داڤۆس و میونیخ و توانی بەغدا بخاتە ژێر فشارێکی نێودەوڵەتی گەورە و ئەوە بوو دواتر رێکەوتنی نێوان بەغدا و هەرێم راگەیاند لە کۆتایی مانگی شوبات، کە هەموو گرفتەکان بەپێی دەستوور چارەسەر دەکرێت و ئەوەبوو فڕۆکەخانەی هەولێر کرایەوە و گەشتەکان دەستیان پێکردەوە و بەغدا 317ملیار دیناری وەک سولفە بۆ هەرێم نارد، ئەوەبوو خشتەی موچە هەموار کراو لە وتارێکی رۆژی 15/4/2018? نێچیرڤان بارزانی رایگەیاند کە پارتی هەروەک چۆن پێشتریش حزبی یەکەم بووە هەر واش دەمێنێتەوەو ژمارەیەکی قورسە لە هاوکێشەی سیاسیی عیراق، ئەوانەش کە لە کاتی ریفراندۆم لە دژی حکومەت و پرۆسەی سیاسی وەستان بە نەرێنی بەسەریاندا شکایەوە و پارتی هەر بە تاکە حزب و بەهێز مایەوە، کە یەک سەرکردەی هەیە و خزمەت بە کوردستان دەکات و خۆشی بە خاوەنی کێشەی کوردیش دەزانێت. ئاخر هەر بۆ خۆشی نەیهێشت کوردستان ئینهیار بکات و ئەوەبوو هەولێر بووە قیبلەی سیاسیی عیراقییەکان و ناوچەکە ئەمەش پاش ئەوەی هەندێک ویستیان بەغدا بکەن بە حەج. لە کۆتاییدا هەموو ئەو قەیران و گرفتانەی بەسەر هەرێم هات بە لێزانییەکی سیاسیی تێپەڕین و ئەوەبوو پارتی دیموکراتی کوردستان بەشداری لە هەڵبژاردنەکان کرد و لە هەردوو هەڵبژاردنی عیراق و هەرێم یەکەم بوو پاش ئەوەی ئەنجامەکان راگەیەندران. ئێستا کوردستان بەهێزترەو ئامادەیە بۆ هەر رووداوێک، کە لە ناوچەکەدا رووبدات، کە هەموو ئاماژەکان جەخت لە گۆڕانکاری لە ناوچەکە دەکەنەوە، کە لە بەرژەوەندی کێشەی کورد دەبێت و ئەو هەموو دەستکەوتانەی بە درێژایی ساڵانی رابردوو بەدەست هاتوون تەنها بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان حیساب دەکرێت.

**لە عەرەبییەوە: شوان سەرابی**

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٣ هەولێر ژمارەی پسوولە ٧٠٣٦٥٣ بەروار ٢٠١٧/٥/٩ بەبری ٥٠٠,٠٠٠ دینار بەناوی سرباز حمد حامد وون بوو تکایە هەرکەسێ دۆزیەوە بیداتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پێناسی فەرمانبەری وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی سلێمانی- بەناوی (شەونم انور احمد)ون بوە، هەر کەسێك دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی (٠٧٥٠١٢١٩٠٤٤).

***

ون بوون

پسوولەیەکی شارەوانی ٤ هەولێر کە ژمارەی پسولەکە ٠٦٨٦٢٤٥ بەبری ٢٥٠,٠٠٠ دینار بەناوی عبدالقادر اسعد مام رش ون بووە تکایە هەرکەسێك دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

ون بوون

نوسراوی گومرگی حاجی عمران بەناوی کۆمپانیای ئەردەلان عبدالقادر عبدالحمید جۆری ئۆتۆمبێل شوفل و حفارە مشترك JCB اوتوماتیك شوفل بچووك رەنگی زەرد مۆدیلی ٢٠١٤ ژمارەی ئۆتۆمبێل ٤٥٣٢٧ کاتی هەولێر ژمارەی لاشە شانصی JCB٣٢x٤TP٨١٣٤٢٢٠٠ ون بووە تکایە هەرکەسێ دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

****

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٥ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٢٣٧٧٩٠ بەروار ٢٠١٨/٨/١٢ بەبری ٣٠٠٠٠٠ بەناوی امیر احمد حمە شانە وون بوو تکایە هەرکەسێ دۆزیەوە بیداتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدین/هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی سەرچاوە مرۆییەکان هۆبەی خوێەتی
ژمارە/٨٤٢٦
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٨/١
ئاگادارکردنەوە

بۆ بەڕێز/ سەرگوڵ حسن قادر/ بەناونیشانی بەڕێوەبەر لەسەر میلاکی زانکۆکەمان/ ب.
سەرچاوە مرۆییەکان

بەهۆی دابرانت لە کار لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/١٧ لە دەوامی فەرمی و دەست بەکارنەبوونت تاکو ئێستا داوات لێ دەکەین بگەڕێیتەوە سەر کار بۆ ماوەی ٧ حەوت ڕۆژ ئەگەر لە ناوەوەی هەرێم بیت وە ماوەی ٣٠ ڕۆژ ئەگەر لە دەرەوەی هەرێم بیت بە پێچەوانەوە بە دەست بەردار لە کارەکەت دادەنرێیت بەپێی مادەی ٣٧ لە یاسای خزمەتی شارستانی ژمارە ٢٤ سالی ١٩٦٠ راستکراو کۆتایی بە راژەکەت دێت.
پ.د. احمد انور دزەیی/ سەرۆکی زانکۆ

***

ئاگادری

وەزارەتی دارایی و ئابووری هەلدەستێت بە کڕیدانی رووبەری ٢٦٤٧٨,٧م٢ لە پارچە زەوی ژمارە ٤١/ك/١ قەریتاغ دەکەوێتە تەنیشت سایلۆ بەمەبەستی دروستکردنی کۆگا بۆ ماوەی ٢٠ بیست سال بە زیادکردنی ناشکرا بەپێی یاسای ژمارە ٣٢ سالی ١٩٨٦ و ڕێنمایی دارایی ژمارە ٥ی سالی ١٩٨٦ جا هەرکەسێك نارەزووی بەشداری کردنی هەیە لە زیادکردنەکە سەر لە بەڕێوەبەرایەتی خانوبەرەی میری هەولێر بدات لە مامەی ٣٠ سی ڕۆژ کە دەست پێدەکات لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی سەعات ١٠ی سەر لە بەیانی بە مەرجێك بارمتەی یاسایی ٢٠٪ یەدەگی پێبێت لە بری پارەی خەملێنراو گشت خەرجیەکانی بەکرێ دانیش لە ئەستۆی کرێچییە.

نزار حسین عبدالله
ی. بەڕێوەبەری گشتی بۆ کاروباری خانووبەرەی میری

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی سلێمانی
بەدواداچوون و ئامار
ژمارە/ ٦٠٦/٢٠١٩
ڕێکەوت/٢٠١٩/٨/١٨
ئاگاداری

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردن لە سلێمانی لە ڕێگەی زیادکردنێکی ئاشکراوە هەلدەستێت بە فرۆشتنی پشکەکانی کۆمپانیای نامی بۆ بازرگانی گشتی و وەبەرهێنانی دەنکۆلەی پلاستیکی/سنووردار ئەویش بەرامبەر بە قەرزی خاوەن قەرز توانا دارا حسین بەبری ٣٠٦,٠٠٠,٠٠٠ سێسەد و شەش ملیۆن دینار بە ڕەسمی جێبەجێکردنی ئەم بەڕێوەبەرایەتیەوە. جا هەرکەسێك ئارەزوی بەشداری کردنی هەیە با سەردانی ئەم بەڕێوەبەرایەتیە بکات لە ماوەی ١٠ دە ڕۆژدا کە دەستپێدەکات لە ڕۆژی دووەمی ئەم ئاگاداریە لە ڕۆژنامەدا زیادکردنەکە لە کاتژمێر ١١ی سەر لە بەیانی ئەنجام دەدرێ لەم بەڕێوبەرایەتیە. ڕەسمی تۆمارکردن و کرێی جارچێ دەکەوێتە ئەستۆی کڕیار، هەرکەسێك بەشداربوو لە زیادکردنەکەدا پێناسی باری شارستانی و جنسیەی عێراقی لەگەل خۆیدا بهێنێ.

تێبینی/ ئەگەر ڕۆژی زیادکردنەکە کەوتە پشووی ڕەسمیەوە زیادکردنەکە لەڕۆژی دواتردا ئەنجام ئەدرێت. هەرکەسێك ئارەزووهی بەشداریکردنی هەیە لە ڕۆژی دەرچوونی ئەم ئاگاداریە لە ڕۆژنامەدا تا کاتژمێر ٩:٠٠ی سەر لەبەیانی ڕۆژی زیادکردنەکە سەردانی ئەم بەڕێوەبەرایەتیە بکات بۆ دانانی تامینات بەبری ١٠٪ی نرخی خەملێنراوی پشکەکانی کۆمپانیا.

زانیاری لەسەر پشکەکانی کۆمپانیای نامی
داواکار/ توانا دارا حسین

داوالێکراو/ کۆمپانیای نامی بۆ بازرگانی گشتی و بەرهەمهێنانی دەنکۆلەی پلاستیکی/سنووردار کۆمپانیاکە تۆمارە لە بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکان/ سلێمانی جۆری کۆمپانیاکە سنووردارە بری پشکەکانی ٣,٠٠٠,٠٠٠ سێ ملیۆن پشکەکە تۆمارە بەناوی فاتح احمد غفورەوە نرخی خەملێنراوی کۆمپانیاکە بەڕەچاوکردنی ئەوەی کە کۆمپانیاکە لە سالی ٢٠١٤وە پارەی محامی و ژمێریار و باجی نەداوە، شارەزا نرخی پشکەکانی ئەم کۆمپانیایەی بەبری ٥,٠٠٠,٠٠٠ پێنج ملیۆن دینار دیاری کردووە.
جێبەجێکاری داد/ گوڵە فریق حمە فرج

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی سلێمانی
بەدواداچوون و ئامار
ژمارە/ ١٠١٨/٢٠١٩
ڕێکەوت/٢٠١٩/٨/١٨
ئاگاداری

بۆ داوالێکراوی جێبەجێکردن فاتح احمد غفور
بەڕێوەبەری ڕێگەپێدراوی کۆمپانیای ئەزمیر
بۆ ئامادەکردنی مسی تواوە/ سنووردار سەرەڕای کارەکەت

ئاگادارت ئەکەینەوە کە بەڕێوەبەرایەتیەکەمان لەسەر داوای خاوەن قەرز احمد سلێمان عبدالله بریاری دا بە دانانی نیشانەی گلدانەوەی جێبەجێکردن لەسەر پشکەکان و ئامێرەکانت لە کۆمپانیای ئەزمیر بۆ ئامادەکردنی مسی تواوە/ سنووردار . ئەمەش بەرامبەر بە قەرزی خاوەن قەرز احمد سلێمان عبدالله بەبری (٣٨,٧٦٠,٠٠٠,٠٠٠) سی و هەشت ملیار و حەوت سەد و شەست ملیۆن دینار بە ڕەسمی جێبەجێکردنی ئەم بەڕێوەبەرایەتیەوە پاش ئەوەی بۆ بەڕێوەبەرایەتیەکەمان ڕوون بۆتەوە لەشرحی پێراگەیەنەری دادی و موختاری گەرەکی رزگاری تازە کە شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە بریارماندا بە ئاگادارکردنەوەت لە ماوەی ١٥ پانزە ڕۆژدا لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆ و بەمەبەستی ئاگادارکردنەوەت بە دانانی حیجز لەسەر ئامێر و پشکەکانت لە کۆمپانیای ئەزمیر بۆ ئامادەکردنی مسی تواوە/سنووردار کە دەستپێدەکات لە ڕۆژی دووەمی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە لە ڕۆژنامەدا بۆ بژاردنەوەی قەرزی ئەستۆت بە پێچەوانەوە بەپێی احکامی مادەی ٦٩ لە یاسای جێبەجێ کردن ئامێرو پشکەکانت دەفروشرێ.
جێبەجێکاری داد/ گوڵە فریق حمە فرج

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی ڕاپەرین
بەشی بەدواداچوون
ژمارە : ١٣١- ت - ٢٠١٩
ڕێکەوت : ٢٠١٩ /٨/٨
ئاگاداری
بۆ/ سۆڵاف محمد مصطفی
ئاگادارببوون

داوات لێ دەکەین کە لە ماوەی (١٥) پانزە ڕۆژدا لە ڕۆژی دوای بڵاوبونەوەی ئەو ئاگاداریە لە ڕۆژنامە لە بەڕێوەبەرایەتیەکەمان ئامادەبی بۆ دانەوەی بڕی (٤٦,٤٣٠,٤٠٠) چل و شەش ملیۆن و چوار سەدو سی هەزارو چوار سەد دینار وەکو قەرز بۆ داواکاری جێ بەجێ کردن (ارسلان احمد ابراهیم ) بە پێی بریاری دادگای بەرایی رانیە ژمارە (٧٢- ب - ٢٠١٨) کە لە (٢٠١٩/٧/٨) دەرچووە بەپێچەوانەوە بریاری ناوبراو بە زۆر جێ بەجێ دەکەین .
جێ بەجێ کاری داد/ نازدار مام رسول امین

***



Crescent Petroleum

| Job Details | |
|---|---|
| Position Title | Mechanical Technician |
| Direct Supervisor | Mechanical Supervisor |
| Department | Maintenance |
| Job Location | Khormor – Qader Karam |
| ***Job reference: MT/M/Aug/19*** | |

**Job Summary and Scope of Responsibilities**

**MAJOR FUNCTIONS**

Executes all mechanical planned and corrective maintenance activities on Khormor installations in accordance with both local and industry standards. Undertakes a multi-tasking role in order to assist the Production Operations group in field activities and will be involved with troubleshooting, fault finding and repair of all stationary and rotating equipment. Provides input in creating and reviewing maintenance procedures, job plans and work instructions. Reports to the Maintenance Supervisor – Mechanical

**Primary Duties and Responsibilities**

**ESSENTIAL FUNCTIONS**

1. Participates in all mechanical maintenance activities at Khormor LPG recovery plant.
2. Understand technical Governmental and Company rules, regulations and procedures.
3. Understand Khormor's maintenance strategy and philosophy and participates in the development/ implementation of condition monitoring procedures/routines.
4. Applies for work permits, understands and implements the permit conditions prior to commencement of work.
5. Assist in the development of risk assessments, participates in safety and toolbox meetings.
6. Acts as a team-player in the multifunctional operations and maintenance team.
7. Promotes HSE culture.
8. Utilize troubleshooting skills to solve mechanical and related problems both independently and in liaison with other departments.
9. Supervises third party inspections, where applicable.
10. Possess knowledge and understanding of static and rotating equipment.
11. Assist in the development and implementation of procedures and work instructions for the completion of mechanical related tasks.
12. Checks the functionality of equipment and measuring instruments.
13. Conversant with CMMS including preparation of material requisition and work order management and materials and warehousing.
14. Communicates with vendors and supply chain for technical support.
15. Assists in mentoring, training, and appraising maintenance personnel.
16. Ensures that plant and equipment is maintained according to compliance and integrity standards in order to meet expected reliability and 'uptime' Key Performance Indicators.
17. Liaises closely with Operations, Maintenance and Engineering teams in activity planning, MOC development and cost control.
18. Ensures that all activities are accurately recorded in the maintenance management system, providing all necessary reports.



Crescent Petroleum

19. Reports to the Mechanical Supervisor –on all issues relating to mechanical department.
20. Identify/suggest ideas to improve performance within Mechanical department.
21. Exhibits and maintains excellent working relationships with all Company staff.
22. Supports on job training programs to enhance essential competencies and behaviours to allow development.

**Decision–making Authority**

| |
|---|
| |

**Working and Other Relationships**

| | |
|---|---|
| Mechanical Supervisor | Frequent/daily |
| Maintenance Superintendent | Frequent |

**Minimum Educational, Technical Qualifications/Certifications Required**

Mechanical Diploma qualification.

**Minimum Professional Experience Required**

At least 5 years' experience in the oil & gas and/or related industries. Preferred candidate with experience in natural gas engine and hands on experience working on static equipment.

**Supervisory Responsibility**

| |
|---|
| |

**Special Requirements and Conditions**

Must be physically fit, able to work under severe weather conditions and able to climb ladders and stair cases to elevated work platforms to monitor/repair static and rotating equipment.

**Competencies/Knowledge, Skills and Abilities**

| Core Competencies | Behavioral Competencies | Functional Competencies |
|---|---|---|
| • Good communication skill in English (spoken & written)<br>• Commitment to continuous improvement.<br>• Experience in OJT.<br>• Time management<br>• Problem solving skills | • Able to react in case of emergencies in order to assure that the safety is not jeopardized.<br>• High team spirit awareness<br>• Self-starter, flexible, initiative, positive approach to all aspects of work. | • Knowledge of static and rotating equipment as it applies to oil and gas industry.<br>• Maintain and improve mechanical static and rotating equipment availability and reliability.<br>• Authorized as performing authority in Permit to Work (PTW) system.<br>• Demonstrate Leadership skills.<br>• Good working knowledge of MS office. |



Crescent Petroleum

| | | |
|---|---|---|
| | | • Analytical skills to identify and resolve mechanical related problems<br>• Awareness of emergency response plans.<br>• Working knowledge of computerized maintenance management systems (such as Maximo) and Integrity (risk based) maintenance procedures<br>• Experience of working with various types of rotating equipment including pumps, compressors, power generation packages and related systems.<br>• Fully experienced in working with safety basic understanding of local safety management legislation |

***Please submit your application or CV to our office addresses as below no later than 28 August 2019:***

***1- Erbil, Gulan Park Tower, Floor 5th***
***2- Sulaymaniyah, Qaiwan Tower, Floor 16th***

***OR Email to us at: jobs_cpdg@crescent.ae (Kindly mention in the Subject of your E-mail the Job title and Job reference which is Mechanical Technician, Ref: MT/M/Aug/19)***

دادگای تاوانەکانی سلێمانی/۳
ژمارە: ٥٢٨/ت/٢٠١٧
رۆژ: ٢٠١٩/٧/٢٣
ئاگاداری
بۆ تۆمەتباری راکردوو/ سەرتیپ احمد رسول
لەبەر ئەوەی نیردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی ٣٩٦ لە یاسای سزادان لەو کێشەیە کە تایبەتە بە بنکەی پولیسی رانیە وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نیە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی ٢٠١٩/١١/٢٠ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیێنیتە نزیکترین بنکەی پولیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر/ احمد حجی داهر
***
دادگای باری کەسیەتی کۆیە
ژمارە/ ٢١٣/ش/٢٠١٩
رێکەوت ٢٠١٩/٨/٦
ئاگانامە
بۆ/ داوالێکراو (لیلی قادر کاکە) دانیشتوی شاری کۆیە- گەڕەکی زانکۆ بەڵام ئیستا شوێنی نیشتەجێ بوونی نادیارە
هاوسەرەکەت (شێرکۆ عمر عباس) داوای لەسەرت تۆمار کردووە لەم دادگایە بە ژمارە (٢١٣/ش/٢٠١٩) تیایدا داوای کردووە ئەم تەڵاقەی بۆ پەسەند بکەین کەلە دەرەوەی دادگا دەرحەق بەتۆ لەرێکەوتی (٢٠١٩/٧/٣٠) خستوویەتی وە بەگوێرەی ڕوونکردنەوەی ئاگادارکەرەوەی دادی لەم دادگایە زانیاری ئەنجومەنی شارەوانی کۆیە دەرکەوت شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە بۆیە دادگا بڕیاریدا، پشت بەستن بەمادەی(١/٢١) لەیاسای دادبینی کردن ژمارە(٨٣)ی سالّی (١٩٦٩)ی ڕاستکراوە ئاگادارت بکاتەوە بۆ ئامادەبون لەرۆژی دادبینی کردن ئەرێکەوتی(٢٠١٩/٨/٢٨) بەپێچەوانەوە دادگا داوایەکە بە پاشملە ساغ دەکاتەوە بەگوێرەی یاسا.
دادوەر/ شوان صابر اسعد
***
مدیریة تنفیذ زاخو
العدد /٧١٩/تنفیذ/٢٠١٩
التاریخ / ٢٠١٩/٨/١٨
اعلان
تبلیغ بمذکرة الاخبار بالتنفیذ
الی / المدین : دوغان وضار ( DOGAN UCAR )
العنوان السابق / مجهول محل الاقامة
نظرا لمجهولیة محل اقامتك حالیا علیه بموجب المادة ( ٢٧ ) من قانون التنفیذ قررنا تبلیغك عن طریق النشر في صحیفتین محلیتین للحضور امام مدیریة تنفیذ زاخو او من ینوب عنك و ذلك عن الدین المتعلق بذمتك في الاضبارة التنفیذیة المرقمة ( ٧١٩/تنفیذ/٢٠١٩ ) بمبلغ قدره (٨,٥٦٨,٠٠٠ دینار ) ثمانیة ملایین وخمسمائة وثمانیة وستون الف دینار عراقي مع رسم التحصیل . وبعكسه سوف تتخذ هذه المدیریة الاجراءات القانونیة بحقك بعد مرور الفترة القانونیة البالغة ( ١٥ ) خمسة عشرة یوما من الیوم التالي لنشر هذا التبلیغ .
المنفذ العدل / لقمان سامي جمیل
***
دادگای باریّ کەسایەتی ل دهوك
ژمارە/ ٩٢٩/ش/٢٠١٩
رێکەفت/ ٢٠١٩/٧/٣١
ئاگەهدارکرن ب بریارا پاشملە
ب/ ئاگەهداری
بۆ داوالێکری (سلوی جمیل محمد) قێ دادگەهێ ل رێکەفتی ٢٠١٩/٧/٢٢ یێ دکێشا ل سەری دیارکری دا ئەوا هاتیە قەکرن ژ لایێ داواکار (سامح نائف محمد) بریاردا ب چەسپاندنا رەچەلەك (اثبات نسب) یا کوریّ تە (سامح) ل سەر ناڤێ تە وەك دەیك واسماعیل نائف محمد وەك باب وتە مافی نەرازیبوونێ یێ هەی دماوێ دەە روژان ژ روژا ئاگەهدارکرنا تە ل روژنامێ وبەروڤاژی وێ دێ فەرمانا ل سەری دیارکری ل سەر تە هێتە بجهێنان
دادوەر / مروان عادل اسماعیل
***
دادگای باریّ کەسایەتی ل دهوك
ژمارە/ ٩٣١/ش/٢٠١٩
رێکەفت/ ٢٠١٩/٧/٣٠
ئاگەهدارکرن ب بریارا پاشملە
ئاگەهداری
بۆ داوالێکری (سلوی جمیل محمد) ڤێ دادگەهێ ل رێکەفتی ٢٠١٩/٧/٣٠ یێ دکێشا ل سەری دیارکری دا ئەوا هاتیە قەکرن ژ لایێ داواکار (اسماعیل نائف محمد) بریاردا ب ( تصدیق طلاق خارجی) دناڤبەرا تە وهەڤژینا تە یا داواکار وتە مافی نەرازیبوونێ یێ هەی دماوێ دەە روژان ژ روژا ئاگەهدارکرنا تە ل روژنامێ وبەروڤاژی وێ دێ فەرمانا ل سەری دیارکری ل سەر تە هێتە بجهێنان
دادوەر / مروان عادل اسماعیل
***
دادگای باریّ کەسایەتی ل دهوك
ژمارە/ ٧٩٥/ش/٢٠١٩
رێکەفت/ ٢٠١٩/٨/٨
ئاگەهدارکرن ب بریارا پاشملە
ب/ ئاگەهداری
بۆ داوالێکری (روشین احمد کوچر) ڤێ دادگەهێ ل رێکەفتی ٢٠١٩/٨/٥ یێ دکێشا ل سەری دیارکری دا ئەوا هاتیە قەکرن ژ لایێ داواکار (خیری محمد عبدالله) بریاردا ب ( تصدیق طلاق خارجی) دناڤبەرا تە وهەڤژینا تە یا داواکار وتە مافی نەرازیبوونێ یێ هەی دماوێ دەە روژان ژ روژا ئاگەهدارکرنا تە ل روژنامێ وبەروڤاژی وێ دێ فەرمانا ل سەری دیارکری ل سەر تە هێتە بجهێنان
دادوەر / شکر سلگان عدو
***
دادگەها بەرایی ل سێمێلێ
ژمارە / ٢٢٧/ب/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٨/١٩
ئاگەهداری
بۆ/داوالێکەراو (محمد خضر علی ثلاج) شوێنی دانیشتنا تە نەدیارە
ئەم دادگایە بریاریدا لە رۆژی ٢٠١٩/٨/٨ لە داوای ژمارە ٢٢٧/ب/٢٠١٩ ب پێگێریکرنا تە بو داواکاران پارێزاران (برکات عمر داود ومسعود سلیمان حسن) ب دانا پارەی ماندییونێت پارێزەری ددواا ژمارە ٥٩/جنایات/٢٠١٦ ل دادگەها تاوانا دهوك/١ کو تو تاوانباربوی ددواا نافبری دا کوژمێ (٢١٠٠٠٠٠٠) بیست ویەك ملیون دینار لدیف پێکهاتنا هاتیە کرن دنافبەرا هەوە ل روژا ٢٠١٢/٨/١٥ دکەل ماندییونێت پارێزەری داواکاران ل داوا ژمارە ٢٢٧/ب/٢٠١٩ دوو ملیون دینار ژبەر نەشتەجێبوونا تە نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری گوندێ کێلکێ ل قەزا سمیل ل روژا ٢٠١٩/٨/١٨ بۆیە دادگا بریاری دا کە بریارەکەت پێ ڕابگەیەنێت بە هۆی دوو روژنامەی ناوخۆ ڕوژانە کە لە هەرێمێ کوردستان دەردەچیت وهەوە مافێ نەرازیبونێ وتێهەلچوونێ وپێداچوونەوە هەیە لە ماوەی یاسایی دا وبە پێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبڕوەر دەکریت بەپێی یاسا
دادوەر / ابراهیم خشمان گرگری
***
دادگەها باری کەسایەتی ل سێمێلێ
ژمارە/ ٣١٨/ش/٢٠١٩
رێکەفت/ ٢٠١٩/٨/١٩
ئاگەهداری
بۆ داوالێکراو (زینب جمعه احمد) جهێ ئاکنجی بوونی نەدیارە بریار هاتە دان ژلایێ ڤێ دادگەهێ دکێشا ژمارە وی ل سەری دیارکری پەسندکرنا تلاقا دەرەکی ئەوا رویدای ل ٢٠١٩/١/٥ (تصدیق طلاق خارجی) تەو داواکار (زانا حسن سلیمان) وژبەر کو جهێ ئاکنجی بوونا تە نەدیارە لدویف ئاگەهدارییا هەلبژیر ودەستە کا هەلبژارتنا ل قەزا سێمێلێ کومەلگەها فایدە ئەڤ بریار بەلاڤەکر وتە مافێ نەرازیبونێ وپیداچوونێ ل سەر بریاری هەیە بۆ ماوی (١٠) دە ڕۆژا ژبەلافکرنا ڕوژنامێ بەرۆڤاژی بریار دێ دومahیك ئیت دەرهقی تەدا ل دیف یاسایی
دادوەر / زیرك محمد صدیق عبدالکریم
***
مدیریة تنفیذ ناکری
العدد / ٨٠٨/ت/٢٠١٩
التاریخ / ٢٠١٩/٦/٢٠
الی / المنفذ علیه (المدیر المفوض لشرکة کاسکو Casco petroleum Middle East )
م / تبلیغ بمذکرة الاخبار بالتنفیذ
علیك الاضبارة التنفیذیة المرقمة ( ٨٠٨ /ت.د/٢٠١٩ ) بمبلغ قدرة (١٢٩٥٤٠٠٠)مائة وتسعة وعشرون ملیون وخمسمائة واربعون الف دینار عراقي فقط ونظرا لمجهولیة محل اقامتكم حالیا حسب كتاب مركز شرطة شاویس المرقم (١٤١٧) في ٢٠١٩/٦/١٣ علیه قررنا تبلیغكم عن طریق صحیفتین محلیتین یومیتین رسمیتین للحضور امام مدیریتنا او ارسال من ینوب عنكم وبعكسه سوف نتخذ الاجراءات القانونیة بحقكم بعد مرور الفترة القانونیة (١٥) یوما
المنفذ العدل / بدران عبدالرحیم حاجي
***
مدیریة تنفیذ ناکری
العدد / ٢٨٩/ت.د/٢٠١٨
التاریخ / ٢٠١٩/٦/٢٠
الی / المنفذ علیه (المدیر المفوض لشرکة کاسکو Casco petroleum Middle East )
م / تبلیغ بالحجز
نظرا لمجهولیة محل اقامتكم حالیا حسب كتاب مركز شرطة شاویس المرقم (١٤١٧) في ٢٠١٩/٦/١٣ قررت مدیریتنا بتبلیغكم بمذكرة الاخبار بالقرار الحجز التنفیذي للاموال المنقولة عن طریق صحیفتین محلیتین یومیتین ونخبرك بانه قررت مدیریتنا بوضع الحجز على المواد الغیر الصالحة للاستعمال (السكراب) لقاء الدین المحكوم به والبالغ قدرها (٥٦٩٠٩٠٠٠) ستة وخمسون ملیون وتسعمائة وتسعة الف دینار عراقي فیجب علیكم اداء المبلغ المحكوم والمذكور اعلاه خلال (ثلاثة) ایام من الیوم التالي للتاریخ النشر تبلیغكم بهذه الاخبار بالحجز وبعكسه سوف یباع المواد المحجوز المذكور اعلاه بالمزایدة وفق المادة ٦٩ من قانون التنفیذ
المنفذ العدل / بدران عبدالرحیم حاجي
***
مدیریة تنفیذ ناکری
العدد / ٤٩٥/ت.د/٢٠١٩
اعلان
بناءا على القرار الصادر من هذه المدیریة في الاضبارة التنفیذیة المرقمة ٤٩٥/ت.د/٢٠١٩
المتضمن بیع العقار المرقم ٩٢/١ مقاطعة ٨٨ اشكفتة مغارة في حصة المدین المبین اوصافه ادناه تعلن هذه المدیریة عن بیعه بالمزایدة العلنیة فعلى الراغبین مستصحبین معهم التامینات القانونیة البالغة ١٠٪ من القیمة المقدرة ان لم یكن شریكا في العقار المذكور او دائنا في الاضبارة التنفیذیة عشرة اعلاه وستجري المزایدة في الساعة الثانیة عشرة (١٢:٠٠) ظهرا من الیوم الثلاثین التالي لنشر الاعلان واذا صادف عطلة رسمیة ففي الیوم الذي یلیه علما ان الدلالیة ورسوم التسجیل على المشتري
الاوصاف : رقم الاضبارة ٤٩٥/ت.د/٢٠١٩ الموقع ناکری شارع الرئیسي امام (سەیرانگەها ناکریّ) المساحة ٤٠٠ م٢ الجنس ملك صرف تجاري القیمة المقدرة (٣١٢٠٠٠٠٠٠) ثلاثمائة واثنا عشرة ملایین دینار عیراقی
المنفذ العدل / بدران عبدالرحیم حاجي
***
مدیریة تنفیذ ناکری
العدد / ٤٥٦/ت.د/٢٠١٩
اعلان
بناءا على القرار الصادر من هذه المدیریة في الاضبارة التنفیذیة المرقمة ٤٥٦/ت.د/٢٠١٩
المتضمن بیع العقار المرقم ٢٤٠٣/١ مقاطعة ٨٩ شیوه كور المبین اوصافه ادناه تعلن هذه المدیریة عن بیعه بالمزایدة العلنیة فعلى الراغبین بالشراء مراجعة هذه المدیریة مستصحبین معهم التامینات القانونیة البالغة ١٠٪ من القیمة المقدرة ان لم یكن شریكا في العقار المذكور او دائنا في الاضبارة التنفیذیة اعلاه وستجري المزایدة في الساعة الثانیة عشرة (١٢:٠٠) ظهرا من الیوم الثلاثین التالي لنشر الاعلان واذا صادف عطلة رسمیة ففي الیوم الذي یلیه علما ان الدلالیة ورسوم التسجیل على المشتري
الاوصاف : رقم الاضبارة ٤٥٦/ت.د/٢٠١٩ الموقع ناکری ١١ أیلول المساحة ٢٥٠ م٢ الجنس ملك صرف (دار سكنى) متكون من طابقین القیمة المقدرة (١١٠٠٠٠٠٠٠) مائة وعشرة ملایین دینار عیراقی
المنفذ العدل / بدران عبدالرحیم حاجي
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە / ٢٠١٧/٢٠٦٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٨/١٩
٢٠١٩/٧/٢١ وە قابیلی پێداچوونەوەیە تەمییز ەوە مافی ڕەخنەگرتنت الاعتراض ت هەیە بەپێی بەندی ٧١ لە هەمان یاسا لەسەر بریاری سزادانی پاشملە تاکو ماوەی ١٨٠ سەدو هەشتا ڕۆژ لە ڕێکەوتی ئاگادارکردنەوەت ئەویش ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی ئەم بریارەیە لە ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە وە هەڵواسینی ئەم جاردانەیە کە هەڵدەواسرێت لەشوێنی نیشتەجێ بوونی دوایت و شوێنی بارەگای فەرمانگەکەی خۆت, وە لە کاتی ئامادەنەبوونت لەو ماوەیەی کەلەسەرەوە دیاریکراوە بریارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت.
عەمیدی ماف پەروەر/ سەرۆکی دادگا
***
دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ - یەك
ژمارە: ٦٩١
رێکەوت: ٢٠١٩/٧/٢٤
ژمارەی کێشە: ٢٠١٨/١٣٢
جاردان
بۆ/ تاوانباری هەڵاتوو: عریف/ سرمد صباح عمر محمد
ناوی دایکی/ سلوی محمد
ڕاگەیاندنی بریاری دادگایی پاشملە
لەبەر ئامادەنەبوونت لەبەرامبەر ئەم دادگایە وە تەواوبوونی ماوەی دیاری کراو بۆ ئامادەبوونت بەپێی بەندی ٦٨ لە یاسای شێوازی دادگایی کردنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٧ی سالّی ٢٠٠٨ وە لەبەر ئەوەی تاوانی هەڵاتنت ئەنجام داوە لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/١/٢٧ وە بردنی چەکی کلاشینکۆف جۆری کوبی مزلی بە ژمارە (CS١٧٨٩) لەگەڵ (٤) مخزەن و لەگەڵ (١٢٠) فیشەکی کولە پشت و درع خودە کە لەئەستۆت دابوو لەگەڵ خۆت بردووە.
٣- جێبەجێ کردنی ئەو سزایانەی کە لە برگە ١ و ٢ی سەرەوە هاتووە لەسەرت لە دوای یەکتری پاڵپشت بە بەندی ١٤٣ لەیاسای سزادانی عیراقی ژمارە ١١١ی سالّی سالّی ١٩٦٩ هەموارکراو.
٤- پابەندکردنت بە دانەوەی بری ١,٢٠٣,٠٠٠ یەك ملیۆن و دوو سەدو سێ هەزار دیناری عیراقی پالپشت بەبەندی ٣٥/دووەم لەیاسای سزادانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٤ی سالّی ٢٠٠٨ وە بڕیاری سزادانەکەت بەبێ ئامادەبوونت بەتێکرای دەنگ دەرچووە وە تێگەیاندرا بە ئاشکرا لە ٢٠١٩/٧/٢٢ وە قابیلی پێداچوونەوەیە تەمییز ەوە مافی ڕەخنەگرتنت الاعتراض ت هەیە بەپێی بەندی ٧١ لە هەمان یاسا لەسەر بریاری سزادانی پاشملە تاکو ماوەی ١٨٠ سەدو هەشتا ڕۆژ لە ڕێکەوتی ئاگادارکردنەوەت ئەویش ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی ئەم بریارەیە لە ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە وە هەڵواسینی ئەم جاردانەیە کە هەڵدەواسرێت لەشوێنی نیشتەجێ بوونی دوایت و شوێنی بارەگای فەرمانگەکەی خۆت, وە لە کاتی ئامادەنەبوونت لەو ماوەیەی کەلەسەرەوە دیاریکراوە بریارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت.
عەمیدی ماف پەروەر/ سەرۆکی دادگا
***
دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ - یەك
ژمارە: ٦٩٢
رێکەوت: ٢٠١٩/٧/٢٤
ژمارەی کێشە: ٢٠١٩/١٦
جاردان
بۆ/ تاوانباری هەڵاتوو: پ.پ/٤/ نوزات عزالدین رشید
ناوی دایکی/ عائشه یحیی
ڕاگەیاندنی بریاری دادگایی پاشملە
لەبەر ئامادەنەبوونت لەبەرامبەر ئەم دادگایە وە تەواوبوونی ماوەی دیاری کراو بۆ ئامادەبوونت بەپێی بەندی ٦٨ لە یاسای شێوازی دادگایی کردنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٧ی سالّی ٢٠٠٨ وە لەبەر ئەوەی تاوانی هەڵاتنت ئەنجام داوە لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/٨/٣٠ وە بردنی دەمانچەی جۆری کرواتی دەسك ڕەش بە ژمارە (H١١٧٣٤٣) لەگەڵ (١) مەخزەن لەگەڵ (١٦) شازدە فیشەك و قوتووی دەمانچە و کەلوپەلی خاوێن کردنەوە کە لەئەستۆی دایە بۆیە دادگایی کردنت بە پاشملە کرا لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/٢١ بەپێی بەندی ٦٩ لە هەمان یاسا وە ئاگادارت دەکەینەوە بەپێی بەندی ٧١ لە هەمان یاسا بەو بڕیارەی لە خوارەوە هاتووە:
١- سزادانت بەبەندکردنێکی سووك بۆ ماوەی ٦ شەش مانگ بەپێی بەندی ٥ لە یاسای سزادانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژماە ١٤ی سالّی ٢٠٠٨ لەبەر ئەوەی تاوانی هەڵاتنت ئەنجام داوە لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/١/٢٧.
٢- سزادانت بەبەندکردن السجن بۆ ماوەی ٦ شەش سالّ بەپێی بەندی ٣٥ یەکەم لەیاسای سزادانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٤ی سالّی ٢٠٠٨ لەبەر ئەوەی لەکاتی هەڵاتنت چەکی کلاشینکۆف جۆری کوبی مزلی بە ژمارە (CS١٧٨٩) لەگەڵ (٤) مخزەن و لەگەڵ (١٢٠) فیشەکی کولە پشت و درع خودە کە لەئەستۆت دابوو لەگەڵ خۆت بردووە.
٣- جێبەجێ کردنی ئەو سزایانەی کە لە برگە ١ و ٢ی سەرەوە هاتووە لەسەرت لە دوای یەکتری پاڵپشت بە بەندی ١٤٣ لەیاسای سزادانی عیراقی ژمارە ١١١ی سالّی سالّی ١٩٦٩ هەموارکراو.
٤- پابەندکردنت بە دانەوەی بری ٤,٣٢٦,٠٠٠ چوار ملیۆن و سێ سەدو بیست و شەش هەزار دیناری عیراقی پالپشت بەبەندی ٣٥/ دووەم لەیاسای سزادانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٤ی سالّی ٢٠٠٨ دەگەڕێنرێتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای دهوك کە دەکاتە نرخی چەکی کلاشینکۆف جۆری کرواتی دەمانچەی جۆری کوبی مزلی بە ژمارە (H١١٧٣٤٣) لەگەڵ (١) مەخزەن لەگەڵ (١٦) شازدە فیشەك و قوتووی دەمانچە و کەلوپەلی خاوێن کردنەوە کە لەئەستۆت دابوو وە بڕە پارەی دیاری دیاری کراو لێت وەردەگیرێت بەرێگای جێبەجێکار الطرق التنفیذیە پاش ئەوەی بڕیارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت.
٥- دەرکردنت لە ڕاژە طرد من الخدمە پاڵپشت بەبەندی ٤١/ یەکەم/أ لەیاسای سزادانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٤ی سالّی ٢٠٠٨ وە بڕیاری سزادانەکەت بەبێ ئامادەبوونت بەتێکرای دەنگ دەرچووە وە تێگەیاندرا بە ئاشکرا لە ٢٠١٩/٧/٢٢ وە قابیلی پێداچوونەوەیە تەمییز ەوە مافی ڕەخنەگرتنت الاعتراض ت هەیە بەپێی بەندی ٧١ لە هەمان یاسا لەسەر بریاری سزادانی پاشملە تاکو ماوەی ١٨٠ سەدو هەشتا ڕۆژ لە ڕێکەوتی ئاگادارکردنەوەت ئەویش ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی ئەم بریارەیە لە ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە وە هەڵواسینی ئەم جاردانەیە کە هەڵدەواسرێت لەشوێنی نیشتەجێ بوونی دوایت و شوێنی بارەگای فەرمانگەکەی خۆت, وە لە کاتی ئامادەنەبوونت لەو ماوەیەی کەلەسەرەوە دیاریکراوە بریارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت.
عەمیدی ماف پەروەر/ سەرۆکی دادگا
***
دادگای باری کەسی هەولێر/٢
ژمارە:١١٠٠/ش/٢٠١٩/٢
رێکەوت:٢٠١٩/٨/١٩
جاردان
بۆ داوالێکراو نیهانوئیل یوهنس صاوصون شوێنی دانیشتنت نادیارە
دادگا لە داوای ژمارە ١١٠٠/ش/٢٠١٩/٢ وە لەبەرواری ٢٠١٩/٧/٢٥ بڕیاریدا لەسەر تفریق لە نێوان تۆ و داواکار ڕۆژان جوهر جەال لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری هەولێر/ گەڕەکی مەلایان بۆیە دادگا بڕیاری بە پێراگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی یاسایی ١٠ دە ڕۆژ لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم جاردانە, بە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبر وەردەگرێت.
دادوەر/طارق حسین کریم
***
بەڕێوەبەرایەتی نیشینگەی پارێزگای هە و لێر
کارگێری
ژمارە: ١٩٤٠١
بۆ/ فەرمانبەر (نووسەر/ سگفان گورگیس نیسان علو)
ئاگادارکردنەوە
ئاگاداریت دەکەینەوە کە لە ماوەی (٧) حەوت ڕۆژدا دەست بەکاربییەوە لەدوامی فەرمی خۆت ئەگەرنا بەپێی ماددەی (١) یەك بەندی (٣٧) ڕێکاری فەرمانبەران ژمارە (٢٤) ساڵی (١٩٦٠)ی هەموارکراو کۆتایی بەڕاژەکەت دێت.
عمید/ یادگار انور فرج
بەڕێوەبەری نیشینگەی پارێزگای هەولێر
***
دادگای بەرایی هەولێر/١
ژمارە/ ١٢٠٨/ب/٢٠١٩/١
رێکەوت: ٢٠١٩/٨/١٩
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (بەڕێوەبەری قوتابخانەی امریکی)
داواکار (طلعت یحیی سعید و صباح یحیی سعید) داوای ژمارە (١٢٠٨/ب/٢٠١٩/١) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنی نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (پارێزگای هەولێر/ گەڕەکی دریم ستی و وەزیران) لە ٢٠١٩/٦/١٥ بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بە پێراگەیاندنت بە ئامادەبوونی خودی خۆت یان بریکاری یاساییت لە دادبینی ڕۆژی ٢٠١٩/٩/٩ بە پێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت دەرهقەت بەپاشملە.
داوەری یەکەم / مجید سعید برادۆستی
***
دادگای باری کەسی هەولێر/٤
ژمارە:١٦٠٨/ش/٢٠١٩/٤
رێکەوت:٢٠١٩/٨/١٨
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (حارث مؤید عبدالکریم) شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (رشا عبدالحمید عبدالکریم) داوای ژمارە (١٦٠٨/ش/٢٠١٩/٤)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (نفقه) دەکات لە تۆ وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (گەڕەکی شهداء) بۆیە دادگا بریاری دا بەپێ ڕاگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لە ڕۆژی دادبینی ٢٠١٩/٩/٢٤ بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێ بەشێوەی ئاشکرا و پاشملە.
دادوەر/ صباح حسن رشید
***
مدیریة الجنسیة والاحوال المدنیة لمحافظة اربیل
الواقعات
عدد/ ١١٥٤٦
تاریخ/ ٢٠١٩/٨/١٨
اعلان
قدم المواطن (هەژار طه علی) دعوى فی هذه مدیریة لتبدیل الاسم ابنه من (ژیار) الی (عبدالله) فمن لدیه اعتراض مراجعه هذه المدیریة خلال ١٥ ایام من تاریخ نشره فی الجریدة و بعكسه فسوف تنظر هذه المدیریة فی المدعوى وفق احكام الماده ٢٢ من قانون البطاقة الوطنیة رقم ٣ لسنه ٢٠١٦.
اللواء الحقوقی
نشات ابراهیم شلال
مدیر الاحوال المدنیة والجوازات والاقامه/وكالة
***



INVITATION TO TENDER
United Nations Assistance Mission for Iraq (UNAMI)
UNAMI Headquarters – Baghdad, Iraq

١. نێردەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ عیراق (یونامی) بانگهێشتی هەموو کۆمپانیا ناوخۆیی وبیانییەکان و کەسەکان دەکات بۆ بەشداربوون لە تەندەری فرۆشتنی ئامێری زیادە (٤x٤ تۆیۆتای ، مودیل ٢٠٠٨، شیاوی کارکردنە).

هەموو کەلوپەلەکان بە شێوەی "چۆن ئاوا" دەفرۆشرێن. کرێاران بەرپرسن لە هەموو پاککردنەوەکان و تێچوونی پەیوەست بە فرۆشتن و لابردنی کەلوپەلەکان لە بارەگای یونامی لە هەولێر کە ئەویش پێویستە بە گوێرەی ڕێکار و یاساکانی دەوڵەتی عیراق ئەنجام بدرێت و لە ماوەی ٥ ڕۆژێشدا ئەو بێت لە ڕۆژی وەرگرتنیان لە یونامی کە ئەواوی تێچوونەکەش دەکەوێتە سەر بەشداربووی سەرکەوتوو.

٢- پێویستییەکان:

ا- ئامێرەکان بە یەك وەجبە دەفرۆشرێن و یونامیش مافی ئەوەی هەیە کە بە یەکەوە بیاندانە خاوەنی بەرزترین تەندەر.

ب- بەشداربووانی تەندەر پێویستە سەردانی بارەگای یونامی بکەن لە هەولێر بۆ بینینی ئامێرەکان پێش کڕین.

ج- خاوەن تەندەری دەرچوو پێویستە سپاردەیەك بە بڕی ١٠٪ ی تەندەرەکە بە شێوەی چەکیی بانکی باوەڕپێکراو یان گەرەنتی بانکی یانیش هەر شێوازێکی تر کە لەلایەن یونامییەوە پەسند بێت دابنێت.

٢- کرێاری ئارەزوومەند دەتوانن ئارەزووی کڕینەکەیان بۆ یونامی بنێرن ( PMS Erbil/SALE/219/02) لەڕێگەی پۆستی ئەلیکترۆنی unami-eoi@un.org.

دوا مۆڵەت بۆ پێشکەش کردنی داواکارییەکان (٢٠١٩/٩/١)

تێبینی: ئەم "دەربڕینی بەرژەوەندی"یە هەرگیز پێدانی تەندەرەکە ممۆگەر ناکات. ئەگەر یەکگرتووەکان مافی گۆڕین و لابردنی پێویستییەکانی هەیە هەر کاتێك بیەوێت لەکاتی "دەربڕینی بەرژەوەندی" یان لەکاتی پرۆسەی ممۆگەرکردنی پێدانی تەندەرەکەوە، پێشکەشکردنی وەڵام بۆ "دەربڕینی بەرژەوەندی" ئەوە ممۆگەر ناکات کە کۆمپانیاکەی تۆ بۆ وەرگرتنی ممۆگەرکردنی پێدانی تەندەرلەبەرچاو دەگیرێت بۆ ممۆگەر کردنی وەرگرتنی تەندەر لەکاتی دەرچوونی . تەنها ئەو کڕیارە لێزانینراوانەی کە وەڵام دەدەنەوە بە شێوازەکەی هەژمار دەکرێن دوای تەواوکردنی پرۆسەی هەڵسەنگاندنی داواکارییەکانیان دوا دێکۆمێنتی وەرگرتنی تەندەر وەردەگرن.

# ئایا ماکرۆن لە گێڕانی ڕۆڵی میانگیری لە نێوان ئەمەریکا و ئێران سەرکەوتوو دەبێت!



**ئا: خالید گەردی**

ئیمانویل ماکرۆنی سەرۆکی فەرەنسا لە میانەی پێشوازی کردنی لە محەمەد جەواد زەریفی وەزیری دەرەوەی ئێران لە کۆشکی ئیلیزیا لە پاریس، دیدوبۆچوونی خۆی لە بارەی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دۆسیەی ناوکیی و دانانی ئاستێک بۆ بارگرژییەکان بۆ ناوبراو خستە ڕوو. هۆشداریشی بە هەردوولا لایەنی ئەمەریکی و ئێرانی لەبەردەوام بوون لەسەر ئەو ستراژییەی گرتوویانەتە بەر، دا.

ئەگەرچی قسەکانی ماکرۆن، کە خۆی وەک میانگیرێ لەو دۆسیە ئالۆزە خستەڕوو شتێکی نوێی تیا نەبوو، بەڵام گرنگییەکەی لەوەدابوو قسەکانی لەسەر کرۆکی کێشەکە، واتا چارەنووسی ڕێککەوتنە ناوکییەکەی نێوان ئێران کۆمەڵەی شەش و هەروەها چۆنیەتی پاراستنی ڕێککەوتنامەکە بەخستنە ڕووی چەند پێشنیارێک کە لای ئەمەریکاو ئیران پەسند بێت، چڕ کردەوە.

بایەخی کۆبوونەوەی ماکرۆن لەگەڵ هاوتا ئەمریکییەکەی لە پەراوێزی لوتکەی کۆمەڵەی حەوت لەوەدایە، ماکرۆن زانیاری لەسەر وردەکاری بۆچوونەکانی لایەنی ئێرانی هەیەو دەزانێت بە چ شتێک ڕازین و چ شتێکیش ڕەتدەکەنەوە، بە نیازیشە لە کۆبوونەوەکەی داهاتوویدا بۆچوونەکەی بە سەرۆکی ئەمەریکای ڕابگەیەنێت، لە هەمان کاتیشدا ئەوەشی بۆ دەردەکەوێت کە ئایا دەتوانێت لە گێڕانی ڕۆڵی میانگیرییەکەی بەردەوام بێت یا نا، سەردڕای ئەوەی بەم دواییە پەیوەندییەکانی لەگەڵ سەرۆکی ئەمەریکا هەندێ ساردی تێکەوت.

پێشتر شینزوبی سەرۆک وەزیرانی ژاپۆن و ئەنجیلا میرکلی ڕاوێژکاری ئەلمانیا هەولیان دا ڕۆڵی میانگیری بگێڕن، بەڵام ئێستا تەنیا ماکرۆن لە گۆڕەپانەکە ماوەتەوە، ماکرۆن پێی وایە فەرەنسا لە ڕووی میژوویی و گرنگی پێگەکەیەوە هەمیشە وەک هێزی پارسەنگ بووە لە جیهان، سەردڕای هاوپەیمانێتییەکەی، هەرکە بواری بۆ ڕەخسابێت لەگەڵ هەموو لایەنەکان وتوێژ دەکات. بەمەش دەردەکەوێت ماکرۆن هەوڵ دەدات لەسەر ڕێچکەی ئەو هێڵە سیاسییە بڕوات کە کاتی خۆی ژەنەرال دیگول دایڕشتبوو، سەردڕای جیاوازی سەردەمەکانیان، لەو پێناوەشدا ماکرۆن لە میانەی دواییداری لەگەڵ فلادیمیر پوتینی سەرۆکی ڕوسیا هەوڵی دا لە کارەکەی پشتگیری ئەو وڵاتە بەدەست بێنێت.

سەرەتا ماکرۆن ئەو هاوکێشەیە دەخاتە ڕوو: لێرەدا دوو ستراتیژییەت لە ئارادایە، ستراتیژیەتی ئێرانی لەسەر بنەمای دەستبەردارنەبوون لە ڕێککەوتنی ناوکیی، دەست کردن بە پێتاندنی یۆرانیۆم تێپەڕاندنی ئەو ئاستەی کە بۆی دیاری کرابوو، کە ئەمەش چ بۆ ئێران و چ بۆ ناوچەکە زۆر مەترسیدارە، لە بەرامبەر ئەمەشدا ستراتیژییەتی ئەمەریکا کە بریتییە لە ئالۆزترکردن و سەپاندنی سزای زیاتر بەسەر ئێران، کە کەسێک ناتوانێت ئاستی ئاکامی مەترسیدارە ڕاستەوخۆ ناڕاستەوخۆکانی بەسەر ناوچەکە دیاری بکات.

ئەمەش لەبەرامبەر پابەندبوونێکی ڕوونی ئێران بە ڕێککەوتنەکەو هەروەها ڕازی بوونی بە ئەنجامدانی دانوستاندنی نوێ لە بارەی ڕۆکێتی بالیستی و نفوزی ئێران لە ناوچەکەدا.

ئەوەی لە قسەکانی ماکرۆن نادیارە ئەوەیە ئایا پاریس پێشنیاری نوێی لا گەلالە بووە یا نا، چونکە ئەو پێشنیارانەی باسی کردوون پێشنیاری کۆنن و پێشتر ماکرۆن دووجار ئیمانوێل بونی ڕاوێژکاری دیبلۆماسی خۆی بۆ ئەم مەبەستە ناردووتە ئێران و خۆشی پێشتر جگە لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکانی، پێشوازیشی لە دوو شاندی ئێرانی کردووە کە دواترینیان عەباس عێراقچی جێگری وەزیری دەرەوەی ئێران بوو کە نامەیەکی لە حەسەن ڕۆحانی سەرۆکی ئێرانی بۆ ماکرۆن هێنابوو. ماکرۆن داوا لە ئەمەریکا دەکات ئەو سزایانەی بەم دواییە بەسەر ئێرانی سەپاندووە سڕ بکات و ڕێگا بە ئێران بدرێت بڕێکی دیاریکراو لە نەوتەکەی بفرۆشێت.

ڕاپۆرتەکانی هەواڵ ئاماژە بەوە دەکەن فەرەنسا لە پێناو ڕێگری کردن لە دارمانی ئابووری ئێران داوای فرۆشتنی یەک ملیۆن بەرمیل نەوتی ئێرانی کردووە، هەرچی ئەمەریکاشە هەوڵی بە سفر کردنی ناردنی نەوتی ئێران دەدات.

لەو پێشنیارانەی فەرەنسا خستوویەتییە ڕوو، ناردنی ئەو بڕە دیاریکراوەی نەوت لە چوارچێوەی میکانیزمێکی دارایی بەڕێوەبچێت کە بە (ئینستکس) ناسراوە، هەرسێ وڵاتە ئەوروپییەکە هەوڵ بۆ بەکارخستنی دەکەن، بەڵام ئێران لە سستی بەڕێوەچوونی و هەروەها نەبوونی ئیرادەیەکی سیاسی بۆ ڕاوەستان لە دژی سزاکانی ئەمەریکا لە لایەن ئەوروپییەکانەوە نیگەرانە.

مایەی باسە پێشنیارەکانی فەرەنسا پابەندبوونی تەواوی ئێران بە برگەکانی ڕێککەوتنەکە و ڕازی بوونی بە ئەنجامدانی دانوستاندنی نوێ لە بارەی بەرنامە ڕۆکێتییەکانی و سیاسەتە هەرێمایەتییەکانی لە خۆ دەگرێت، بەڵام محەمەد زەریفی وەزیری دەرەوەی ئێران لە میانەی محازەرەیەکی لە پەیمانگای نەرویژی بۆ کاروباری نێودەوڵەتی گوتی، تاران لە پێناو ڕزگارکردنی ڕێککەوتنە ناوکییەکە ئامادەیە کار لەسەر پێشنیارەکانی فەرەنسا بکات. بەمەش ناڕوونییەک لە قسەکانی دەردەکەوێت، چونکە نەیگوت ئێران بە پێشنیارەکانی فەرەنسا ڕازییە، بەڵکو گوتی (ئامادەیە بۆ کارکردن لەسەری) ئەمەش بەو واتایە دێت ئێرانی خاڵی ئیجابی پەسندکراو خاڵی ناپەسند لە نێو پێشنیارەکەی فەرەنسا دەبینێت، کە پێویستی بە ڕوونکردنەوەی زیاتر هەیە، هەروەها ناوبراو هەردوو دۆسیەکەی دیکە (بەرنامەی ڕۆکێتی و سیاسەتی هەرێمایەتی ئێرانی) فەرامۆش کرد.

**سەرچاوە: ئەلشەرقولئەوسەت**

## وێنەوکۆمێنت



بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما لە وڵاتانی ئەورووپا

## ئەمڕۆ لە مێژوودا



**ساڵی 1814:**
دوای داگیرکردنی، سوپای بەریتانیا واشنتۆنی پایتەختی ئەمەریکای بە کۆشکی سپیەوە سوتاند .



**ساڵی 1944:**
پاریس لە نازیەکان پاک کرایەوە و کۆتایی بە جەنگی دووەمی جیهان هێنرا .



**ساڵی 1983:**
بارەگای سەرکردایەتی یەکە سەربازیەکانی فەرەنسا لە لوبنان تەقێنرایەوە و ژمارەیەک خەڵک گیانیان لەدەست دا .



**ساڵی 1991:**
بیلاروسیا سەربەخۆیی خۆی لە یەکێتی سۆڤیەت ڕاگەیاند .



**ساڵی 2017:**
لە ویلایەتی هاریانای هیند تووندوتیژیی سەری هەڵدا و لە ئەنجامدا 28کەس کوژران .



**ساڵی 2018:**
جۆن مەکینی ئەندامی ئەنجومەنی پیران و کاندیدی ساڵی 2008ی سەرۆکایەتی ئەمەریکا کۆچی دوایی کرد .

www.xebat.net
یەک شەممە 2019/8/25 ژمارە (5813)
خەبات

Eurasia Future

# چۆن دەوڵەتی شکستخواردوو بونیاد دەنرێ؟



**ئا: هەندرین شێرزاد**

لە کاتێکدا هەموو جیهان رووی کردبووە ئاراستەی ئەو ململانێیەی کە دوای ساڵی 2014لە ئۆکرانیا سەری هەڵدا، هەر ئەو وەختە ململانێ ناوخۆییەکانی ئەفغانستان لەگەڵ دراوسێکانی هەمان چوارچێوەی وەرگرتبوو، بەڵام جیاوازی سەرەکی نێوان هەردووک ولات لەوە دایە کە گرفتەکانی ئەفغانستان تەمەنیان زیاترە . لە راستیدا دەکرێ بڵێین ئەم دوو ئەزموونە بکەین بە نموونەیەک بۆ ئەوەی کە پێی دەڵێن دەوڵەتی شکستخواردوو .

### ژێرخۆڵکردنی راستیەکانی ئەفغانستان

حاڵی حازر، ئەفغانستان و ئۆکرانیا بریتین لە تێکەڵەیەک لە گرووپی رەگەزیی و کلتووریی و ئایینی دژ بەیەک لە زۆربەی حاڵەتەکاندا .ئەگەرچی ئەفغانستان زۆرینەیەکی پشتۆنی دەگرێتە خۆی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تاجیک و ئۆزبەک و هەزارە بەشی سەرەکی ئەو گرووپە رەگەزیانە پێکدێنن . لە دوای ئەوانیش کۆمەڵێک کەمەنەتەوەی بچووکتری وەک ئیماک و تورکمان و بلوش و هی تریش بوونیان هەیە .

### ئۆکرانیا

لە ئۆکرانیا هێشتا ئەو مەسەلەیە بە شێوازێکی ناببابەتیانە دەخرێتە ڕوو ( بە هۆی هەوڵنەدان بۆ دەستنیشانکردنی ناسنامەی رەگەزی - زمانەوانی )، لە کاتێکدا ئەگەر مەسەلەکە پەیوەست بێ بەوەی ئاخۆ ژمارەی بە ڕەچەڵەک ڕووسیەکان لە ژمارەی ئۆکرانیەکان زیاترە یان نا . کەواتە دەکرێ بڵێین کە ئۆکرانیا لە رووی جوگرافیەوە دابەش بۆتە سەر ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا . لەم وڵاتە زۆرینەی خەڵک خۆیان وا دەناسێنن کە بە ڕەچەڵەک ڕووسین یان بە زمانی ڕووسی قسە دەکەن . بەڵام زۆرینەی دانیشتوانی هەرێمەکانی ناوەڕاست و ڕۆژئاوا دەڵێن ئەوان لە رووی زمانەوانی و ڕەگەزیەوە ئۆکرانین . دەبێ ئەوەش لەیاد نەکەین کە لە ماوەی نێوان هەردووک ژمارەیەکی زۆر لە پۆڵندیەکان لە باکوور و ڕۆژئاوای ئەم وڵاتەدا دەژیان، بەڵام دواتر لەسەر دەستی نازیەکان و نەتەوە خوازە ئۆکرانیەکانەوە ڕووبەڕووی پاکتاوی ڕەگەزیی بوونەوە .

وێڕای ئەم ناکۆکیە ڕەگەزیی - زمانەوانیانە، هەریەکە لە ئەفغانستان و ئۆکرانیا هەوڵیان دا سیفەتی هاوڵاتیبوون بە ناسنامەیەکی مەدەنی ( ئەفغانی ) و ( ئۆکرانی ) هاوبەش ببەستنەوە، کە لە بنەڕەتدا بوونیان نەبووە، بەمەش هەردووک ولات هەوڵی ژێرخۆڵکردنی راستیەکانیان داوە .

### بەرتەسککردنەوەی پێناسەی ناسنامەی نیشتمانی ئۆکرانیا

بەر لە سەدەی بیست، (ئۆکرانی ) وەک ڕەگەزێک وشەیەکی زۆر ناسراو نەبوو، بەڵام دواتر ئەو هێزە ئیمپراتۆریەتی ڕووسیایان کردبوو، پێیان باش بوو ئەم وشەیە وەک ناسنامەیەکی ڕەگەزی بەرامبەر بە وشەیەکی دیکە ( ڕووسە بچووکەکان ) دابهێنن . سەبارەت بە ئەڵمانەکان لە سەدەی بیستدا، وەک چۆن ئێستا یەکێتی ئەورووپا لەژێر هەژموونی ئەوان دایە، وایان پێ باش بوو بە شێوازێکی گونجاوتر لە ڕووسەکانی ڕۆژهەڵات و پۆڵندیەکانی ڕۆژئاوا سەیری ئۆکرانیەکان بکرێ، مەبەستی سەرەکیش تووڕەکردنی ڕووسیا بوو لەلایەک، لەولاشەوە ڕێگرتن بوو لە هاندانی دووبارە بونیادنانەوەی بۆڵەندای مەزن .

### یاریکردن بە وشە

لە زمانە هەرێمیەکان، وشەی ئۆکرانیا مانای خاکی سنووری دەبەخشێ، وشەی ( ئەبغان ) یش کە ئێستا بۆتە ئەفغان، بۆ یەکەم جار لەنێو ساسانیەکان سەری هەڵدا و وەک هێمایەک بۆ پشتۆنەکان بەکار هێنرا، بەڵام لە سەردەمی هاوچەرخدا هەردووک وشەکە مانای بەرفراوانتر دەبەخشن،واتە مەسەلەکە لە بنەڕەتدا یاریکردنە بە وشە و هیچی تر.

### دوو وڵاتی جیا

هەریەکە لە ئەفغانستان و ئۆکرانیا بۆ ماوەیەکی کەم وەک دەوڵەتی سەربەخۆ مانەوە، بەڵام دواتر لەلایەن وڵاتانی دەوروبەرەوە داگیر کران، کەواتە ئەفغانستان و ئۆکرانیا هیچ کاتێک وەک ئەوە نەبوون کە ئێستا جیهان دەیانناسێ . لە راستیدا ئەم ڕووداوانە بوونە فاکتەرێک بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی نێگەتیڤانە پێناسەی نەتەوەی ئەفغانی بکرێ . بەو پێیەش کە زۆرینەی پشتۆنەکان لە ڕۆژهەڵاتی هێڵی دۆراند ( پاکستانی ئەمڕۆ ) دەژیان، کەواتە ئەفغانستان بریتی نەبووە لەو پشتۆنستانەی ئێستا زۆرێک لە نەتەوەخوازە ئەفغانەکان بانگەشەی بۆ دەکەن . ئەگەرچیش دەوڵەتی ئەفغانی تا ئەمڕۆش ژمارەیەکی زۆری خەڵکی بە ڕەچەڵەک فارس دەگرێتە خۆی، بەڵام هەرگیز بەشێک نەبووە لە ئێران، بە هەمان شێوە دەربارەی ئەو تورکانەش کە لەوێدا دەژین . لەولاشەوە ئۆکرانیا پێی وایە کە وڵاتێکی ڕووسی یان پۆڵەندی نیە، بەڵکو ئەم دوو کلتوورە دەگرێتە خۆی .

### ناوچەیەکی ناسەقامگیر

هەوڵە پاوانخوازیەکانی کابوڵ وایکرد ئەم وڵاتە ببێتە گۆڕەپانێک بۆ گرووپە چەکدارەکان کە لەلایەن هێندەوە پشتگیریان لێ دەکرێ و هەڕەشەن بۆ سەر یەکپارچەیی خاکی پاکستان. پێشتر سۆڤیەت لە ناوچەکەدا ڕۆڵی سەرەکی هەبوو، ئێستاش ئەمەریکا شوێنی سۆڤیەتی گرتۆتەوە . دەرکەوت ئۆکرانیاش وڵاتێک نیە بتوانێ بە پشتبەستن بە تواناکانی خۆی بەڕێوە ببات، بەڵکە لە ڕێگەی یارمەتی چەند هێزێکی دەرەکی وەک پۆڵەندا و ئەڵمانیا و ڕووسیا و ئەمەریکا و هاوپەیمانانی لە یەکێتی ئەورووپا بەڕێوە دەچێ.

### چەند وانەیەک

ئەگەر جیهان شتێک دەربارەی مێژووی هاوچەرخی ئەفغانستان و ئۆکرانیا فێربووبێ، کەواتە دەبێ دڵنیا بێ لەوەی کە وا باشترە ئەم دوو دەوڵەتە شکستخواردووە وەک خۆیان بەجێ بهێڵرێن، لە جیاتی ئەوەی پشتگیریان لێ بکرێ، چونکە ئەوان بەهۆی ناکۆکی تایەفەگەریەوە توانایان نیە بە یەک پارچەیی بمێننەوە و هەمیشەش لەگەڵ دراوسێکانیان لە ناکۆکیدان. بەو پێیەی ئۆکرانیا و ئەفغانستان جگە لە گرتنەبەری سیاسەتی دژایەتیکردن هیچی تریان لەدەست نایەت، تەنیا لەبەر ئاشکرا نەبوونی باری لەرزۆک و لاوازی ناوخۆیی هەردوو وڵات، بۆیە وا باشە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە پێناوی پشتگیریکردن لە دوو دەوڵەتی شکستخواردوو، باری سەقامگیری ژمارەیەک وڵاتی دیکە نەکاتە قوربانی .

## مانشێت



**سکای نیوز:**
لە ماوەی شەش مانگی ڕابردوودا 62کەسی ئەڵمان لە تورکیا دەستگیر کراون، لەو بارەشەوە حکومەتی ئەڵمانیا هۆشداری دایە خەڵک و حکومەتی تورکیاش .



**ڕۆژنامەی ئەلحەیات:**
سەرۆکی ڕووسیا ڕایگەیاند کە پێویستە وڵاتەکەی وەڵامی ئەمریکا بداتەوە و موشەکێک تاقی بکاتەوە .



**ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:**
چوارەم کاندیدی دیموکراتەکان بەناوی سیس مولتون لە پێشبڕکێی خۆکاندیدکردن بۆ پۆستی سەرۆکایەتی ئەمەریکا کشایەوە .



**ئەی ئێف پی:**
سەرۆکی بەرازیل ڕێگەی بە سوپا دا لەوەی بەشداربێ لە کۆژاندنەوەی ئاگرە گەورەکانی دارستانی ئەمازۆن.




**فرانس 24:**
خۆپیشاندەرانی هۆنگ کۆنگ بەنیازن ئاستی گوشار بۆ سەر حکومەتی وڵاتەکەیان زیاتر بکەن و خۆپیشاندانی زیاتر ئەنجام بدەن .



**کەنالی ئار تی:**
ڕێکخراوی یونیسێف ڕایگەیاند بەهۆی زیادبوونی هەڕەشە بۆ سەر قوتابخانەکان 1.9ملیۆن منداڵ لە وڵاتانی ئەفریقیا لە خوێندن دوور کەوتوونەتەوە .

## کاریکاتێر



# موسو ئەو هۆزەی ئافرەتان حوکمڕانیی دەکەن

## گەلی موسو لە ناوچەیەکی جوگرافیایی تەواو دابڕاون لە جیهانی دەرەکی





رۆڵەکانی هۆزی موسو بەتەنیشت کەنارەکانی دەریاچەی لوگۆوە لە نزیک سنووری هەردوو ویلایەتی یۆنان و زیچوان کۆماری چینی میللی ژیان دەکەن.هۆزی موسو پەیکەربەندییەکی کۆمەڵایەتیی هەیە کە تیایدا ئافرەتان کۆنترۆڵی سەرجەم بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری دەکەن، واتە کاروبارەکانیان هێشتا بەپێی سیستەمی دایکایەتی بەڕێوەدەچێت ئەوەی لە زانستی کۆمەڵناسی بە"ماتریاشی" دەناسرێت، واتە ئەو کۆمەڵگەیەی ئافرەت حوکمڕانیی دەکات.لەم سیستەمەدا بەپێچەوانەی سیستەمی نێرسالاری، چاوەڕوان دەکرێت ئافرەتان کچیان ببێت بۆ ئەوەی دایکان بەردەوام بن لە ڕەچەڵەکی هۆزەکە نەوە دوای نەوە، لەبەرامبەر ئەمەشدا پیاوان تا ئەوپەڕی پەراوێزخراون و هیچ بەرپرسیارێتییەکیان نییە، هیچ مافێکیشیان نییە لە مۆڵکایەتی و میرات و ڕەچەڵەکی هۆزەکەش لە ڕێگەی ئافرەتانەوە بەردەوام دەبێت نەوەک پیاوان.لە ڕێساکانی هۆزی موسو ئەوەیە هەموو خێزانێک لە مانێکی فراوان و گەورە دەژین و بەتەمەنترین ئافرەت سەرۆکی خێزانە، منداڵانی تازە لەدایکبووش نازناوی دایکیان وەردەگرن نەوەک باوکیان.ئەوەی جێ سەرنجە چەمکی هاوسەرگیری لەنێو ئەم کۆمەڵگەیە دانی پیادا نەنراوە، کاتێک پیاوێک دەکەوێتە خۆشەویستی ئافرەتێکەوە شەو سەردانی دەکات لە ماڵەکەی و لە جۆرێک لە جۆرەکانی هاوسەرگیری بەناوی"هاوسگیریی سیار" و لە بەرەبەیان ماڵەکەی بەجێ دەهێڵێت.بەپێی نەریتەکانیش ئەو ئافرەتە بۆی هەیە بەو پیاوە وەکو هاوسەر رازی ببێت و بۆشی هەیە لە ماڵەکەی دەربکات.سەرباری ئەوەی هێز لە دەستی ئافرەتانە لەم کۆمەڵگەیە، بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی ئافرەتان زۆر بێ بەرپرسیارێتی بن، بەڵکو هێشتا ئەوان کاری ماڵەوە، چێشت لێنان، پاککردنەوە، کارکردن لەنێو کێڵگە دەکەن، سەرباری شتی دیکەش.ئەوەشی جێی سەرسوڕمانە لە فەرهەنگی ئەم هۆزە وشە و چەمکانی باوک، مام، زاوا، خەزور نییە.لە لێدوانێکدا "موری سارلاشی" کە لە بنەماڵەی موسوە دەڵێت "لە ژیانمان هیچ کێشەیەکی ئەوتۆمان نییە وەکو گەلانی دیکە، وەکو ناکۆکی نێوان بوک و خەسوو، یان ناکۆکی لەسەر میرات، جگە لە جیابوونەوە و شتی دیکەش".

هەروەها ئەوەشی درکاندووە کە کۆمەڵگەکەیان کۆمەڵگەیەکی هێمن و بەرقەڕارە و بە هۆی پەیڕەوکردنی سیستەمی دایکایەتی تاڕادەیەکی زۆر تاوانەکانی لە چەشنی تۆندوتیژی و دزی وەدستدرێژیکردن کەمن.

پیاوێکی ئەو هۆزەش بەناوی "ئافا ئارتا" گوتی کە ئافرەتان هێزیان لەدەستدایە و ئەمەش ئازادیی زیاتری پێبەخشیون و ئەوەشی بەکێشە نەزانیوە هۆزەکەیان ئەو سیستەمە پەیڕەو دەکات.سەرباری ئەوەی موسو گەلێکی جیاوازە لە ڕووی کولتوور و بۆماوەیی، بەڵام حکوومەتی چین لەنێو ئەو 56 کۆمەڵە ڕەچەڵەکییە دانانێت کە بەرەسمی دانی پێداناون.هۆزی موسو نزیکەی 25هەزار کەس دەبن و بەشێکن لە گەلی "ناشی" کە ژمارەیان نزیک بە 400 هەزار کەس دەبێت، بەڵام گەلی ناشی بۆق بە پیرۆز دەزانن لەکاتێک موسوییەکان باوەڕیان بە بیروباوەڕەکانی بودای تیبێتی هەیە.



## ئەنجلینا جولی هەر پێنج منداڵەکانی لە میراتەکەی مەحرووم دەکات

ئەکتەری جیهانی بەناوبانگی ئەمریکی ئەنجلینا جولی، هەروەها بالیۆزی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاری مرۆیی، لە میانی نوسینەوەی وەسیەت نامەکەی خۆیدا، بریاریدا کە هەر پێنج منداڵەکانی لە میراتەکەی مەحرووم بکات. بەگوێرەی سەرچاوەکانیش هۆکاری ئەم بریارەی جولی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە منداڵەکان بیرۆکەی جیابوونەوەی دایکیان لە هونەرمەندی جیهانی براد بیت ڕەتکردۆتەوە، بەو هۆکارەشەوە جولی لێیان تورە بووەو لە میرات مەحرومی کردوون. هاوکات جولی بریاری داوە کە هەموو میراتەکەی بە کورە گەورەکەی مادۆکس ببەخشن، چونکە تەنها ئەو لەگەل بریارەکەی دایکی کۆک بووە.



## ئەمساڵ بەرهەمی فستقی عەنتاب کەم دەکات

پێدەچێ ئەمساڵ بەرهەمی فستق لە عەنتاب بەهۆی سوڕی بەرهەمەوە کە ساڵێک بەرهەمی زۆرە و ساڵی دواتر بەرهەمی کەمە یەک لەسەر سێی ساڵی رابردوو بێت. لە دۆخی ئاساییدا هەر دار فستقێک ٣٠ کیلۆگرام فستق بەرهەم دەهێنێ ،بەڵام بەهۆی تایبەتمەندی بۆماوەیی هەر دار فستقێکی عەنتاب ساڵێک دواتر ١٠ کیلۆگرام فستق بەرهەم دەهێنێ. بەرزبوونەوەی نرخی فستقیش بووەتە هۆی دڵخۆشی بەرهەمهێنەرانی فستق. سەرۆکی کۆمەڵەی پیشەوارانی فستقی عەنتاب، نەشئەت ئوچار ڕاگەیاند کە بەهۆی باران باریەنی زۆر لەم ساڵدا ١٥ ڕۆژ پێگەیشتنی بەرهەمی فستق دواکەوتووە. گوتی: "ساڵی رابردوو بە تێکڕایی نزیکەی ٢٢٠ هەزار تۆن فستقمان بەرهەمهێنابوو ئەمساڵ پێدەچێ ڕێژەکەی کەم ببێتەوە بۆ ٧٠ هەزار تۆن. نرخی فستقیش بە بەراورد بە ساڵی رابردوو لە سەدا ٢٥ بەرزبۆتەوە".

# مەدیحە کامل کێیە؟





## بووک و زاواکانی پارک و ژینگەپارێزی

**شاناز زیاد خەیلانی**

پارکی شە هید سامی یە کێکە لەپارکە هەرە گەورەکانی شاری هەولێر کە ڕۆژانە خەڵکی زۆر سەردانی دەکات بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش و ئەنجامدانی ئاهەنگی هاوسەرگیری کە بووک و زاوای زۆر دێتە پارک بۆ تۆمارکردنی یادگاریە کان , خۆشی ئارامی هێمنی پارک و دیمەنی سروشتی پارک وادەکات کە خە ڵکی زۆر ڕووی تێ بکات بە تایبەت لەم وەرزی گەرمایەدا، هاتنەژووەو وەی خە ڵک وگە شتیار بێ بەرامبەر دە توانین بڵێین یەکەی پێوانەی تۆمار کردوە لە ڕۆژانی پشوو دا, خەڵک پارک بە شوێنێکی گونجاو دەزانن کە ئاهەنگی بووک گواستنەوەی لێ بکەن,لەگەڵ ئەو خزمەتە بەرچاوە بەهەوڵاتیان دەکرێیت پێویستە هاووڵاتیان هاوکاربن و کەلوپەلی زیان بەخش یان ئەوشتانەی قەدەغەیە لەگەڵ خۆیان نەیهێنن وەک (یاری ئاگرین وچە ک و,چەقۆ و چە ڕەزات....) هە ندێک کار بەشێک لەهاوڵاتیان ئەنجامی دەدەن دژی ژینگەیەوەک: شکاندنی (لقی دارو درەخت شکاندنی مرەشەی باخچە کان دە ستکاری بۆردی کارەبا ,پابەندبوون بە ڕێنمایە کان پارک بە پاک و خاوێنی شوێنەکە دەستکاری کردنی دارو درە خت کاریگەری نە ڕێنی هە یە لە سە ر سروشتی پارکەکە، جوانی خۆی لە دەست دەدات لە ڕۆژانی پشوودا بووک و زاوا ڕۆژ دێن ڕێژەی نزیکەی دە گاتە (150) بووک و زاوا . دووبارە داوا لە گە شتیاران دە کەم پابەندنی پاک و خاوێنی پاک ڕاگرتنی پارک بن بۆ ئە وەی ژینگە یەکی تە ندروست و پاکی هە بێ .

# ئەو خۆراکانەی دەوڵەمەندن بە ماددەی ئاسن

**پەریها عومەر**

د. گۆفان محەمەد عەلی لەبارەی ئەو خۆراکانەی بە ئاسن دەوڵەمەندن دەڵێ: ئاسن یەکێکە لە کانزا گرنگەکان لەلەشدا، ئاسن یەکێکە لە پێکهێنەرەکانی هیمۆگلۆبینی خوێن، کە هیمۆگلۆبین لە خرۆکە سوورەکاندا هەیە و ئۆکسجین دەگوازێتەوە بۆ خانەکانی لەش، ئاسن یەکێکە لە پێکهێنەرەکانی هیمۆگلۆبین هیموگلۆبینیش بەشێکە لەخرۆکە سوورەکان، کاتێک ئاسن کەم بێت، ئەوا خرۆکە سوورەکان کەم دەبێت، وە ئۆکسجینی پێویست ناگوازرێتەوە بۆ خانەکانی لەش کەمی ماددەی ئاسن، باوترین هۆکارە بۆ ڕوودانی کەمخوێنی.د. گۆفان پسپۆڕی جوانکاری بە ڕۆژنامەی خەباتی ڕاگەیاند: لە ئافرەتاندا، بەهۆی خوێن لێ ڕۆشتن لە سووڕی مانگانەدا بەهۆی وەرنەگرتنی ڕێژەی پێویستی ماددەی ئاسن لە خۆراکەوە، بەتایبەتی لە منداڵ و ئافرەتی دووگیاندا بەهۆی بوونی خوێنبەربوونی ناوەکی، واتە لە ناوەوەی لەش، ئەمەش بەهۆی بڕین، یان نەخۆشی، وەک شێرپەنجە ..هتد، یان لەوانەیە ڕووبدات لەکاتی بەکارهێنانی ئەسپرین، خوێن بەربوونی ناوەوە یەکێکە لە باوترین هۆکارەکانی لەدەستدانی ئاسن و ڕوودانی کەمخوێنی بەهۆی ئەوەی لەش توانای مژینی ئاسنی نەبێت، ئەمەش بەهۆی هەندێ نەخۆشی، یان بەشێک لە ڕیخۆڵە باریکە و گەدە لابرابێت. تویژینەوەکان ئەوەیان سەلماندووە ئەو خۆراکانە کامانەن کە دەوڵەمەندن بە ماددەی ئاسن گۆشتی سوور سەوزەوات بەشێوەیەکی گشتی بەرهەمە دانەوێلەییەکان وەک نیسک.




## هەمزە سەرحان / خەبات

مەدیحە کامل، لە 3ی ئابی ساڵی 1948 لە شاری ئەسکەندەریە لە دایکبووە، لە ساڵی 1997لە تەمەنی 49ساڵیدا کۆچی دوایکردوە، لە ساڵی 1962لە شاری قاهیرە نیشتەجێ بوو، هەر لە زانکوی عین شمس دڕێژەی بە خوێندن داوە و کۆڵێجی ئادابی تەواو کردوە.دوای دەرچوونی لە زانکۆ، لەبواری فاشیۆن و نمایشکردنی جلوبەرگدا کاری کردوە، لە پاڵ ئەو کارەشدا کاری نواندنی کردوە و بەشداری لە چەند بەرهەمێکی سینەمایی کردووە، بەڵام ڕۆڵەکانی لاوەکی بوون و نەبوونە هۆکاری ناوبانگبوونی.یەکەم ڕۆڵی پاڵەوانێتی مەدیحە کامل لە سینەما، لە فلیمی 30 "ڕۆژ لە زیندان "بووە، کە بوو بە هۆکاری ناسینی بە شێوەیەکی فراوان لە لایەن جەماوەر و بەرهەمهێنەرانی سینەماوە.دوای ئەو فیلمە، بۆ ماوەی دوو ساڵ لە کاری هونەری دوورکەوتەوە ، دوای گەڕانەوەی چەند کارێکی دیکەشی پێشکەش کردوە و زیاتر ناسێنرا لەلایەن جەماوەرەوە.مەدیحە کامل، لەلایەن کەمال شیخ، دەرهێنەری بە ناوبانگی سینەمایی میسر، ڕۆڵی پاڵەوانێتی پێبەخشرا لە فیلمی "سەرکەوتن بەرەو هەڵدێر "بەرامبەر بە ئەکتەری سینەمایی بەناوبانگی ولاتی میسر مەحمود یاسین.مەدیحە کامل لە فیلمی"سەرکەوتن بەرەو هەڵدێر "ڕۆڵی ئافرەتێکی سیخوڕی بەرجەستەکرد کە تێیدا خیانەت لە ولاتەکەی دەکات و سیخوڕی بۆ ئیسرائیل دەکات، ئەو ڕۆڵەی مەدیحە کامل دەرگای بەئەستێرەبوونی بۆ کردەوە ، چەندین کاری هونەری دیکەی پێشکەش کرد شانبەشانی گەورە ئەکتەرەکانی سینەمای میسر.مدیحە کامل،ڕۆڵی پاڵەوانێتی لە فیلمی "شەقامە ئاگرینەکان "بینی لەگەڵ ئەکتەری بەناوبانگ نور شەریف، فیلمەکە باسی سەردەمی داگیرکردنی میسری دەکرد لە لایەن ئینگلیزەکانەوە.لە فیلمەکانی دیکەی مەدیحە کامل، فیلمی"زیرەکن، بەڵام ساویلکەشن "لەگەڵ هەرسێ ئەکتەری دیاری میسر عادل ئیمام، سەمیر غانم و ڕوژدی ئەبازە .نەهامەتییەکانی مەدیحە کامل لەگەڵ نەخۆشی لە ساڵی 1975دەستی پێکرد ،کاتێک توشی جەڵدەی دڵ بوو، بەڵام ئەو نەهامەتییە پێش مردنی بە ساڵێک چووە قوناغێکی نوێوە، ناچاری کرد بۆ ماوەی 10 مانگ لە نەخۆشخانە بکەوێت بەهۆی لاوازبوونی ماسولکەکانی دڵی و کۆبوونەوەی ئاو لە ناو سییەکانی .بە هۆی خراپبوونی باری تەندروستی مەدیحە کامل، لە چاوی کامێراکان دوورکەوتەوە، دابڕا لە ڕاگەیاندنەکان.دوایین دەرکەوتنی مەدیحە کامل پێش ئەوەی کۆچی دوایی بکات لە بەرنامەی "زۆر بە ڕاشکاوی "بوو لە ساڵی 1995.مەدیحە کامل لە 13ی کانوونی دووەمی، ساڵی 1997دوای نەخۆشیەکی نوێژی بەیانی لە ماڵەکەی خۆی لە قاهیرە کۆچی دوایی کرد.

## 29ی ئەم مانگە تیروپشکی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا رادەکێشرێت

# ئەگەرێکی زۆر هەیە تیروپشکەکە گرووپی مەرگی لێبکەوێتەوە

## بەرشلۆنە و تۆتینهام و ئینتەر لە گرووپێک و ریال و ئەتلەتیکۆ و لیڤەرپوولیش لە گرووپێکی دیکەوە



**ڕاپۆرت: هاوار موردکەیی**

29ی ئەم مانگە لە شاری مۆناکۆی فەرەنسی تیروپشکی کۆمەڵەکانی خولی یانەپاڵەوانەکانی ئەورووپا بۆ وەرزی 2019-2020 رادەکێشرێت.

لەو گەردش 32یانە بەشداری تێدا دەکەن و ئەمانیش بەچوار شێوە پۆلێن کراون کە دوای تیروپشکەکە بەسەر هەشت گرووپ دابەش دەکرێن، 26 یانە سەرکەوتوون بۆ ئەم قۆناغە و 8یانە ماوە کە چارەنوسیان لە پالاوتنەکانی سێشەمە و چوارشەمەی داهاتوو دیاری دەکرێن.

پۆلێنی یەکەم بریتییە لە یانەکانی لیڤەرپوول، پاڵەوانی وەرزی رابردوو، چێلسی پاڵەوانی خولی ئەورووپی لەگەڵ پاڵەوانانی شەش خولە گەورەکەی ئەورووپا.

پۆلینی دووەم پیک دیت لە 8 یانەکەی پۆلینی سەرەوەیان گرتووە ئەویش بەگوێرەی یەکیتی تۆپی پێی ئەورووپی، وەک ریال مەدرید، ئەتلەتیکۆ مەدرید، لەولاشەوە 6پلە یە پۆلینەکە یەکلایی کراوەتەوە، تەنها پلەی دواوە دەمینیتەوە بۆ براوەی نێوان ئەیاکس ئەمستردام و ئەپویلی قوبرسی، لەحالەتێک ئەگەر ئەیاکس دەرکرا ئەوا یانەی لیۆن ئەو شوێنە دەگرێت لە پۆلینی دووەم.

پۆلینی سێیەم و چوارەم ئەویش بەگوێرەی پۆلینی یەکلاکەرەوەی فیفا، ئەو یانانەی خاوەن پۆلینی خوارەوەن، بۆ نمونە ڤالانسای هەڵگری جامی شای ئیسپانیا لە پۆلینی سێیەم دەبێت، کەچی یانەکانی لۆکۆمۆتیڤی مۆسکۆی (پاڵەوانی رووسیا) و یانەی جینکی (پاڵەوانی بەلژیکی) لەگەڵ کۆتایی هاتنی پالاوتنەکان بۆ ناسینی ناسنامەکەی تر.

چاوەڕوان دەکرێت لەو تیروشکەی گرووپی مەرگی لێبکەوێتەوە ئەویش بەرکەوتنی یانەی بەرشلۆنە لەهەمان گرووپ لەگەڵ یانەکانی تۆتینهام و ئینتەر میلان و لایپزیگ، لەولاشەوە ئەگەری زۆرە هەردوو جەمسەرەکەی مەدرید، ریال و ئەتلەتیکۆ لە گەڵ لیڤەرپوول و بایرلیڤەرکوزن و ئەتلانتا بکەونە یەک گرووپەوە.



## ڕۆنالدۆ: هەسارەکەمان رزگارکەن

سەبارەت بە ئاگرکەوتنەوەکەی دارستانی ئەمازۆن، کریستیانۆ ڕۆنالدۆی ئەستێرەی یانەی یۆڤێنتۆس داوادەکات بەهانای ئەو ئاگرەوە بێن و وەک ئەرکێکی سەر شانی هەموان داوادەکات هەسارەکەمان بپارێزن.

ڕۆنالدۆ لە ئەکاونتی تایبەتی خۆی لە ئینستگرام نوسیویەتی: ئەوە سێ هەفتەیە دارستانی ئەمازۆن دەسوتێت، کە 20%ی ئۆکسجینی جیهان بەرهەم دەهێنێت، بۆیە ئەرکی سەرشانی هەمووانە ئەم هەسارەیە بپارێزین.

جێی باسە ئەو پۆستەی ڕۆنالدۆ لە ئینستاگرام کاردانەوەیەکی زۆری لێکەوتەوە، چونکە 180 ملیۆن کەس پۆستەکانی دەبینن و کۆمێنت و لایکی بۆ دەنوسن.

# نایینگۆلان: لەبەر مونشی لە ڕۆما ڕۆیشتم



**ڕەمزی میرەکانی**

رادگا نایینگۆلان، یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی بەڵژیکی، کە ئەم هاوینە لە یانەی ئینتەرمیلانەوە ڕووی کردە ریزەکانی کالیاری، ئامانجی بۆ ئەوە کرد، ڕامۆن مونشی بەڕێوەبەری وەرزشی پێشووی ڕۆما، هۆکاری ڕۆیشتنی بوو لە ریزەکانی جیالۆ ڕۆسیدا. ئەمەو نایینگۆلان، لە هاوینی پارەکە لە ڕۆماوە ڕووی کردە ئینتەرمیلان، بەر لەوەی لەو هاوینەدا ڕوو بکاتە ریزەکانی کالیاری. نایینگۆلان، لە مبارەیەوە دڵی خۆی بۆ تۆڕی سکای سپۆرتی ئیتاڵی کردەوە و وتی:"جیا بوونەوەم لە ڕۆما، بۆ من زەبرێکی زۆر کوشندە بوو، هەتا ئەگەر هەندێ گازاندەش هەبێت، بەڵام هەڵبژاردەی کەسێک بوو، کە ئەویش لە کۆتاییدا لە ڕۆما ڕۆیشت، بۆیە لەوانە بوو بتوانم بمێنمەوە". وتیشی:"ئەو هەڵبژاردانە پێویستی بەوەیە، لە کاتێکی دیاریکراو پێی هەڵسیت، کە دواتر دەبێتە داخێکی بێ کەڵک". ناوبراو لە کۆتایی لێدوانەکانیدا وتی:"من بە کاروانی وەرزشی خۆم تاکو ئێستا دڵخۆشم، هیوادارم ڕەزامەندی زیاتر بەدەست بێنم، چونکە ویستێکی زۆرم هەیە".



## گواردیۆلا: ئەگوێرۆ یەک لەو کەسانەیە کە خۆشم دەوێت

پیپ گواردیۆلای ڕاهێنەری مان سیتی دواجار بەرامبەر ئەو گفتوگۆیەی لەگەڵ ئەگوێرۆ کردی لە یارییەکەی بەرامبەر تۆتینهام هاتە دەنگ و ڕوونکردنەوەیەکی لەمبارەیەوە دا و ڕایگەیاند کە ئەمە بەشێکە لە تۆپی پێ.

گواردیۆلا ڕوونی دەکاتەوە و دەڵێت: ئەگوێرۆ پێی وابو من لێی تووڕەبووم بەهۆی ئەو گۆڵەی لێمان کرا، هەست و هەڵچوون بەشێکە لە تۆپی پێ، دواتر ئێمە بەیەکەوە گفتوگۆمان کرد، ئەگوێرۆ یەک لەو کەسانەیە کە خۆشم دەوێت.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی تاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Sun, 25. Aug. 2019 No: (5813)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر


# ئەم شانۆگەرییە شاکارێکی هونەریی بێهاوتایە!

## (دوژمنی گەل)و بەشدارانی دەیانەوێت گوڕێک بە هیوای تاکی خۆنەویست و ئیرادە پتەو بداتەوە، بۆ چاکسازیی و بەردەوام بوون لە حەقبێژیی و نەسڵەمینەوە

## هونەرمەند (ئەرسەلان دەرویش) شاکاری (دووژمنی گەل) لە هەولێر نمایش دەکات..





**دیدار: بەرهەم شێخ عزەدین**

دوای نمایشکردنی زنجیرە شانۆگەرییەکی سەرکەوتووی کوردی کە دواهەمینیان شانۆگەری(تاریکتر لە شەوەزەنگ) لە نووسینی (د.دڵشاد مستەفا) لە مانگی دیسەمبەری رابردوودا پێشکەشی کرد . دەرهێنەری کورد هونەرمەند (ئەرسەلان دەرویش) دەگەڕێتەوە بۆ دەرهێنانی تێکستە جیهانییەکان و شانۆگەری (دوژمنی گەل) یەکێک لە بەنەباوبانگترین دەقەکانی نووسەری نەرویژی مەزن (هینریک ئیبسن) لە شاری هەولێری پایتەخت نمایش دەکات .



**دەستەیەک لە شانۆکارە گەنجە ئەکادیمییەکان بەشداری تێدا دەکەن**

دەرهێنەری بەتوا ئەرسەلان دەرویش بەخەباتی گوت: لەم شانۆگەریەدا کە لەلایەن کەنالی (کوردستان24) سپۆنسەریی میدیایی دەکرێت، وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەر،بەڕێوەبەرایەتی شانۆی هەولێرەوە بەرهەمی دەهێنێت و (تیپی شانۆی سالار) ئەنجامی دەدات ، دەستەیەک لە شانۆکارە گەنجە ئەکادیمییەکان بەشداری تێدا دەکەن وکارە هونەرییەکانی ڕادەپەڕێنن ، ڕۆڵە سەرەکییەکان لەلایەن هونەرمەندان ( بەهمەن حاجی، مەولان حەمەدەمین، وەیلان سدیق، یوسف یوسفی، محەمەد تاهیر، یاسین عومەر، سیما مستەفا، زیاد کەریم) بەرجەستە دەکرێت ، هەروەها کۆمەڵێک ئەکتەری تربەشدارن لەوانە(زهرە نەجات، هۆزان کاروان، نەورۆز عەلی کەمال، بنیاد فەرحان، دیمەن تاهیر، هاوکار خدر، محەمەد حەمە، شەنیارمحەمەد ، عەلی کەمال، گەرمیان گلی ، باوان کەیفی ، یارا ئەرسەلان ، ڕەهێڵ هەورامان) هەروەها هونەرمەندان (دانا محەمەد وەک یاریدەدەری دەرهێنەر ، مەولان حەمە دەمین وەک بەڕێوەبەری شانۆ، سەرباز عەبدوڵڕەحمان وەک جێ بەجێکردنی سینۆگرافیا ) بەهاوکاری کۆمەڵێک بەهرەی تازە دەرکەوتوو کارە هونەرییەکانی (دیکۆر و ڕوناکی و موزیک و دەنگ ) ئەنجام دەدەن ، پەیمانگای هونەرەجوانەکانی هەولێر بەهۆڵەشانۆییەکەی پشتیوانی کارەکە دەکات و نووسەرو هونەرمەندی دووەم وڵات (هاوەدەم سالح جاف) لە نەرویژییەوە دەقەکەی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی شیرینی کوردی.

**(دوژمنی گەل ) هاواری تاکێکی بوێرو ویژدان زیندووە**

ئینجا سەبارەت بەم کارە شانۆییە دەرهێنەری ناسراو (ئەرسەلان دەرویش) زیاتر گوتی:ئەم شانۆگەرییە شاکارێکی هونەریی بێهاوتایە! بەتایبەتی لەم ساتە وەختە گرنگەدا کە ئومێد دەکرێت هەمووان بەخۆدا چوونەوەیەکی بنەڕەتی بە چۆنیەتی وەرگرتنی هەڵوێست و بڕیارو وپەیوەندی نێوان کارکردنی حکومەت هاوڵاتی بکەنەوە کەمتەرخەمیەکان و ناعەدالەتی و گەندەڵی رابگیرێت و چارەسەربکرێت.

(دوژمنی گەل ) هاواری تاکێکی بوێرو ویژدان زیندووە بۆ ڕاچەنینی کۆمەڵگەیەک کە درۆ و گومڕابوون و گەندەڵی هەراسانی کردووە و ئاسوودەیی ڕاستەقینەی لێ دامالیوە. لەم بەرهەمەدا ئێمەی ستافی کارەکە دەنگی خۆمان دەخەینە پاڵ دەنگی (هێنریک ئیبسن) : کە دەکرێت ڕاستی و حەقیقەت لەلای(تاک)ی هۆشیارو هەڵکەوتووبێت . نەک لەلای (زۆرینەی) گومڕاکراوو بەرژەوەندی خواز! ، بەڵێ دەکرێت ئەوانەی گەندەڵ و دەربارو خاوەنی ئیرادەو هەڵوێستی خۆیان نین ، بەردەوام لەهەوڵی لەکەدارکردن و ناوزڕاندنی کەسانێک بن کە بەپێچەوانەی ئەوانەوەن ، نەخاسمە بە سوتاندنی ڕەش و سپی بەیەکەوە بۆ شاردنەوەی شەرمەزاریی و تاوانەکانیان. وەلێ کارو بەرهەم و هەڵوێستی مرۆڤ دۆستانە و ژیان دۆستانەی (تاکە) جوامێرو حەقبێژەکان هەر دەمێنێتەوە و لەتوانایدایە دڕ بەو تاریکی جەهل و گومڕاییە بدات. لەم سۆنگەیەوە (دوژمنی گەل)و بەشدارانی دەیانەوێت گوڕێک بە هیوای تاکی خۆنەویست و ئیرادە پتەو بداتەوە، بۆ چاکسازیی و بەردەوام بوون لە حەقبێژیی و نەسڵەمینەوە لە ئەرسیڤی هونەرەجوانەکانی هەولێر سپاسی دەکەین بۆ ئەو هاوکارییەی کە پێمانی بەخشی بۆ ئەنجامدانی ئەم شانۆگەرییە.

**هەلومەرجەی ئێستادا کە کارکردن لە شانۆدا هەروا سەخت تر دەبێت**

لەدوماهیدا دەرهێنەر ئەرسەلان دەرویش گوتی: هیوادارین بەرهەمەکەمان جێگای سەرنج و لێ ڕامانی بینەران بێت وئامادەی نمایشکردنی بن لە ڕێکەوتی 9ی مانگی داهاتوودا. سوپاس و پێزانینم بۆ(بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆی هەولێر ) و یەکەیەکەی هونەرمەندانی ئازیزو خۆشەویستی بەشدار کە هەموو تەقەلاو کۆششێکیان خستووەتە گەڕ بۆ ئامادەکردنی ئەم بەرهەمە شانۆییە جیهانییە لەم هەلومەرجەی ئێستادا کە کارکردن لە شانۆدا هەروا سەخت تر دەبێت لەدەرئجامی نەبوونی هۆڵی شانۆیی وکەرەسە تەکنیکی و هونەرییە پێویستەکان و کەمی کارەبا و ... هتد، چونکە لەراستیدا کارکردن لەم بوارەدا پێداگریی و سوربوونە بۆ بەردەوامی و بەرەوپێدان بەم هونەرە و بەشداریکردنە لەو هەوڵ و کۆششە بەرفراوانەی هاوەڵانمان لەم پێناوەدا لەشارۆ دەقەرەکانی وڵات خۆنەویستانە خستوویانەتە گەڕ. شایانی باسە کەنالی کوردستان 24 بەسوپاسەوە سپۆنسەری میدیایی شانۆگەریەکەمانە..

---

دەهەمین فیستیڤاڵی شانۆیی شەقامی هاوشاری لاهریجان لە ئێران بەڕێوەچوو

# گرووپی شانۆ بۆ شانۆی شەقامی کۆیە، شانۆیی نامەکانی دەریای بردە لاهیجان



**بەرهەم شێخ عزەدین**

دکتۆر کەیفی ئەحمەد مامۆستای زانکۆ و ئەندامی گرووپی شانۆی ناو براو بەخەباتی گوت:بەبانگهێشتی فەرمی گرووپی شانۆ بۆشانۆی شەقامی کۆیە بەشانۆیی (نامەکانی دەریا ) بەشداری لە دەهەمین فیستیڤاڵی شانۆیی شەقامی هاوشاری لاهریجان لە ئێران کرد،شانۆیی (نامەکانی دەریا )بیرۆکە و دەرهێنانی: (هونەر تاهیر) و نواندنی: ( د-کیفی ئەحمەد و فەرەیدون حەمەدامین ) بە سپۆنسەری هیمداد سکتانی و سەنتەری چالاکی گەنجانی کۆیە بوو. گروپەکان بەشدار لەو فیستیڤاڵە بەسەر ( 4) بەش دابەش کرابوون ، (14) گروپ لە بەشی پێشبڕکی و (5) گروپ لە بەشی منداڵان و 7 گروپ لە بەشی میوان و (1) گروپ لە بەشی نێودەوڵەتی کە گروپی شانۆ بۆ شانۆی شەقام- کۆیە بوو، لە ماوەی ٣ ڕۆژی فیستیڤاڵ نزیکەی (100) نمایش کرا ، ڕۆژانە لە (7) شوێنی شاری لاهریجان لە یەک کاتدا نمایشەبوو، کە گرووپی شانۆی زۆربەی شارەکانی ئێران تێدا بەشدار بوون.لە کۆتایی فیستیڤاڵ خەڵاتی ڕێزلێنان و بەشداریکردن درا بە گروپەکەمان،جێی ئاماژەیە گرووپی شانۆ بۆشانۆی شەقامی کۆیە تا ئێستا بەشداری لە (19) فیستیفاڵی نێودەوڵەتی و ناوخۆی کردوە.

---

# بارزان مەحمودیان: هونەر هیچ پارەیەکی لێ بەدەست ناهێنرێ



**خەبات:سۆران سلێمان**

لە چاوپێکەوتنێکدا بۆ خەبات "هونەرمەند"بارزان مەحمودیان" دەڵێت؛ لە ساڵی (1990 ).

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە شاری بانە لە دایک بووم، هەر لە تەمەنی منداڵییەوە حەزم بە کاری هونەری و موزیک بووە کاتێک لە قوتابخانە بووم بەژداریم لە گرویی سروودەکان موزیکەکانی ناو قوتابخانە کردووە، بە تێپەڕبوونی کات ،یەکەم ڤیدیۆ کلیپی تایبەت بە خۆم لە ساڵی( 2008 )بە ناوی (برۆ)م بڵاوکردەوە، وە تا ئێستاش "5گۆرانی کاری ڤیدیۆ کلیپم بۆ ( 4 یان کردووە، وە دوێتێکیشم ئەنجام داوە لەگەڵ هونەرمەند "فەردین مەحمودی" لەساڵی( 2018 ) بەناوی "خوات لەگەڵ" وە هەر لە ساڵی (2018)کلیپێکی ترم بە ناوی (خوزگە) بڵاوکردەوە، ئێستاش سەرقاڵی دروستکردنی چەند بەرهەمێکم وەک ڤیدیۆ کلیپ، تا ئێستاش زۆر کۆنسێرتم ئەنجام داوە بە تایبەتی لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە بارە پشتیگیری مەعنەوی خۆی دەڵێت؛ بنەماڵەکەم و هاوڕێ نزیکەکانم هەواداڕەکانم زۆر پاڵپشتی منن، لە بارەی مادیش خۆم پشتگیری خۆم دەکەم ، من ئێستا ڕاهێنەری وەرزشی هولێکی لەشجوانیم، بێچگە لە گۆرانی گوتن تێکست و ئاوازم بۆ زۆرێک لە هونەرمەندان نووسیوە ئێستاش بەردەوامم، زۆربەی کارە هونەرییەکانم خۆم بەڕێوەی دەبەم چونکە ستۆدێزەکی تایبەت بە خۆم هەیە لە وێ کارە هونەرییە کانم بەردەوامی پێداوە، هەروەها بە گشتی هونەر وەک گۆرانی و کاری میوزیک داهاتێکی لێوە بە دەست ناهێنرێ، چوونکە کاری هونەری هیچ داهاتێکی ئەوتۆی نییە بۆ من، لە پرسیارێکدا کە ئایا سەرسامی بەدەنگی چ هونەرمەندێک؟لە وڵامدا دەڵێت: لەتەمەنی منداڵیەوە زۆر حەزم بە دەنگی هونەرمەندی گەورە"مەزهەری خالقی" کردووە تا ئێستاش گوێی لێ دەگرم، چوونکە لە گەڵ دەنگی ئەو گەورەبوم. هەر لەمیانی قسەکانیشدا وتی: زۆر حەزم لە ژەنینی ئامێری "پیانۆیە" چونکە خۆشم ئەیژەنم، دەمەوێت گۆرانییەک بە زمانی ئنگلیزی بڵاو بکەم ،ئەوەش وردەکاری زۆری دەوێ ،بەڵام هێشتا بریارم نە داوە کەی بڵاو بێتەوە چونکە من کارەکانم بە شێوەی پرۆفیشنالّ و کوالێتی باش ئەنجام ئەدەم ، هەروەها گۆرانی فارسیشم هەیە، بەڵام کاری ڤیدیۆ کلیپم بۆ ئەنجام نە داوە، ڕێزو خۆشەویستم هەیە بۆ هەواداڕەکانم سوپاسێکی بێ پایەنم بۆ یان هەیە، هەتا ئەوان هەبن و پشتگیری ئەوانم هەبێت ئەتوانم کاری جوانتر پێشکەشیان بکەم.

---





# ئەسیۆپیا.. ژیانی ڕۆژانەی ژنان

ژنان لە ئەسیۆپیا ڕۆلێکی پایەدار لەنێو کۆمەڵگای خۆیاندا دەگێڕن.

لە بازاڕی گوندەوارەکانی ئەدیس ئاببا ژنان لە ڕێگەی کارە جیاوازەکانەوە بژێویی خێزانەکانیان دابین دەکەن.